# دەستوور

رۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە، هەفتانە کۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات

٣٥
چوارشەممە
٢٠١٠/٦/٩
(٢٠) لاپەڕە
نرخ (١٠٠٠) دینارە
www.destur.net




15

## «گۆڕان بەڕێکەوت بوو بەڕێکخراوی سیاسیو ئۆپۆزیسیۆن»

### سەردانەکەی بارزانی، «رەسمی» نییەو سەردانێکی «ئابووریانەیە»

# لەوکاتەی داوا لەبارزانی کراوە کۆتایی بەپەکەکە بهێنێت، سەرۆکی دەزگای میت ئامادەبووە

**تایبەت بە دەستوور**

رۆژنامەکانی تورکیا چەند نهێنییەکی شاراوەی سەردانەکەی بارزانی بۆ تورکیا ئاشکرادەکەنو دەڵێن بارزانی ئەو بارزانییە نییە، کەپێشتر سەردانی تورکیای کردووەو «بەتەواوەتی گۆڕاوە»، هەندێک دەڵێن سەردانەکەی لەبنەڕەتدا نەخشە رێگایەکە بۆ لاوازکردنی پەکەکە، لەپێناو بەهێزکردنی کاری بازرگانی خۆیدا.

میدیای تورکی گرنگی زۆری بەوەدا کەبارزانی خۆی بەرۆژنامەی حەیاتی راگەیاندووە «وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان» بانگهێشتکراوە، بەڵام رۆژنامەکە نووسیویەتی لەبنەڕەتدا لەلایەن «ئەحمەد داودئۆغڵو»ی وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتەوە داوای لێکرابوو سەردانی تورکیا بکات.

ناگەهان ئاڵچی نووسەرێکی رۆژنامەی ئاکشامی تورکی وتارێکی لەژێر ناوی «بۆچی بارزانی هات بۆ ئێرە»ی نووسیوەو پێیوایە تاکە هۆکارو سەرەکیترینیان «ئابووری»یە.

ئاڵچی دەنووسێت «بەپێی ئەو سەرچاوانەی کەجێگەی متمانەمنو لەهەرێمدان، ماوەیەکە بەرپرسانی کوردو تورک کۆبوونەوەی ئێجگار گرنگ لەبارەی وزەوە دەکەن، ئەوەی کەئێستا زیاتر جێگەی بایەخە گازی سروشتییە. لەناوچەی کوردەکاندا ٧٠ ملیار مەتر سێجا گازی سروشتی هەیە. ئامانجەکە ئەوەیە لەڕێی بەکارهێنانی ئەو وزەیەوە هەرێم بخرێتە نێو (نابۆکۆ)وە».

لەدرێژەی وتارەکەیدا نووسەر ئاماژە بەوەدەدات کەماوەیەکی دیکە دوو دەروازەی سنووری تر لەنێوان تورکیاو هەرێمدا دەکرێنەوەو ئەوەش زیانی زۆر گەورەی بۆ پارتی کرێکارانی کوردستان دەبێت.

نووسەر ئاماژەی بەوەشداوە کەئەو ناوچانەی دەروازەکانی تێدا دەکرێتەوە هەریەک لەناوچەکانی ئاڤاشینو زاپە، کەپەکەکە لەو شوێنانە ٤ بۆ ٥ کەمپی هەیەو دەڵێت کاتێکیش ئەوێ دەبێتە رێگەی بازرگانی، ئەو پارتە زیانی گەورەی بەردەکەوێ.

بەبڕوای ئەو نووسەرە زانیاریی کۆبوونەوەکان هیچ کات ئاشکراناکرێنو تەنها سەرەداوی کورت دەدرێتە راگەیاندنەکان، «بەڵام لەبنەڕەتدا نەخشە رێگایەک هەیە بۆ لاوازکردنی پەکەکە».

هاوکات دەریا سازاک لەڕۆژنامەی میللییەت سەبارەت بەسەردانەکەی بارزانی لەوتارێکدا دەنووسێت ئەو سەردانە بۆیە پڕ بایەخە، چونکە «ئەردۆگان لەکۆبوونەوەکەیدا لەگەڵ بارزانی کەسەرۆکی دەزگای (میت)ی هەواڵگری تورکیاش ئامادەیبووە، داوای لێکردووە کەکۆتایی بەبوونی پەکەکە لەعێراقدا بهێندرێت».

وردەکاری زیاتر لە لاپەڕە (٥)دایە..



مەسعود بارزانی

# ئەندامانی کۆنگرە لەسەر چۆنییەتی هەڵبژاردنی ئەندامانی سەرکردایەتی ناکۆکن

**پ. دەستوور**

چەند بۆچوونێکی جیاواز، کێشەی لەنێو باڵەکانی نێو کۆنگرەی یەکێتیدا دروستکردووە لەبارەی چۆنییەتی هەڵبژاردنی ئەندامانی سەرکردایەتییەوە، بۆچوونێکی دەستەجەمعی بۆ هێشتنەوەی ژمارەیەک ئەندام مەکتەبی سیاسی لەئارادایەو بۆچوونێکیش بەتوندی دژی ئەوە دەوەستنەوە.

دەستوور زانیاری ئەوەی لەنێو کۆنگرەوە دەستکەوتووە، کە لەسەرکردایەتی حیزبەکەوە هەوڵدراوە بۆ دروستنەبوونی کێشە لەنێو کۆنگرەدا، جۆرێک لەڕێککەوتن بکەن بەوەی لیستێک بۆ سەرکردایەتی دروستبکرێت، بەڵام ئەو بۆچوونە قبوڵنەکراوەو رەتکراوەتە.

سەرچاوەیەکی نێو کۆنگرە بەرۆژنامەی دەستووری وت «ئەو بیرۆکەیە لەلایەن بەشێک لەئەندامانی کۆنگرەوە خراوەتەڕوو کەلیستێک دروستبکرێت بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی سەرکردایەتی، بەڵام ئەوە رەتکراوەتەوەو قبوڵ نەکراوە».

ئارێز عەبدوڵڵا ئەندامی کۆنگرە لەلێدوانێکیدا ئەوەی رەتکردەوەو وتی «ئەگەر وابێت ئێمە بەهیچ شێوەیەک قبوڵی ناکەین، شتی وا لەئارادانییە، بەڵام رەنگە دەنگدەران لەژێرەوە رێککەوتبێتن لەسەر ئەوەی دەنگ بەچەند کەسێکی نزیکی خۆیان بدەن».

ئارێز وتی «تائێستاش تەواوی ئەندامانی کۆنگرە لەگەڵ ئەوەدان کەدەنگدانەکە هەر بەنهێنی ئەنجامبدرێت».

لەلایەکی ترەوە ئەندامێکی بەشداربووی کۆنگرەی یەکێتی بەدەستووری راگەیاند کەئەگەری زۆر بەهێز هەیە، ئەوانەی ئێستا لەسەرکردایەتیدان، هەمووی دەرنەچێتەوە، بەشێکیشان خۆیان کاندید ناکەنەوە، بەشێک لەو سەرکردایەتیانەی ئێستای یەکێتیش دەرناچنەوە کەئەوەش دەرفەت بۆ کەسانی نوێ دەرەخسێنێت.

وردەکاری زیاتر لە لاپەڕە (٣)دایە..


ریکلام



# رای جیاواز لەسەر چۆنییەتی هەڵبژاردنی ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتی هەیە

## بۆچوونێکی دەستەجەمعی بۆ هێشتنەوەی ژمارەیەك ئەندام مەکتەبی سیاسی لەئارادایەو بۆچوونێکیش بەتوندی دژی ئەوەیە

**گۆران زانیار**

کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان هەنگاو بەرەو رۆژەکانی کۆتایی دەنێت، بەڵام چەند بۆچوونێکی جیاواز کێشەی لەنێو باڵەکانی نێو کۆنگرە دروستکردووە، بۆچوونێکی دەستجەمعی بۆ هێشتنەوەی ژمارەیەک ئەندام مەکتەبی سیاسی لەئارادایەو بۆچوونێکیش بەتوندی دژی ئەوە دەوەستنەوە.

چەند بۆچوونێکی جیاواز لەنێو کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا هەیە بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی سەرکردایەتی ئەو حیزبە، ئەگەری زۆریش هەیە سبەی دوارۆژی کۆنگرەبێت.

بەپێی زانیارییەکانی دەستوور، بۆ گەورەنەبوونی کێشەکان رایەک هەیە لیستێک لەکۆنگرەدا بۆ ئەندامانی سەرکردایەتی بەپێی رێککەوتنی ئەندامان پێکبهێنرێت، دواتر بەزۆرینەی دەنگ پەسەندبکرێت، بەڵام ئەو رایە لەلایەن زۆرێک لەئەندامانی کۆنگرەوە رەتکراوەتەوە، بۆچوونێکی تریش هەیە هەندێک لەئەندامانی مەکتەبی سیاسی بهێڵدرێنەوە بەبێ گەڕانەوە بۆ هەڵبژاردن. بۆچوونی دژی ئەوەش لەئارادایە.

سەرچاوەیەکی نێو کۆنگرە بەرۆژنامەی دەستووری وت «ئەو بیرۆکەیە لەلایەن بەشێک لەئەندامانی کۆنگرەوە خراوەتەروو کەلیستێک دروستبکرێت بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی سەرکردایەتی، بەڵام ئەوە رەتکراوەتەوەو قبوڵ نەکراوە».

ئارێز عەبدوڵا ئەندامی کۆنگرە لەلێدوانێکیدا ئەوەی رەتکردەوە، وتی«ئەگەر وابێت ئێمە بەهیچ شێوەیەک قبوڵی ناکەین، شتی وا لەئارادانییە، بەڵام رەنگە دەنگدەران لەژێرەوە رێککەوتبێتن لەسەر ئەوەی دەنگ بەچەند کەسێکی نزیکی خۆیان بدەن».

ئارێز وتی «تائێستاش تەواوی ئەندامانی کۆنگرە لەگەڵ ئەوەدان کەدەنگدانەکە هەر بەنهێنی ئەنجامبدرێت».

لەلایەکی ترەوە ئەندامێکی بەشداربووی کۆنگرەی یەکێتی بەدەستووری راگەیاند کەئیرادەی کۆنگرە تائێستا بەو شێوەیەیە بەشێک لەئەندامانی سەرکردایەتیو مەکتەب سیاسی پێشووی یەکێتی بگۆڕێتو بەشێکیشیان وەک زەرورەتی مێژووی بهێڵرێنەوە.

ئەو ئەندامە وتی «بۆچوونێکی دەستەجەمعی هەیە لەنێو ئەندامانی کۆنگرەدا کەهەندێک لەسەرکردەکانی یەکێتی وەکو رەمزێکی مێژووی بمێننەوە، بەهەمان شێوەش بۆچوونێکی تری دەستەجەمعی هەیە لەسەر هێنانە پێشەوەی گەنجو ژن، بەڵام ئەو گەنجو ژنانە کەسانی نەوعیەت بن».

ئەو ئەندامەی کۆنگرە ئاماژەی بەوەشدا کەئەگەری زۆر بەهێز هەیە ئەوانەی ئێستا لەسەرکردایەتیدان هەمووی دەرنەچێتەوە، بەشێکیشان خۆیان کاندیدناکەنەوە، بەشێک لەو سەرکردایەتیانەی ئێستای یەکێتیش دەرناچنەوە، کەئەوەش دەرفەت بۆ کەسانی نوێ دەرەخسێنێت.

ئەو سەرچاوەیە ئاماژەی بەوەشکرد کەئەو کەسانەی خۆیان هەڵنابژێرنەوە بەشێکیان لەدەستەی دامەزرێنەرانی یەکێتیو پێکهێنەرانی حکومەتی هەرێمن.

لەلایەکی ترەوە ئێوارەی دوێنێ سێشەممە، یوسف زۆرزانی وتەبێژی کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لەسلێمانی، وتی«لەکۆی راپۆرتی ١٧ کۆمیتە، راپۆرتی ١٦ کۆمیتە پەسەندکراون کە بریتین لەراپۆرتی سکرتێری گشتی، پرۆگرام، رێکخستنی دەرەوە، مەکتەبە ناوەندییەکان، راپۆرتی حکومەت، هۆشیاریو بیری سیاسی، راگەیاندن، کۆمسیۆنی ستراتیجی، پێشمەرگە، کەمئەندام، شەهیدانو ئەنفالکراوان، سکاڵاو پێشنیاز، دارایی، ناوچە دابڕاوەکان، هەڵبژاردن».

ئاماژەی بەوەشدا کەرۆژی چوارشەممە کەدەکاتە ئەمڕۆ، تاوتوێکردنو پەسەندکردنی راپۆرتی کۆمیتەی پەیڕەوی ناوخۆ ئەنجامدەدرێتو دواتر دەستدەکرێت بەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی ناوەندو سەرکردایەتی.

لەبارەی ئەوەی کۆمەڵێک ئەندامی یەکێتی بەتەسکییە چوونەتە ناو کۆنگرەوە وتەبێژی کۆنگرە وتی«رێژەی ئەو کەسانە دەکات رێژەی ١٥٪ی بەشدارانی کۆنگرە دەکات، کەناگاتە ١٠٠ کەس، تەسکییە رێژەیەکی دیاریکراوەو سنووری هەیە، ئەوەشی لەخۆیەوە هاتبێت، ئەوا لیژنەیەک هەیە، ئەو لیژنەیە رێگەی پێداوە، ئەوە ناوی تەسکییە نییە».

زۆرزانی پێشی ئاسایی بوو کەکۆنگرەی یەکێتی چەند رۆژێک بخایەنێت، وتی«چەند ساڵێکە یەکێتی کۆنگرەی نەبەستووە، بۆیە چەند رۆژێک دەخایەنێت، گرنگ ئەوەیە ئامانجەکانی کۆنگرە بێنەدی».

دەربارەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی ناوەندو سەرکردایەتی، وتەبێژی کۆنگرە ئاشکرایکرد پەیڕەوی ناوخۆ کەئەمڕۆ تاوتوێدەکرێتو دواتر پەسەنددەکرێت، چۆنیەتیی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی ناوەندو سەرکردایەتیی دیاریدەکات، بەگشتی ئەندامانی کۆنگرە بۆیان هەیە دەنگ بدەن، بەڵام چاودێرەکان ناتوانن بەشداریی دەنگدان بکەن. ناوبراو وتی «تا ئێستا ٢٠ تا ٣٠ کەس لەوانەی خۆیان کاندید کردبوو بۆ ئەنجومەنی ناوەندو سەرکردایەتی، کشاونەتەوە، کەیەکێکیان قوباد تاڵەبانی کوڕی مام جەلالە».

ئارێز عەبدولا وتی«رۆژی پێنجشەممە دوارۆژی کۆنگرەی یەکێتی دەبێتو کۆتایی دێت».



رۆژی پێنجشەممە کۆنگرە کۆتایی بەکارەکانی دێت.
فۆتۆگراف: pukmedia

# لێپرسراوی مەڵبەندی ئاکرێی یەکێتی، ئەندامی کۆنگرەی حیزبەکەی نییە

**دەستوور**

دکتۆر سەردار لێپرسراوی مەڵبەندی ئاکرێی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بۆ کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی دەنگی پێویستی بەدەستنەهێناوەو بەو هۆیەوە بەشداری کۆنگرەی یەکێتی پێنەکرا.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەمەڵبەندی ئاکرێی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لەلێدوانێکیدا بەدەستووری وت «دکتۆر سەردار لێپرسراوی مەڵبەندی ئاکرێی یەکێتی، لەهەڵبژاردنی کۆنفرانسەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا لەو قەزایە دەنگی پێویستی بۆ ئەندامێتی لەکۆنگرە نەهێناوە، بۆیە بەو هۆیەوە نەیتوانی بەشداری لەکۆنگرەی یەکێتیدا بکات». سەرچاوەکە وتی «ململانێیەکی بەهێز لەنێوان ئەندامانی کۆنفرانسی یەکێتیدا هەبوو بۆ ئەندامێتی کۆنگرە، بۆیە دکتۆر سەردار بەهۆی ئەوەی دەنگی پێویستی نەهێنا نەیتوانی بەشداری بکات، لەکاتێکدا ئەندام مەڵبەند هەبوو لەو زیاتر دەنگی بەدەستهێنابوو».

دکتۆر سەردار بەدەستووری وت «من ئەندامی کۆنگرەی یەکێتی نیمو هیچ لێدوانێک نادەم».

د. سەردار پێشتر ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی زەحمەتکێشان بوو، لەساڵی ٢٠٠٥ لەو حیزبە جیابووەوەو لەگەڵ هاوەڵەکانیدا رەوتی نیشتمانیان پێکهێناو دواتر چووە ناو یەکێتییەوە.

# بەڕێوەبەری پۆلیسی عەرەفە هەڕەشەی کوشتن لەو گەنجانە دەکات کەدەخۆنەوە

**پ. کەرکوک**

بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی عەرەفەی شاری کەرکوکو مەفرەزەیەکی پۆلیس لەسەر رێگای کەرکوک - هەولێر، سەرنشینانی زیاتر لە ٥٠ ئۆتۆمبێلی ئەو گەنجانە کۆدەکەنەوە کەبۆ خواردنەوەو پشوودان چوونەتە دەرەوەی شاری کەرکوک، هەڕەشەی کوشتنیشیان لێدەکات ئەگەر جارێکی تر بخۆنەوە.

شەممەی رابردوو، زیاتر لە ١٠٠ گەنج کەهەرچەند گەنجێکو بەجیا بۆ خواردنەوە دەچنە دەرەوەی کەرکوک، لەسەر رێگای کەرکوک - هەولێر، لەلایەن بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی عەرەفەوە کە بەڕەگەز مەسیحییە، لەگەڵ مەفرەزەیەکی پۆلیسدا رێگری لەو گەنجانە دەکەنو هەڕەشەی کوشتنیان لێدەکەن، ئەگەر جارێکی تر لەدەرەوەی کەرکوک بخۆنەوە. هەروەها سوکایەتی بەژمارەیەک لەو گەنجانە دەکات کەناسنامەی پێشمەرگایەتییان نیشانداون. گەنجەکانیش لەدژی سوکایەتیپێکردنیان پەنا بۆ مەڵبەندو لق دەبەن.

فەرمان عەلی تەمەن ٣١ساڵ، یەکێک لەو گەنجانەی کەبۆ پشوودانو بەسەربردنو خواردنەوە لەگەڵ برایەکو چەند هاوڕێیەکیدا سەردانی دەرەوەی شاری کەرکوکی کردبوو، لەلێدوانێکیدا بەدەستووری وت «کاتێک ئێمەو دەیان گەنجی تر لەدەرەوەی شاری کەرکوک لەسەر رێگای کەرکوک - هەولێر دەمانخواردەوە، مەفرەزەیەکی پۆلیسی عەرەفەو بەڕێوەبەری بنکەکە هاتنە سەرمانو سوکایەتییان پێکردینو هەڕەشەی کوشتنیان لێکردین».

فەرمان وتی «ئەو گەنجانەی لەوێ دەیانخواردەوە نزیکەی ٥٠ بۆ ٦٠ ئۆتۆمبێل دەبوون، بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی عەرەفە نەیدەهێشت بخۆینەوەو سوکایەتی پێکردین، لەکاتێکدا بۆ خۆیان ئاساییە لەهەر شوێنێک بخۆنەوەو رابوێرن». ئاماژەی بەوەشدا بەشێک لەو گەنجانەی دەیانخواردەوە، لەکاتی هاتنی ئەو مەفرەزەیەدا ناسنامەی پێشمەرگایەتییان پێنیشانداون، بەڵام وتی «بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی عەرەفە سوکایەتی بەناوی پێشمەرگە کردووە». ئاماژەی بەوەشدا کەدوای ئەوەی رێگری لێکردوون، پێیوتوون «دەتانکوژم»، ئەگەر جارێکی تر بخۆنەوە.

فەرمان وتی «ئێمەش مەڵبەندو لقو دەزگاکانی ترمان لەوە ئاگادارکردووەتەوەو ئەوانیش نیگەرانی ئەو جۆرە مامەڵەیەی پۆلیس بوونو بڕیارە لێکۆڵینەوە لەو رووداوە بکەن».

لیوا جەمال تاهیر بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکوک بەدەستووری راگەیاند «شوێنی خواردنەوەی ئەو کەسانەی خواردوویانەتەوە، سەر شۆستەی شەقامەکان بووەو ماڵەکانی ئەو دەورووبەرە هانایان بۆ هێناوینو چەندینجاریش پارێزگاری کەرکوک ئاگاداری کردوومەتەوە نەهێڵم کەس لەوشوێنانەدا بخواتەوە».

لەبارەی سوکایەتیکردن بەو کەسانەی کەناسنامەی پێشمەرگەیان دەرکردووە وتی «پێشمەرگە کەسێکی پیرۆزەو کەس ناتوانێ سوکایەتی پێبکات، هەر پێشمەرگەیەک بڵێت سوکایەتیم پێکراوە با بێتە لامان ئەگەر بەگوێرەی یاسا توندترین سزای ئەو پۆلیسەم نەدا، ئەوکات قسە بکات».

پێشمەرگە کەسێکی پیرۆزەو کەس ناتوانێت سووکایەتی پێبکات.





ئێران قەیرانە ناوخۆییەکانی بۆ دەرەوەی سنوورەکان دەگوازێتەوە ..04

# ASK: لەکوردستان مامەڵەیەکی دوژمنکارانە بەرامبەر ئۆپۆزیسیۆن دەکرێت

## کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ کورد: گۆڕان ئۆپۆزیسیۆنێکی یاخیی‌و یەکگرتوو باوەڕی بەمیانڕەوی سیاسیی هەیەو کۆمەڵیش هەڵوێستێکی ئاشکرایان نییە

شۆڕش خالید

نوێترین راپۆرتی کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ کورد (ASK)، بەدواداچوون بۆ بارودۆخو ئەدای ئۆپۆزیسیۆن لەکوردستان دەکات، لەگەڵ رەخنەگرتن لەئەدای ئۆپۆزیسیۆنی کوردی، ئاماژە بەوەدەکات کە لەکوردستان مامەڵەیەکی دوژمنکارانە بەرامبەر بەئۆپۆزیسیۆن دەکرێت.

لەدواین راپۆرتی خۆیدا کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ کورد کەزیاتر لە ١٧٠٠ وشەیە، ئاماژە بەوەدەکات کەپرۆسەی سیاسی لەدوای هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ٢٥ ی تەممووزی ٢٠٠٩ەوە خوێندنەوەیەکی جیاواز هەڵدەگرێ.

### «هەوڵی دەستەمۆکردنی ئۆپۆزیسیۆن دەدرێت»

لەخاڵێکی راپۆرتەکەدا کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ کورد (ASK)، هاتووە کەئۆپۆزیسیۆنبوون لەژیانی سیاسی هەرێمی کوردستان دەرکەوتێکی نوێیە، بۆیە لەروانگەی دەسەڵاتەوە وەک «جەستەیەکی نامۆ» سەیردەکرێت. هاتووە «تاڕادەیەک بەدیدێکی دوژمنکارانەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت لەرێی هەوڵی بچووککردنەوەی‌و دەستەمۆکردنی بەمیکانزمی جیاواز، هەڵبەت بۆ لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن دیسانەوە خۆشیان هاوڕان کەئۆپۆزیسیۆنبوون دەرکەوتێکی نامۆیە».

ئاماژە بەوەشدەکات کە ئۆپۆزیسیۆن لەچۆنییەتی هەڵسان بەرۆڵی خۆی بەرامبەر بەدەسەڵاتو کۆمەڵگا، بەرەو رووی زۆر ئاستەنگو گرفت بووەتەوە.

راپۆرتەکە ئاماژە بەوەدەدات کەکارکردن لەچوارچێوەی بازنەی سیاسی هەرێمی کوردستاندا، بۆ ئۆپۆزیسۆن هاوکاتە لەگەڵ کەم ئەزموونی‌و باوەڕبەخۆنەبوونو بەدگومانی بەرامبەر بەدەسەڵات لەلایەکو چۆنییەتی مانەوەو پارێزگاریکردن لەپێگەی سیاسی‌و جەماوەری خۆی لەلایەکی ترەوە. هاتووە «ئەمەش جار لەدوای جار ئەرکی سەرشانی ئەم ئۆپۆزیسیۆنە قورستر دەکاتو هەندێک جاریش چاوەڕوانی زۆری جەماوەرەکەی دەیخاتە بەردەم ململانێ‌و ئەرکی گەورەتر لەتواناکانی خۆی».

کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ کورد (ASK) لەراپۆرتەکەدا پشتی بەقسەکردنو بینینی هەرسێ فراکسیۆنە ئۆپۆزیسیۆنەکەو هەروەها فراکسیۆنی دەسەڵاتیش بەستووە، ئاماژە بەوە دەدات کە لەڕوانگەی ئۆپۆزیسیۆنەوە دەسەڵات لەکوردستاندا بە «یەک ئەقڵییەت» مامەڵەی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆندا کردووە، «یەکەمجار دژایەتیکردنو پاشان خۆلێکنزکردنەوەو موغازەلە. ئاشکرایە کەهەردوو رێگاکە لەپێناوی بچووککردنەوەو سنوردانانە بۆ هەڵسوڕانی ئۆپۆزیسیۆن».

### (ASK): لەروانگەی دەسەڵاتەوە، ئۆپۆزیسیۆن بڕیاری پێشوەختیان بۆ هەندێک مەسەلە داوە





*گۆڕان خۆیان بەکامڵ نابینن
*یەکگرتوو خۆی بەئۆپۆزیسیۆنی رەسەن پێناسە دەکات
*کۆمەڵ دەیەوێت بەباش بڵێت باشو بەخراپ بڵێت خراپ

لەراپۆرتەکەدا ئاماژە بەوەکراوە کە لەروانگەی لیستی «دەسەڵات»ەوە، ئۆپۆزیسیۆن دیاردەیەکی قبوڵکراوە، بەڵام لەچوارچێوەی کۆمەڵێک پێناسەو بەهای دیاریکراودا کەدەبێتە پێشمەرجێک بۆ هەڵسوڕانی ئۆپۆزیسیۆن لەکایەی سیاسی هەرێمدا. هاتووە «لەڕوانگەی ئەوانەوە، پێویستە ئۆپۆزیسیۆن رۆڵێکی ئیجابی بگێڕێتو بە بەرنامە ئیش بکات».

راپۆرتەکە ئاماژە بەوەشدەدات کە ئێستا لەکوردستاندا دەسەڵات پێیوایە کەئۆپۆزیسیۆنی کوردی هەڵقوڵاوی واقیعی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان نییە، هاتووە «دەسەڵات پێیوایە لای ئۆپۆزیسیۆن گرنگ نییە هەر شێوازو میکانیزمێک بگرێتەبەر لەپێناو بەگژداچوونەوەی دەسەڵاتو خرۆشاندنی رای گشتی. بۆیە ئۆپۆزیسیۆن لەهەندێک پرسو مەسەلەی دیاریکراودا، بڕیاری پێشوەختیان داوە بۆ دژایەتیکردنو رەتکردنەوە».

### شێوازی دانیشتنەکانی پەرلەمان پشتگوێخستنی ئۆپۆزیسیۆنی پێوە دیارە

کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ کورد ئاماژە بەوە دەدات فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزیسیۆن لەناو پەرلەماندا باس لەچەندین رێگری‌و بەربەستدەکەن، کەناهێڵێت وەکو پێویست کارەکانی خۆیان ئەنجامبدەن، لەوانە «تێنەگەیشتنی دەسەڵات لەئەرکو بایەخی ئۆپۆزیسیۆنو رێگەنەدان بەگفتوگۆو بەشداری پەرلەمانتارەکان لەکاتی تاوتوێکردنی پڕۆژە یاساکاندا بەمیکانیزمی جیاواز، ئەو نووسراوانەی کە لەلایەن لیژنەکانەوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان بەرزدەکرێتەوە، رۆتینی ناو پەرلەمان دەیکوژێتو کاتێکی زۆر دەخایەنێتو هەندێک جار پشووی بەسەرادێتو لەبیردەچێتەوە».

لەخاڵێکی تری رێگرییەکانی دەسەڵات لەئۆپۆزیسۆنیش دەڵێت «شێوازی دانیشتنی ناو پەرلەمان بەجۆرێکە کەپەراوێزخستنو پەرتوبڵاوکردنەوەو پشتگوێخستنی ئۆپۆزیسیۆنی پێوە دیارە».

### نەبوونی ستراتیجییەتی کار، پێگەی فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزیسیۆن بەرەو پوکانەوە دەبات

کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ کورد ئاماژە بەوەشدەکات کەئۆپۆزیسیۆن لەهەرێمی کوردستاندا دیاردەیەکی پێویستەو لەهەمانکاتدا نوێیە، بۆیە هێشتا جێی خۆی نەکردووەتەوە لەژیانی سیاسی‌و پەرلەمانیدا. هاوکات کەم ئەزموونی ئەوانو زەمینەی سیاسی هەرێم پێویستی بەتەکانێکی ترە بۆ جێکردنەوەی هەموو هێزە سیاسیەکان بەهەموو جیاوازیەکانیانەوە.

لەراپۆرتەکەدا هاتووە «فراکسیۆنی گۆڕان لەم قۆناغەدا زیاتر خۆی وەک ئامانجو ئۆپۆزیسیۆنبوون وەک بەهایەک دەبینێت، واتە هێشتا خۆیان بەکامڵو خاوەنی ئەزموونی بەڕێوەبردن نابینن، بەڵام ئەگەر ئەم بۆچوونە لەداهاتوودا نەگۆڕێ، ئەوا بێ بەرنامەیی‌و نەبوونی ستراتیجییەتی کار، پێگەی فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزیسیۆن بەرەو پوکانەوە دەبات».

کۆمەڵەی ئەمەریکی بۆ کورد لەکۆتایی راپۆرتەکەدا نووسیویەتی «گۆڕان ئۆپۆزیسیۆنێکی یاخییەو گوتاری بەرامبەر دەسەڵات توندە، یەکگرتوو باوەڕی بەمیانڕەوی سیاسی هەیەو خۆی وەکو ئۆپۆزیسیۆنی رەسەن دەناسێنێت، کۆمەڵیش هەڵوێستێکی ئاشکرایان نییەو دەیەوێت بەباش بڵێت باشو بەخراپ بڵێت خراپ».

### راپۆرتەکە: لەڕوانگەی خەڵکەوە ئۆپۆزیسیۆن لاوازترە لەوەی پێشبینی دەکرا

راپۆرتەکە ئاماژە بەوە دەدات کە لەهەرێمی کوردستاندا ئەوانەی دەنگیان بۆ لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکان داوە، چاوەڕوانی زیاتریان لەو ئۆپۆزیسیۆنە هەیە. بۆیە لەڕوانگەی خەڵکی کوردستانەوە ئۆپۆزیسیۆن لەئێستادا لاوازترە لەوەی کەپێشبینی دەکرا، هاتووە «ئۆپۆزیسیۆنیش باسلەوەدەکات کەبەم قەبارەیەی ئێستایەوە ناتوانێت لەئاستی هەموو چاوەڕوانییەکانی جەماوەرەکەی خۆی بێت».

(ASK) دەڵێت هەریەکە لەیەکگرتووی ئیسلامی‌و کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان باوەڕیانوایە کەئەمجارە وەک ئۆپۆزیسیۆن بەئیرادەیەکی سیاسی‌و جەماوەرییەوە بەشداری سیاسیان کردووەو چالاکترن لەچاو خولی پێشوو کەبەشداربوون لەحکومەتدا.

کۆمەڵەی ئەمەریکی بۆ کورد ASK، رێکخراوێکی ئەمەریکی کوردییە، ساڵی ١٩٩٩ دەستی بەچالاکییەکانی خۆی کردووە لەهەرێمی کوردستاندا، ساڵانە چەندین راپۆرت بۆ چاودێری پەرلەمانو حکومەتو دامودەزگاکان بڵاودەکاتەوە.

# بەهۆی دەستێوەردانی حیزبییەوە، یەکێتی زانایانی ئایینی بۆنی هەڵوەشانەوەی لێدێت

گۆران خۆشناو لەهەولێر

دوای ئەوەی بەفەرمانی محەمەدی مەلا قادر، سەرۆکو جێگری یەکێتی زانایان ٢٠ رۆژ لەمەوبەر دانران، داوا لەئەندامان کرا دەنگیان بۆ بدەنو کەسی تریش بۆی نەبوو خۆی هەڵبژێرێت، یەکێتی زانایان کێشەی تێکەوتوو، بەو هۆیەوە ٨٠ رۆژە دەستەی ئیداری کۆنەبووەتەوە، ئەندامێکی ئەو دەستەیەش سەرۆکو جێگرەکەی بەشەرعی نازانێت.

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی ئەو رێکخراوە، بڕیاربوو ٨٠ رۆژ لەمەوبەر دەستەی ئیداری یەکێتییەکە کۆببێتەوە، بەڵام ٨٠ رۆژە کۆبوونەوەکە دوادەخرێت، بەهۆی ئەو ململانێیانەوە.

رێکخراوەکە بەدەستتێوەردانی هەریەکە لەتاڵەبانی‌و بارزانی یەکەم کۆنگرەی خۆی بەست، سەرەتا جۆرێک لەرێککەوتن لەنێوان یەکێتی‌و پارتیدا هەبوو، بەوەی فیفتی بەفیفتی ئەندامەکان لەنێو خۆیاندا دابەشبکەن، بەڵام پارتی لەکاتی کۆنگرەدا پابەندی ئەو رێککەوتنە نەبوو، لیستێکی ئامادەکردو لەئەنجامدا ١٧ کەسیان کە بەلایەنگرانی ئەوان ئەژماردەکران لەکۆنگرەکەدا دەرچوون، بەڵام تەنها ٤ کەسیان تاڕادەیەکیش بەسەربەخۆ دەناسران بەلایەنگرانی یەکێتی ئەژمارکران، بۆیە لایەنگرانی یەکێتی ئەو کۆنگرەیەیان رەتکردەوە.

شێخ موحسین شێخ خالید موفتی ئەندامی دەستەی ئیداری یەکێتی زانایان بەدەستووری وت «لەکۆنگرەدا بەهۆی ئەوەی هەندێک لایەن ئەندامی وەک پێویستییان دەرنەچوو، بۆیە کارەکانی دوای کۆنگرە پەکی کەوتو نەتوانرا یەکەم کۆبوونەوەی دەستەی ئیداری گرێبدرێت.

دوای چەندین دانیشتنو گفتوگۆی جۆراوجۆر لەنێوان مەکتەبی سیاسی پارتی‌و یەکێتی بۆ زاڵبوون بەسەر قەیرانەکەدا، لایەنگرانی یەکێتی بەردەوامبوون بۆ دووبارە ئەنجامدانەوەی هەڵبژاردنی دەستەی ئیداری یەکێتی زانایان. رێکخراوەکە ٣١ ئەندامی دەستەی ئیداری هەیە لەگەڵ ١١ ئەندامی دەستەی تەنفیزی، ئێستاش دوای ئەوەی سەرۆکو جێگرەکەی بەرێککەوتنی نێوان یەکێتی‌و پارتی دانران، ناڕەزاییەکی توند لەلایەن ٣١ ئەندامەکەی تر دروستبووەو رێکخراوەکە کارەکانی خۆیان هەڵپەساردووە.

دوای پەرەسەندنی کێشەکان، لیژنەیەک بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە پێکهێنرا، خودی سەرۆکی هەرێم سەرپەرشتی لیژنەکەی دەکرد، بەڵام دواتر بەبڕیاری لیژنەکە هەمان ئەو ئەندامانە دانرانەوە کە لەکۆنگرەدا بەهۆی دەستتێوەردانی حیزبییەوە دەرچوون.

مامۆستا عەبدوڵڵا مەلاسەعید سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی بەدەستووری وت «دوو ئالیەت هەیە لەدانانی مەکتەبی تەنفیزی، دەنگدانی نهێنی‌و ئاشکرا، ئەوەش لەپەیڕەو و پڕۆگرامی یەکێتی زانایان نەهاتووە».

هەروەها وتی «بەڕەزامەندی ٢٤ ئەندام لەکۆی ٣١ کەس کەیەکێکیان ئامادەنەبوو لەدانیشتنەکەدا، پێیان پەسەندبوو بەدەنگدانی ئاشکرابێت ١١ کەس دەستنیشانکراونو ٢٤ کەس دەستیان بەرزکردەوەو کۆنووسەکەشیان ئیمزا کرد».

سەرۆکی یەکێتی زانیان ئەوەشی راگەیاند کەبوار بەهەموو ئەندامان دراوە کەخۆیان بپاڵێون بۆ مەکتەبی تەنفیزی.

دوابەدوای چەندین دانیشتنی نێوان هەردوولا، رێککەوتن لەسەر ئەوەی لیستێک دروستبکرێت کەسەرۆکەکەی لەلایەنگری پارتی‌و جێگرەکەی لایەنگری یەکێتی‌و مەکتەبی تەنفیزی ٤ بۆ یەکێتی‌و ٧ بۆ پارتی بێت، ئەمەش پێچەوانەی پەیڕەو و پڕۆگرامی ناوخۆی یەکێتی زانایانی ئاینییە.

شێخ موحسین شێخ خالید ئەندامی دەستەی ئیداری یەکێتی زانایان وتی «ئێمە گرفتمان لەگەڵ کەس نییەو ئەو بەڕێزانەی کەداشیان ناون بەهەڵبژاردن بوایە رەنگە دەرچوونایەتەوە، بەڵام ئەو کارەی کەکرا پێچەوانەی ئەو قسانەی سەرۆک بارزانییە کەدەڵێت دەبێت ئێوە ئێمە نەسیحەت بکەنو نابێت ئێوە حیزبایەتی بکەن، لەکاتێکدا حیزبیش بێت خەڵک دیاری بکاتو حیساب بۆ دەستەی ئیداری نەکات».

هەروەها وتی «ناڕەزاییەتییەکەمان لەسەر هەڵنەبژاردنە کەبەتەعین دیاری کراون، بۆیە دەبێت ئازادی دەستەبەربکرێت». هەروەها وتی «ئەو لایەنانەی کەبەشداربوون لەدانانەکە پێشتر چەندین دانیشتنیان لەگەڵ زانایانی دەڤەری سلێمانی‌و هەولێر کردووە بەجیاو داوایانکردبوو کەچەند کەس دەیانەوێت خۆیان بپاڵێون، لەیەکێک لەکۆبوونەوە تایبەتییەکاندا محەمەدی مەلا قادری داوایکرد چەند کەس خۆی هەڵدەبژێرێت لەکۆی ٢١ کەسی بەشداربوو لەدانیشتنەکەدا، ١٣ کەسیان وتیان خۆمان هەڵدەبژێرین».

بەپێی وتەی یەکێک لەئەندامانی دەستەی تەنفیزی محەمەدی مەلا قادر ناوی سەرۆکو جێگرەکەی ئامادەکردووەو خوێندویەتییەوەو وتویەتی دەنگی پێبدەن.

مامۆستا عومەر حەسەن کەیەکێکە لەوکەسانەی ناڕەزایی لەکاتی دانانی ئەو ١١ کەسەو سەرۆکو جێگرەکەشی دەربڕیوە، وتی «ئەو کەسانە دیاریکراون بەسەرۆکو جێگر، مانای ئەوەیە ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی شەرعی نینو هیچ شەرعیەتێکیان نییە».



ڕۆژنامە تورکییەکان نهێنیی سەردانەکەی بارزانی ئاشکرادەکەن.
فۆتۆگراف: daylife

# ئامانج لێی پەکەکەو مەسەلە ئابوورییە نهێنییەکان بووە

## ڕۆژنامە تورکییەکان دەڵێن سەردانەکە لەبنەڕەتدا نەخشە ڕێگایەکە بۆ لاوازکردنی پەکەکەو بەقوربانیکردنی بۆ کاری بازرگانی

**محەمەد عەلی**

ڕۆژنامەکانی تورکیا لەراڤەکردنی سەردانەکەی بارزانی بۆ تورکیا دەڵێن بارزانی ئەو بارزانییە نییە، کەپێشتر سەردانی تورکیا کردووەو «بەتەواوەتی گۆڕاوە»، هەندێک دەڵێن سەردانەکەی لەبنەڕەتدا نەخشە ڕێگایەکە بۆ لاوازکردنی پەکەکە، لەپێناو بەهێزکردنی کاری بازرگانیدا.

هەفتەی رابردوو مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەدوای شەش ساڵ لەدوایین سەردانی، لەگەڵ وەفدێکدا کەزۆرینەیان بەرپرسی حیزبەکەی خۆی بوون، سەردانی وڵاتی تورکیای کردو لەگەڵ بەرپرسە باڵاکانی ئەو وڵاتەدا کۆبووەوە. ئەگەرچی میدیای تورکی گرنگی زۆری بەوەدا کەبارزانی خۆی بەرۆژنامەی حەیاتی راگەیاندبوو «وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان» بانگهێشتکراوە، بەڵام رۆژنامەکە نووسیویەتی لەبنەڕەتدا لەلایەن «ئەحمەد داودئۆغلۆ»ی وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتەوە داوای لێکرابوو سەردانی تورکیا بکات.

ڕۆژنامەکانی تورکیا بەچەند جۆرێکی جیاجیاو بەچڕوپڕی باسیان لەهۆکارو ئامانجو ئەو دەرەنجامانە کرد کە لەو سەردانە دەکەونەوە، هەروەک چەندین شیکردنەوەی لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لەڕۆژنامەنووسانو نووسەرانی تورکیاوە بۆ کراوە.

ناگەهان ئاڵچی نووسەرێکی ڕۆژنامەی ئاکشامی تورکی وتارێکی لەژێر ناوی «بۆچی بارزانی هات بۆ ئێرە؟» نووسیوەو پێیوایە تاکە هۆکارو سەرەکیترینیان «ئابووری»یە.

ئاڵچی دەنووسێت «بەپێی ئەو سەرچاوانەی کەجێگەی متمانەنو لەهەرێمدان، ماوەیەکە بەرپرسانی کوردو تورک کۆبوونەوەی ئێجگار گرنگ لەبارەی وزەوە دەکەن، مەبەستیشم لەوزە تەنها پێترۆڵ ناگرێتەوە. ئەگەرچی لەبواری پێترۆڵیشدا باس لەهاوکاریکردنی توندوتۆڵی هەردوولا دەکرێت، بەڵام ئەوەی کەئێستا زیاد جێگەی بایەخە گازی سروشتییە. لەناوچەی کوردەکاندا (٧٠) ملیار مەتر سێجا گازی سروشتی هەیە. ئامانجەکە لەرێی بەکارهێنانی ئەو وزەیەوە هەرێم بخرێتە نێو (نابۆکۆ)وە».

لەدرێژەی وتارەکەیدا نووسەر ئاماژە بەوەدەکات کەماوەیەکی دیکە دوو دەروازەی سنووری دیکە لەنێوان تورکیاو هەرێمدا دەکرێنەوەو ئەوەش زیانی زۆر گەورەی بۆ پارتی کرێکارانی کوردستان دەبێت. نووسەر ئاماژەی بەوەداوە کەئەو ناوچانەی دەروازەکانی تێدا دەکرێتەوە هەریەک لەناوچەکانی ئاڤاشینو زاپە، کە پەکەکە لەو شوێنانە ٤ بۆ ٥ کەمپی هەیەو دەڵێت کاتێکیش ئەوێ دەبێتە ڕێگەی بازرگانی، ئەو پارتە زیانی گەورەی بەردەکەوێ. کاتێک بازرگانی یاسایی‌و ڕێگەپێدراو لەو دەروازانەوە بکرێت، پەکەکە چی تر ناتوانێ لەڕێی قاچاغەوە داهاتی هەبێتو ئەوەش لەدوولاوە بەزیانی کۆتایی دێت، چ ئەوەی دەبێتە هۆی هەژاربوونیو چ ئەوەش کەناتوانێ بەئاسانی جموجۆڵ بکات لەو ناوچانەدا.

ناگەهان یاڵچی دەنووسێ «لەوکارە هەردوولا قازانج دەکەن چ بارزانی‌و چ حکومەتی تورکیا، ئەوەی کەزیانی پێدەگات پەکەکەیە».

بەبڕوای ئەو نووسەرە زانیاری کۆبوونەوەکان هیچ کات ئاشکرا ناکرێنو تەنها سەرەداوی کورت دەدرێتە ڕاگەیاندنەکان، «بەڵام لەبنەڕەتدا نەخشە ڕێگایەک هەیە بۆ لاوازکردنی پەکەکە، کەپێویستە بەغداد ڕەزامەندی لەسەر نیشانبدات تاوەکو بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە».

ئەو نووسەرە تورکە پێشیوایە بوونی پەیوەندیو هاریکاریی «لەگەڵ بارزانی»دا، بەسوودی تورکیایەو وتی «حکومەتی تورکیاش باش ئەو ڕاستییە دەزانێت».

هاوکات دەریا سازاک لەڕۆژنامەی میللییەت سەبارەت بەسەردانەکەی مەسعود بارزانی لەوتارێکدا لەژێر ناوی «پەیامەکەی بارزانی» دەنووسێت سەردانەکەی بارزانی کەهاوکات بوو لەگەڵ هێرشەکانی سوپای ئیسرائیل بۆ سەر کەشتییەکانی ئازادیو هێرشەکانی پەکەکە لەناوچەی ئیسکەندەرون بۆ بەرپەرچدانەوەی گومانەکان سەردانێکی گرنگ بوو.

لەدرێژەی نووسینەکەی سازاکدا هاتووە «ئەو سەردانە بۆیە پڕ بایەخە، چونکە ئەردۆگان لەکۆبوونەوەکەیدا لەگەڵ بارزانی کەسەرۆکی دەزگای (میت)ی هەواڵگری تورکیاش ئامادەیبووە، داوای لێکردووە کەکۆتایی بەبوونی پەکەکە لەعێراقدا بهێنرێت، بارزانیش لەوەڵامدا پێی ڕاگەیاندووە ئێمە دڵتەنگ دەبین کاتێک گەنجانی چ تورکو چ کورد دەکوژرێن، هێمنیو ئاسایشی وڵاتی تورکیا وەک هێمنیو ئاسایش لەوڵاتی خۆمان تەماشادەکەینو جیاوازی ناکەین لەنێوانیاندا».

هەر لەهەمان ڕۆژنامەدا فیکرەت بیلا وتارێکی سەبارەت بەسەردانەکەی سەرۆکی هەرێم بۆ تورکیا نووسیوەو دەڵێ «بارزانی دڵخۆش دیاربوو، باسی پەکەکەی نەکردو بەتیرۆریستیش ناوی نەبردن، تەنها بەوەندە وازیهێنا کەبڵێ هەنگاوەکانی حکومەتی تورکیا بۆ کرانەوە بوێرانەن». دەشڵێت «بارزانی دەوڵەتی خۆی دامەزراند، بەڵام ڕاینەگەیاند، بارزانی بەپشتیوانی ئەمریکا هێزە سەربازیو سیاسیو وزە ئابوورییەکانی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر دەکات».

لەڕۆژنامەی ستاریش بابەتێک بەناوی «باکووری عێراق، ناوچەیەکی نوێ بۆ کێبڕکێکان» لەلایەن ناسوحی گیونگۆرەوە نووسراوەو بەبڕوای نووسەر لەو ماوەیەدا کەئەوەندە نییە کوژراوەکانی هێرشەکەی پەکەکە بەخاک سپێردراونو هێزەکانی ئیسرائیلیش پەلاماری کەشتییەکی تورکییان داوە، ئەنقەرە میوانداریی کەسێکی زۆر گرنگ دەکات کەمەسعود بارزانییەو لەگەڵ هەریەک لەسەرۆک وەزیرو وەزیری دەرەوەی تورکیاشدا کۆبوونەوەی زۆر هەستیار دەکات.

ناسوحی ئاماژە بەوەدەکات کەئەو هێزەی ئێستا فەرمانڕەوایەتی تورکیا دەکات زۆر گۆڕاوەو بۆ ئەوەش وتەکانی ئەحمەد داود ئۆغلۆ بە بەڵگە دەهێنێتەوە کەدەڵێت «تورکیاو باکووری عێراق تەواوکاری تەواوەتی یەکترن لەڕووی ئابوورییەوە». پێشیوایە کۆبوونەوەکەی بارزانی لەگەڵ سەلاحەدین دەمیرتاشی سەرۆکی پارتی ئاشتیو دیموکراسیدا «لەداهاتوویەکی نزیکدا کاریگەری زۆری لەسەر کێشەی کورد لەتورکیاو مەسەلەی پەکەکە دەبێت».

لەبەشێکی دیکەی نووسینەکەیدا ئەو نووسەرەی ڕۆژنامەی ستار دەڵێ «ژێرخانی پەیوەندی نێوان هەولێرو ئەنقەرە یان ڕاستتر بڵێین ئەنقەرە-هەولێر، کەرکوک، سلێمانی پێشتر دارێژراوە، چونکە چەندین خوێندنگەی تورکیو زانکۆو نەخۆشخانەیەک لەو شارانە کراونەتەوە هێندەی ئەوانەش پڕۆژەی دیکە بەڕێوەیە». لەکۆتاییدا نووسەر دەنووسێت «ناکرێ سەردانەکەی مەسعود بارزانی تەنها لەبەرەنگاربوونەوەی تیرۆرو بابەتەکانی پەیوەست بەپێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراقدا قەتیس بکەین، چونکە بارزانی کەسێکە کەهێزە ناوچەییەکانو هەندێ لەهێزە نێودەوڵەتییەکانیش بەبایەخەوە لێی دەڕوانن، لەوانەش وڵاتی ئیسرائیل. وادیارە کەباکووری عێراق دەبێتە ناوچەیەکی نوێ بۆ کێبڕکێکانی نێوان تورکیاو ئیسرائیل».

لەلایەکی دیکەوە حەسەن بولەنت قاهرەمان لەڕۆژنامەی سەباحی تورکی بەناونیشانی «وشە نهێنییەکانی بارزانی نوێ» وتارێکی نووسیوەو پێیوایە بارزانی ئەو بارزانییە نییە کەپێشتر سەردانی تورکیای دەکرد»و «بەتەواوەتی گۆڕاوە»، . هەروەها پێشیوایە گۆڕانی بارزانی بەشەو و ڕۆژێک نەبووەو ئەوەی بووەتە هۆی ئەو گۆڕانە «ئەوەیە کەئەو بووەتە یەکێک لەژمارەکانی ئەو هاوکێشە ناچارییەی تورکیا لەناوچەکەدا هێناویەتە بوون، کەلەئەنجامی هێزی ئەو وڵاتەدا لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەو هاوکێشەیە دروستبووە».

بۆیە بەبڕوای ئەو نووسەرە «بارزانی دەیەوێت تووشی پێکدادان نەبێتەوە لەگەڵ تورکیادا، بەڵکو سوود لەهێزی ئەو دەوڵەتە وەربگرێت لەکاتێکدا کەڕوون نییە کەسبەینێ چی ڕوودەدات».

نووسەر پێیوایە هۆکاری دووەمی سەردانەکە ئەوەیە «کاتێک تورکیا دەبێتە بەهێزترین وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، باڵانسی هێز لەناوچەکەدا دەگۆڕێت، کەئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو ئەمریکا».

نووسەر پێیوایە ئەمریکا لەناوچەکەدا بەلەدەستدانی ئەو هێزەی کەهەیەتی نزیکدەبێتەوەو ئەوکاتیش هەرچەندە ئەو کوردستانەی ئەمڕۆ لەلایەن ئەمریکاوە پارێزراو بووبێت، ئەوا پێویستی بەڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی دەبێت لەگەڵ ئەمریکادا. دەشڵێت «هاوکێشە نێوخۆییەکانی ئەمریکاش گۆڕاونو لەجیاتی «بۆش» ئێستا «ئۆباما» لەسەر تەختەو ماوەیەکی دیکەش ئەوەی کەئەمریکا لەعێراق هەیەتی دەیکشێنێتەوە، ئینجا دەپرسێت ئایا تورکیا باشترو عەمەلیتر نییە لەئەمریکا بۆ بارزانی؟».

لەکۆتاییشدا دەڵێت «تورکیایەک کەئابوورییەکەی ژمارە ١٧ بێت لەسەر ئاستی جیهانو بیەوێت بچێتە نێو دە یەکەمەوە لەئابووریدا، بەدڵنیاییەوە دەبێتە جێی سەرنجی بارزانیو میسرو سوریاو وڵاتانی دیکە».

## پەکەکە لێدوانێکی توند بەرامبەر سەردانەکەی بارزانی دەدات

**سامان حەمەکەریم**

سەردانەکەی بارزانی بۆ تورکیا نیگەرانی لای پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) ەش دروستدەکاتو بەرپرسێکی پارتی کرێکارانی کوردستان دەڵێت سەردانەکەی بارزانی بۆ تورکیا سەردانێکی ڕەسمی نەبووەو ئاماژە بەوەشدەکات کەسەردانەکە "ئەوەندەی ئابووری بووە، سیاسی نەبووە".

بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەکەکە، کەهاوکات ئەندامی کۆنسەی کۆما جڤاکێن کوردستانە، نیگەرانیی پەکەکەی ئاشکراکرد بەرامبەر بەسەردانەکەی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم بۆ تورکیا بەوەی بارزانی لەتورکیا بەڕەسمی پێشوازی لێنەکراوە.

ئەحمەد دەنیز ئەندامی کۆنسەی کۆما جڤاکێن کوردستان، لەلێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی دەستوور ڕاگەیاند "لەتورکیا بەڕەسمی پێشوازی لەبارزانی نەکراوە، بەڵگەی ئەوەش ئەوەیە ئەردۆگان سەرۆک وەزیرانی تورکیا لەبارەگای ئەنجوومەنی وەزیران پێشوازیی لەبارزانی نەکردووە، بەڵکو لەماڵەکەی خۆی پێشوازی لێکردووە".

هەروەها دەنیز وتی "دانەنانی ئاڵای عێراق یان کوردستان لەتەنیشت ئاڵای تورکیاوە، وەک لەکۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکاندا دەرکەوت، داننەنانە بەهەرێمی کوردستاندا، چونکە بەرپرسی هەر وڵاتێک سەردانی تورکیای کردبێت، ئاڵای ئەو وڵاتەیان داناوە، بەڵام بۆ بارزانی ئەوە نەکراوە".

ئەو بەرپرسەی پەکەکە پێیوایە حکومەتی تورکیا تا کێشەی کوردی تورکیا چارەسەرنەکات، ناتوانێت لەگەڵ سیاسییەکانی کورددا ڕێکبکەوێتو ئاماژەی بەوەشدا کەسەردانەکەی بارزانی، "هێندە سەردانێکی ئابووری بووە، هێندە سیاسی نەبووە".

ئەحمەد دەنیز وتی "پەکەکە ئەو وتانەی بارزانی بەئیجابی هەڵدەسەنگێنێت کوتی کێشەی کورد بەشێوازی ئاشتییانەو دیموکراسیانە چارەسەردەکرێت، نەک بەڕێگەی شەڕ".

لەبارەی ڕاگەیاندنی شەڕ لەلایەن پەکەکەوە، ئەو ئەندامی کۆنسەی کۆما جڤاکێن کوردستان وتی "چەند جارێک یەکلایەنە بڕیاری ئاگربڕمان داوە، بەڵام تورکیا پێشوازیی لێنەکردووە".

ئەوەشی وت "لەماوەی ڕابردوودا سوپای تورکیا بەردەوام هێرشیانکردووەتە سەر پەکەکەو ناوچە سنوورییەکانیان بۆردومانکردووە، بۆیە ناچاربووین ئاگربەست بشکێنینو بڕیاری شەڕ بدەین".

سەردانەکەی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا، لەلایەن چەند ڕۆژنامەو کەناڵێکی ڕاگەیاندنەوە هێرشیکرایە سەر، بەتایبەت کاتێ: لەکۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکاندا بینرا لەپشتی بارزانییەوە ئاڵای کوردستانو عێراق دانەنراوە.



بەرهەمی گەنم، لە٥٠٪ی پێویستی هەرێم دابیندەکات. ..06

# تۆپبارانی کوردستان بەردەوامە

## «ئێران قەیرانە ناوخۆییەکانی بۆ دەرەوەی سنوورەکان دەگوازێتەوە»

**میوا سەلیمی**

بۆردومانی ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان بەردەوامەو هێزێکی پیادەی سوپای پاسدارانی ئێرانیش لەقوڵایی خاکی هەرێمدا خەریکی دروستکردنی ڕێگاوبانو کردنەوەی بارەگای سەربازیین. چاودێرانیش دەڵێن ئامانجی ئەو لەشکرکێشیەی ئێران گواستنەوەی قەیرانە ناوخۆییەکانێتی بۆ دەرەوە.

### وردەکاری ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای ئێران

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست دەستوور کەوتوون، شوێنی هەڵدانی تۆپەکانی ئێران لەناوچەکانی پردانانی پیرانشار، شنۆ، ئۆردوگای بێمزۆرتێو کەپرانی سەردەشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێگیرکراون، لەو ناوچانەوە فەرماندەیی تۆپبارانکردنی ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان دەکرێت. خەڵکی ناوچەکانی پیرانشارو شنۆ باس لەوە دەکەن، چەندین ئەفسەری تورک لەیەکەکانی تۆپخانەی ئێران هاریکاریو سەرپەرشتیاری تۆپبارانەکان دەکەنو لەگەڵ پاسدارانی ئێران بەشداری لەپرۆسەکەدا دەکەن.


لەو دیوی کوردستان، واتە لەو ناوچانەی کەتۆپخانەکانی حکومەتی ئێران جێگیرکراون فەزایەکی تەواو عەسکەری زاڵکراوە، خەڵکی ناوچەی شنۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ نارەزایی دەربڕین بەو بارودۆخە، سەردانی ناوەندە حکومییەکان لەشاری ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان کردووەو بەرپرسانی حکومەتی لەوەلامدا پێیان ڕاگەیاندوون کەئەو ناوچانە چۆڵبکەن. سەرچاوەکە لەدرێژەی لێدوانەکانی بۆ دەستوور باس لەپێشێلکاری زیاترو بەرفراوانتری مافی هاووڵاتیانی کوردی باشوور لەناوچە سنوورییەکان دەکات، ڕایگەیاند لەسنووری چۆمان هێزەکانی سوپای پاسدارانی ئێران نزیکەی ٣٠٠ سەر لەمەڕوماڵاتی خەڵکی ناوچەکەیان بەتاڵان بردووەو لەگەڵ خۆیان ئاودیوی ئێرانیان کردوون. ئەوە جگە لەوەی کەکچێکی تەمەن ١٧ ساڵ کوژراوەو چەندین کەسیش بریندار بوون.

هاوکات دوو شوان لەلایەن هێزەکانی سوپای پاسدارانی ئێران بەدیل گیراونو لەگەڵ مەڕوماڵاتەکانیان بۆ ناوەندە سەربازییەکان لەئێران گوازراونەتەوە. تۆپبارانی ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستانو سەرقاڵبوونی هێزەکانی ئێران بەدروستکردنی ڕێگاوبانو بارەگا لەخاکی هەرێمی کوردستان کەشو هەوایەکی نائاسایی بەسەر ئەو ناوچانەدا سەپاندووە، لەژێر کاریگەری ئەم بارودۆخەدا چەندین کەس لەگروپە چەکدارە توندڕەوە ئیسلامییەکان لەناوچەکە بیندراون.

بەپێی زانیارییەکان لە «هەڵشۆی» نێوان سنووری سەردەشتو قەڵادزێ، چەکدارێکی توندڕەوی ئیسلامی سەردانی خزمەکانی لەو شوێنە دەکات، دواتر هێزەکانی ئاسایش ئاگاداردەکرێنەوە، ئەو چەکدارە لەدوای ئاگاداربوونەوەی هێزەکانی ئاسایش ڕادەکاتو ناوچەکە بەجێدێڵێت.

سەرچاوەکە دواتر شوێنی دروستکردنی بارەگا لەلایەن ئێرانەوە دەستنیشان دەکاو دەڵێت «هێزەکانی ئێران لە «بەردوناسی» سنووری پیرانشار —حاجی ئۆمەران بارەگا سەربازییەکانیان دامەزراندوە، بەم هۆیەوە چیتر خەڵکی ناوچەکە ناوێرن مەڕوماڵاتەکانیان بۆ مێرگەکان ببەن.»

ئەگەرچی بوونی هێزەکانی پژاک لەو ناوچانە وەک بیانووی ئۆپەراسیۆنەکەی سوپای پاسدارانی ئێران ڕاگەیەندراوە، بەڵام ئەحمەد دەنیز بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەکەکە لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور، ڕایگەیاند هێزی ئەوان لەو شوێنانە کەبۆردومان دەکرێن، نییە. دەنیز وتی «بۆنموونە نە لەحاجی ئۆمەرانو نە لەپێنجوێن، بەهیچ شێوەیەک گەریلای پژاکی لێ نییە، کەچی ئەم شوێنانە بۆردومان دەکرێن، ئەڵبەت ئەوەمان لەبیر نەچێ کەبۆ کۆماری ئیسلامی کورد هەر کوردە، جا چ پژاک بێ یان گوندنشینو کۆچەر».



چەندین ئەفسەری تورک لەیەکەکانی تۆپخانەی ئێران هاریکاریو سەرپەرشتیاری تۆپبارانەکان دەکەن

### ئامانجە شاراوەکان کامانەن؟

بوونی هێزی چەکداری پژاکو دزەی ئەم چەکدارانە لەهەرێمی کوردستانەوە بۆ ناوخۆی ئێران بیانوون، لەسنوورەکانی نێوان ئێرانو پاکستان بەردەوام شەڕو تێکهەڵچوون لەنێوان گروپە چەکدارەکانی بلوچستانو هێزە چەکدارەکانی ئێران لەئارادایە، بەڵام هیچ کات تۆپبارانی سنوورەکانی پاکستان نەکراوەو هێرشی سەربازی بۆ ناو خاکی پاکستان ئەنجام نەدراوە. ئەمە لەکاتێکدایە کەزیانی مادیو مرۆیی سوپای پاسدارانی ئێران لەبلوچستانی ئێران، لەشەڕو تێکهەڵچوونەکانی نێوان پژاکو کۆماری ئیسلامی زیاترە.

پژاک بیانووەو ئامانجەکانی ئێران لەتۆپبارانی ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستانو تەنانەت لەشکرکێشی بۆ قوڵایی خاکی عێراق، ئامانجی ستراتیجیتر دەپێکێ. چاودێرانی سیاسیی بیروڕای جیاجیایان لەمبارەوە هەیە، بەڵام سەرجەمیان لەسەر ئەم بابەتە کۆکن کەنانەوەی ئاڵۆزیو دروستکردنی قەیرانی کاتی لەپێناوی داپۆشینو چارەسەرکردنی قەیرانەکانیتری حکومەتی ئێران یەکێک لەئامانجە سەرەکییەکانی ئەم مەسەلەیە.

هاشم کەریمی تێکۆشەری دێرینی سیاسیی کورد کە لەبەریتانیا دادەنیشێت، خولقاندنی قەیرانی نوێ لەپێناوی داپۆشینو ڕەواندنەوەی قەیرانەکان، بەئامانجی ئەم ڕووداوە ناودێر دەکا، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی «کۆماری ئیسلامی خۆی لەخۆیدا چ لەناوخۆی ئێرانو چ لەجیهاندا

**ئێران دژایەتیکردنی هەمیشەیی لەگەڵ پرسی کوردە. ساڵەکانی پێشوو تیرۆریستی بەلێشاو دەناردو ئێستا ڕۆژانە بۆردمانی هەرێمی کوردستان دەکا**

تووشی قەیران بووەتەوە، مەسەلەی قەیرانی ئەتۆمیو پشتکردنی ڕووسیا لەئێران وەک دۆستێکی دێرینی کۆماری ئیسلامی، حکومەتی ئێرانی تووشی شڵەژان کردووەو بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم قەیرانانەو کەمکردنەوەی قورسایی قەیرانەکان، لەهەوڵی نانەوەی قەیرانێکی تازەیە».

هاشم کەریمی دەڵێت «دیارە هێرشکردنە سەر کوردستان لایەنێکی بنەڕەتیریشی هەیە، ئەویش دژایەتیکردنی هەمیشەیی لەگەڵ پرسی کوردە. ساڵەکانی پێشوو تیرۆریستی بەلێشاو دەناردو ئێستا ڕۆژانە بۆردمانی هەرێمی کوردستان دەکا. لەئێستادا کەسەقامگیری لەهەرێمی کوردستان هەیەو تارادەیەکی زۆر حکومەتی هەرێم بەرەسمی لەجیهاندا ناسراوە، ڕەفتاری لەمشێوە دەتوانێ هەوڵدان بۆ ناسەقامگیریو تێکچوونی ئاسایشیش بێ، ئێران چاوی بەو بارودۆخە سەقامگیرەی هەرێم هەڵنایەت».

«حکومەتی ئێران بەم ڕەفتارانەی لەرادەی نفوزو کاریگەری خۆی لەعێراقو کوردستان کەمدەکاتەوە، کاریگەری سلبی لەسەر پێوەندی نێوان هەرێمی کوردستانو ئێران دادەنێ» هاشم کەریمی بەمشێوە کۆتایی بەلێدوانەکەی هێنا.

ئەحمەد دنیز باس لەڕێککەوتنی نێوان ئێرانو تورکیا لەسەر ئەم مەسەلە دەکاو ئەویش قەیرانەکانی ئێران وەک زەمینەیەک بۆ ڕەفتاری لەمشێوە ناوزەد دەکا. وتی «کۆماری ئیسلامی سیاسەتی خۆی لەسەر هەندێ حاڵەت پێکدێنێ، پژاک لەمانگی نیسانی ٢٠٠٩ هەتا ئێستا ئاگربەستی لەبەرامبەر ئێران ڕاگەیاندو لەبەرامبەریشدا ئێران ئۆپەراسیۆنی ڕاگرتبوو. لەدوای لەسێدارەدانی چوار بەندکراوە کوردەکە ئاڵۆزییەکان دروستبوو، لەدوای ڕاگەیاندنی ئەگەری بەهێزی پەسەندکردنی ئابلۆقەی نێودەوڵەتی لەسەر ئێران، ئێران بەو ڕەفتارانە ویستی ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکە لاواز بکا، ئێران بە لەسێدارەدانی ئەو تێکۆشەرانە مەسجێکی بەتورکیا داو بڕیاری هێرشو توندوتیژی پەسەند کرد. ئەو چەند چالاکییەش لەم ماوەی پێشوو لەلایەن پژاک هاتەئاراوە، بۆ تۆڵەسەندنەوەی ئەو لەسێدارانە بوو، هەتا ئێستاش پژاک بڕیاری شەڕی لەدژی ئێرانی پەسەند نەکردووە. ئەو ئۆپەراسیۆنەی ئەمڕۆ لەئارادایە ئەنجامی ڕێککەوتی نێوان ئێرانو تورکیاو سوریایەو ئێمە هیچ گومانێکمان لەمبارەوە نییە.»

فەروخ نێعمەتپوور چاودێری سیاسیی لەوڵاتی نەرویج دادەنیشێت، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور ئامانجەکانی حکومەتی ئێران بەشێوەیەکی دیاریکراو بۆ نزیکبوونەوە لەئەگەری خۆپیشاندانی ناڕازییان لەناوخۆی ئێران گرێدەداتەوە، هاوکات چەندین هۆکاری دیکەش دەستنیشان دەکا، وتی «پژاک وەک هێزێکی چەکدار کەبانگەشە بۆ کاری سەربازی دەکا، وەک واقعێک بوونی هەیە، لەبەرامبەردا دەوڵەتی ئەحمەدی نەژاد وەک لایەنی هەرە توندڕەوی ناو سیستمی سیاسیی ئێران، بوونی پژاکو بانگەشە چەکدارییەکانی ئەوان دەکا بەبیانوو، بیانوویێک کەبتوانێ وەکو چۆن لەسیاسەتی ناوخۆییدا سیاسەتێکی توندڕەوانەی بەرامبەر بەخەڵکەکەی خۆی گرتووەتەبەر، هەمان سیاسەت بگوێزێتەوە بۆ درووستکردنی ڕووداو لەسنوورەکان، لەئاراستەی داپۆشینی قەیرانەکانی ناوخۆی ئێران. بەتایبەت ئێستا کەئێران لەبەردەم بانگەشەی ناڕازییانی ناوخۆی ئێرانە بۆ خۆپیشاندان لەساڵڕۆژی هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی سەرۆک کۆماری، ئەم مەسەلەش فەزای ناوخۆی ئێرانی گرتووەتەوە، هۆکارێکی دیکەی ئەم مەسەلەش درێژەی هەمان سیاسەتی هەمیشەیی کۆماری ئیسلامی لەئاستی نێودەوڵەتییە.»

سەرەڕای هۆکارە ئاماژەپێکراوەکان، فاکتەری ئیقلیمیش ڕۆڵ دەنوێنێ. ناوەندە سیاسییە ناسراوەکانی جیهان باس لەکۆمەڵێک گۆڕانکاری تازە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەن، پێدەچێ نەخشەی سیاسیی نوێو ڕیزبەندی تازە لەناوچەکە دروستبێ. کورد لەڕۆژهەڵاتی ناوین یەکێک لەبەردەنگەکانی ئەم ئەگەرەیەو ئێرانو تورکیا لەداهاتووی هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکە نیگەرانن. هەر بۆیە بۆ بەرگرتن یان پەکخستنی ئەم ئەگەرە، هەموو ڕێوشوێنەکان، تەنانەت ئەگەر دەستدرێژی بۆ سەر سەروەری وڵاتانی دراوسێش بێ، دەگیرێتە بەر.

لوکیانۆف سەرنووسەری گۆڤاری بەناوبانگی-ڕوسیا لەسیاسەتی نێودەوڵەتی - لەلێدوانێکدا بۆ بەشی ئینگلیزیو ڕوسی «بی بی سی» باس لەهاتنەئارای بارودۆخێکی نیگەرانکەر لەناوچەکە دەکات. لوکیانۆف وتی «ناوچەکە ڕووبەڕووی پێکهاتنی بارودۆخێکی خراپەو لێکدادانی بەرژەوەندییەکان لەئاستێکی باڵادایە. جیا لەئیسرایلو فەلەستین، تورکیاش خەریکە تێوەدەگلێ. لەوڵاتانی کەنداویشدا خەریکە کۆمەڵێک ڕووداو ڕوودەدەنو قەت نابێ ئێرانیش لەبیربکرێتەوە. لەوە دەترسم کەناوچەکە بتەقێتەوەو نەخشەی جیۆپۆلۆتیکی ناوچەکە بگۆڕدرێ».

چاودێرانی سیاسیی کوردیش لای خۆیانەوە ئەم مەسەلە بۆ داهاتووی کورد لەناوچەکە بەقازانج دەزاننو لەو بڕوایەدان کەهاتنەئارای ئەم بارودۆخە سەرەڕای هەموو کێشەو گرفتەکان، دەتوانێ خەونە ستراتیجییەکانی کورد بێنێتە دی.

تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو ئیسرائیل بەشێک لەچاودێرانی سیاسیی هێناوەتە سەر ئەو بڕوایەی، کەئێرانو تورکیا بەجیدی نیگەرانی پشتیوانیکردنی ئیسرائیل لەبزووتنەوەی کورد بەتایبەت لەباکووری کوردستانو بۆردومانی بەردەوامو خەستی ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن ئێرانو تورکیاش بۆ ئەم مەسەلە دەگێڕنەوە.

فەروخ نێعمەتپوور لای خۆیەوە ئەم ئەگەرە بەلاواز دەزانێ، بەڵام لەهەمانکاتدا ڕەتی ناکاتەوە. ئەو دەڵێت «پێدەچێ یەکێک لەکێشەکانی نێوان ئیسرائیلو تورکیا کارکردنی ئیسرائیل لەسەر بزووتنەوەی کوردی بێ، هەست بەم مەسەلە دەکرێ، چونکە بزووتنەوەی کوردی خۆی لەخۆیدا هەڵگری توخمی دژایەتیکردن لەگەڵ دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسییە لەناوچەکەدا، ئەم بابەتەش دەتوانێ جێگەی نیگەرانی بۆ حکومەتی ئایدۆلۆژیکی ئێران بێ.»

### حکومەتی هەرێم لەهەوڵەکانی بەردەوامەو ئێران وەڵامی فەرمیی نەداوەتەوە

کاوە مەحمود وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور، دەڵێت لەماوەی ڕابردووا حکومەتی هەرێمی کوردستان نوێنەری خۆی لەتاران ئاگادارکردووەتەوە، تا پەیامی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەکۆماری ئیسلامی بدات. وتی «ئەو پەیامەی کە ئەم تۆپبارانانە ڕابگیرێو دانووستان ئەنجام بدرێ، لەپێناوی سەقامگیربوونی ئاسایشو ئاشتی لەناوچەکەدا، داواکراوە کەهەر گرفتێکی سنووری هەبێ پێویستە لەڕێگەی دانووستانو لەسەر بنەماکانی پەیماننامەی نەتەوەیەکگرتووەکانو ئەرکی دراوسێیەتیو هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی پرەنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتی ئەنجام بدرێ».

کاوە مەحمود ڕایگەیاند حکومەتی فیدراڵی عێراق ئاگادارکراوەتەوە کەکەناڵە فەرمییەکانی بەکاربێنێ بۆ هەمان مەبەست. جگە لەوەش کونسوڵخانەی ئێران لەهەولێر لەبارودۆخەکە ئاگادارکراوەتەوە.

کاوە مەحمود باس لەچاوەڕوانیی وەڵامدانەوەی حکومەتی ئێران دەکات، وتی «ئێمە چاوەڕوانی وەڵامی ڕاگرتنی تۆپبارانو کشانەوەی ئەو هێزانەین کە بەقوڵایی دوو کیلۆمەتر هاتوونەتە خاکی هەرێمی کوردستانی عێراق، چاوەڕوانی ئەو وەڵامە دەکەین. سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سیاسەتی دیالۆگو بەکارهێنانی نەریتە نێودەوڵەتییەکانو یاسای نێودەوڵەتیو پەیماننامەکانی نەتەوەیەکگرتووەکانە.»

فەروخ نێعمەتپوور لەو بڕوایەدایە کەحکومەتی ئێران کاردانەوەو بەرهەڵستکاری عێراقی بەلاوە گرنگ نییە، وتی «بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی عێراق، نفوزی ئێران لەعێراق، بارودۆخی ئاڵۆزی ئەمریکا لەو وڵاتەو لاوازبوونی حکومەتی هەرێم، ئێران نیگەرانی ئەوەنییە کەبەرەو ڕووی بەرهەڵستێکی جیدی دەبێتەوە، تەنانەت ترسێکیان لەئەگەری کاردانەوەی توندیان لەلایەن عێراقیشەوە نییە، ئەو بابەتە لەگرتنی بیرە نەوتییەکانی باشووری عێراقدا بیندرا.»

# «لەگەڵ ئەوەنین ئایینو سیاسەت لەیەکتر جیابکرێنەوە»

## محەمەد حەکیم ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان بۆ دەستوور

**محەمەد حەکیم ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی دەڵێت لەچەندین کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتی حیزب ئاماژەمان بەوەداوە کەبەدوای دەرفەتو کەناڵی تردا بگەڕێین بۆ کاری بانگەواز، وتی «بیرمان لەوەکردووەتەوە بانگەوازمان بەهێزبکەین، بۆ بانگەواز کەناڵی مزگەوتمان لێداخراوە، بەدوای کەناڵی تردا دەگەڕێین».**

**هەروەها ئاماژەی بەوەدا کەبڕیارە لەمانگی حەوتدا کۆمەڵی ئیسلامی کۆنگرەی دووەمی خۆی ببەستێت، وتی «لەسەرکردایەتیش ئەوەمان پەسەندکردووە کەئەنجومەنێکی راوێژکاری کەرۆڵی چاودێریو دەرکردنی رێنمانی بۆ سەرکردایەتی کۆمەڵ ببینێت، دروستبکرێت».**



محەمەد حەکیم گەشبینە بەئاییندەی حیزبەکەی.
فۆتۆگراف: گۆران وەهاب

**سازدانی: گۆران وەهاب**

**دەستوور:** بارودۆخی ئەمدواییەی کۆمەڵی ئیسلامی جۆرێک لەبۆچوونو رای جیاوازی تێدا دەبیندرێت، بەتایبەت دوای هەڵبژاردنەکانی ئەمدواییەو دەرچوونی مامۆستا عەلی باپیر لەهەڵبژاردنەکاندا، دەمانەوێت بزانین بۆچوونەکان تائێستا چۆننو چین؟

**محەمەد حەکیم:** دیارە هەموو حیزبێک بۆچوونی جیاوازی تێدایە، کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستانیش وەکو حیزبێک کەئۆرگانو سەرکردایەتی هەیە، بێگومان رای جیاوازی لەنێوان ئەنداماندا هەیە، راجیایەکی نوێ لەناو کۆمەڵی ئیسلامیدا هەستی پێناکەم، لەنێو کۆمەڵدا نە لەنێو مەکتەبی سیاسیدا نە لەسەرکردایەتیدا هیچ باسێکمان لەدەسەڵاتەکانی مامۆستا عەلی باپیر نەکردووە کەدەچێت بۆ بەغدادو چی بکرێت، بەڵام دیارە کۆمەڵی ئیسلامی بەمنزیکانە کۆنگرە دەبەستێتو کاروبارەکانو پەیڕەوی ناوخۆو جۆرێک لەکاروباری حیزب جێی هەڵسەنگاندنو بەدواداچوونو دەستکارییە.

**دەستوور:** باسلەوە دەکرێت هەندێک بۆچوون هەیە لەسەر ئەوەی کەکاتێک مامۆستا عەلی باپیر دەچێتە بەغداد پێویستە لێرە کەسێک دەسەڵاتەکانی ئەوی پێبدرێت، ئایا پێشتر قسە لەسەر ئەوەدەکەن، یان ئەوەش بۆ کۆنگرە دادەنێن؟

**محەمەد حەکیم:** رەنگە سەرکردەی هەندێک حیزبی تر پەرۆشی دەسەڵاتی زیاترین لەنێو حیزبەکەیاندا، بەڵام جەنابی مامۆستا عەلی باپیر ئەو دەسەڵاتانەشی بەدرێژای ئەو پێنج ساڵەی لەنێوان ئەم دوو کۆنگرەیەدا بۆی دیاریکراوە زۆرجار بەخشییەوە بەمەکتەبی سیاسی، بەڵام پێشموانییە دوورکەوتنەوەو چوونی مامۆستا عەلی باپیر بۆ بەغداد ئەوە بخوازێت ئێمە باسلەوەبکەین دەسەڵاتی مامۆستا عەلی باپیر کەمبکرێتەوە، لەکاتێکدا ئەو دەسەڵاتانەی پێیدراوە مومارەسەکردنی ئەو دەسەڵاتانەی بەخشیوە بەمەکتەیی سیاسی، کۆنگرەی دووەمی کۆمەڵیش ناوی نوێی پێبێت کەپێشنیازی بکات بۆ سەرکردایەتیو مەکتەبی سیاسی، پێموایە زیاتر دەبێت روو لەوەبین کەدەسەڵاتی دامەزراوەیی زیادبکەین لەنێو کۆمەڵی ئیسلامیدا.

**دەستوور:** ترستان نییە لەوەی بەبێ بوونی مامۆستا عەلی باپیر حیزبەکە لاواز یان جۆرێک لەپاشەکشێ بەخۆیەوە ببینێت؟

**محەمەد حەکیم:** بوونی مامۆستا عەلی باپیر بەو پێگەیەی کەهەیەتی لەکوردستان، لەبەغدادەوە خەمخواردنی لەکێشەکانی گەلەکەمان پێموایە وزەیەکی زیاتر بەئەندامانی کۆمەڵ دەبەخشێت کەزیاتر هەوڵبدەن لەسەرکارکردنو خەباتکردنو بەهێزکردنی ئۆرگانەکان.

**دەستوور:** زۆرێک لەچاودێرانی سیاسیو تەنانەت سەرکردەکانی یەکێتی نیشتمانی دانیانبەوەدا دەنا کەرۆیشتنی مام جەلال بۆ بەغداد حیزبەکەی بەو ئاقارەدا برد کەئێستا تێیکەوتووە، مەبەستەکەم ئەوەیە بێ بوونی مامۆستا عەلی باپیر هیچ گرەنتییەک هەیە کۆمەڵیش بەو ئاقارو کێشەو گرفتانەدا نەڕوات؟

**محەمەد حەکیم:** ناکرێت یەکێتی بشوبهێنین بەکۆمەڵی ئیسلامی، لەزۆر رووەوە کۆمەڵی ئیسلامیو یەکێتی دوو رێکخراوی جیان هەر لەسەرهەڵدانو دروستبوونیانەوە، فکرو بۆچوونو کەسەکانی نێو کۆمەڵی ئیسلامیو رێبازی کۆمەڵی ئیسلامی لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا جیایە، پێموایە جیاوازییەک هەیە لەنێوان چوونی جەنابی مام جەلال، لەگەڵ چوونی مامۆستا عەلی باپیر پێموانییە ئەو دوو شتە لەجێی ئەوەدابن کەبەراورد بکرێن، لەگەڵ رێزماندا بۆ یەکێتیو جەنابی مام جەلال.

**دەستوور:** بەڵام لەکاتێکدا مامۆستا عەلی باپیر لەکوردستانە، ئەوەتا حیزبەکە جیابوونەوەو کێشەو گرفتی تێکەوتووە، بۆ نموونە ئەوەی گەرمیان کەروویدا؟

**محەمەد حەکیم:** ئەو کێشانە سروشتین، ئەمڕۆ کێشە لەنێو هەمووماڵێکدا هەیە، ئەو کێشانەی ئێستا هەن لەنێو لقو پۆپی حیزبە سیاسییەکاندا لەهەرشوێنێک بێت پێشتریش لەنەوەدەکانو هەشتاکاندا هەبووە، لەوەتەی حیزبی سیاسی لەکوردستاندا هەیە ئەو کێشانە هەبووە، بەڵام ئەمڕۆ بەهۆی ئەو جیهانگیرییو ئازادییو شەفافییەتەی لەکوردستاندا هەیە، هەروەها بڵاوبوونەوەی زانیارییو نهێنییەکانی حیزبو رێکخراوە سیاسییەکان وایکردووە کەئەگەر کێشەیەکی ئاسان هەبێت، لەنێو رۆژنامەکاندا دەنگۆیەکی زۆری لێ رووبدات، ئەوەی لەگەرمیان روویداوە کێشەیەکی ئاسایی بووەو چارەسەرمانکردوەو هەنگاو بەهەنگاو خەریکی چارەسەرکردنیین.

**دەستوور:** دەوترێت حیزبە ئیسلامییەکان نەیانتوانیوە بەشێوەیەکی بڵاو و باشتر گەشەبکەن، ئەوە پەیوەندی بەچۆنێتی مامەڵەو سیاسەتی ئەو حیزبانەوە هەیە کە لەگەڵ ئێستادا ناگونجێت؟ یان پەیوەندی بەخودی سەرکردەکانی ئەو حیزبانەوە هەیە؟

**محەمەد حەکیم:** هەندێک کەڕەخنە لەحیزبە ئیسلامییەکانی کوردستان دەگرن پێموایە لەڕوانگەی تورکیاوە رەخنەدەگرن، دەڵێن بۆ لەوێ حیزبی دادو گەشەپێدان توانیویەتی دەسەڵات بگرێتەدەست، بەڵام ئیسلامییەکانی کوردستان هەر شەش کورسی یان حەوت کورسی لەبەغداد بەدەستدێنن، لەپەرلەمانی کوردستاندا ١٥ کورسی هەبووە ئێستا هاتووەتە سەر ١٢ کورسی، ئەمەش جێی ئەوەیە ناکرێت واقعی کوردستان بەراوردبکەین بەواقعی تورکیا، چونکە لەدامەزراندنی حکومەتی ئەو وڵاتەوە بوونیان هەبووە، ئەو ئەزموونەی ئێمە هەمانە لە ١٩٩٢ یەکەم پەرلەمان هەڵبژاردنی بۆ کراوە، لەعێراقیشدا لەدوای ٢٠٠٥ەوە دروستبووە، بۆیە سەرەتایە ئێمە باسلەوەبکەین، بۆیە ئیسلامییەکان نەیانتوانیوەوە رۆڵێکی زۆرینەیان لەسەر جەماوەری کوردستان هەبێت، دەبێت دانبەوەدابنێین خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان یەک ئەندام پەرلەمانی ئیسلامی تێدانەبوو، بەڵام خولی دووەم ١٥ ئەندام پەرلەمانی تێدابوو، لەهەڵبژاردنی ٣/٧دا لایەنە ئیسلامییەکانی کوردستان زیاتر لە ٤٠٠ هەزار دەنگیان بەدەستهێناوە، جۆرێک لەگەشەکردن هەیە، بەڵام سەرەتای گەشەکردنە ئومێدەکەین رۆڵی زیاتر لەناو جەماوەری کوردستاندا ببینین، بەپێی واقعو هەڵسەنگاندنو خوێندنەوەمان بۆ واقعی کوردستان پێمانوایە ئیسلامییەکانی کوردستان گەشەیانکردووە، لەگەڵتدام گەشەکە بەرێژەیەکی کەمبووە.

**دەستوور:** هەستدەکەیت شێوازی کارکردنو مامەڵەی حیزبە ئیسلامییەکان لەگەڵ ئێستادا دەگونجێت؟

**محەمەد حەکیم:** دەکرێت ئێمە گۆڕانکاری بکەینو هەنگاوبنێین، ئەوەندەی هەیە دەبێت بەهەموو لایەکمان ئاگاداربین کەگۆڕانکاری بەپێی واقعی کوردستان بکەین، مەرج نییە ئێمە چاومان لەنموونەیەکی تربێت کە لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان بێت، زۆرجار ئەگەر بمانەوێت وێنەیەکی لەهەرێمی کوردستاندا جێبەجێبکەین، لەوانەیە شکستبێنین، بەڵام دیارە حیزبە ئیسلامییەکانیش هەنگاو بەهەنگاو بەرنامەیان هەیە بۆ چاکسازیو گۆڕانکاری، بەڵام گۆڕانکارییەکی واقعیانە کە لەگەڵ خەلفییەتی میللەتەکەمانو عەقڵییەتی ئەم سەردەمەی تیایدا دەژین، بگونجێت.

**دەستوور:** لەناو یەکگرتوودا ململانێ لەسەر دەعوەو سیاسەت هەیە، ئێوە ئەو کێشەیەتان نییە؟

**محەمەد حەکیم:** ئەو بابەتە بەو شێوازە لەنێو ئێمەدا مشتومڕی لێوەناکرێت، زۆرجار لەکۆبونەوەکانماندا ئاماژەی پێدەکەین، دەگەڕێین بەدوای کردنەوەی کەناڵو بینینەوەی دەرفەت بۆئەوەی کاری بانگەوازمان بەهێزتر بکەین، وەک لایەنێکی ئیسلامی کەدەبێت ئۆرگانەکانمانو کادیرانو ئەندامانمان رۆژانە پێی هەستن ئەرکە بانگەوازییەکەیان لەیادنەکەن، کەسایەتییە سیاسییەکانمان پێش هەموو کەس ئەوە لەیادنەکەن ئەرکی بانگخوازییان لەسەرەو ئەدای بکەن، رۆژ لەدوای رۆژیش دەگەڕێین بەدوای ئەوەی کەناڵو دەرفەتێکی زیاتر ببینینەوە تاکاری بانگەوازیمان بەهێزتر بکەین، کاتێک دەرگایەکمان لێدادەخرێت وەک دەرگای مزگەوتەکان، مزگەوتەکانی کوردستان ئەمڕۆ داخراون بەرووی بانگخوازانداو ئەو ئەرکە پیرۆزەی کەمزگەوت دەبێت مینبەرێک بێت بۆ بانگخوزایو بڵاوکردنەوەی زانستی ئیسلامی، بەداخەوە ئەمڕۆ داخراوە بۆیە بەدوای کەناڵی تردا گەڕاوین، کۆمەڵی ئیسلامیش لەچەند ساڵی رابردوودا توانی کەناڵی پەیام بکاتەوە، کەبۆ ئێمە وەک کۆمەڵی ئیسلامی دەرفەتێکە کەکاری بانگخوازی تیادا ئەنجامبدەین.

**دەستوور:** بۆچوونت لەسەر ئەو قسەیە چۆنە کەدەوترێت تەواوی حیزبە ئیسلامییەکان رووبەڕووی ناڕەزاییەکی گەورەی جەماوەریو کادری خۆیان بوونەتەوە، کەخۆی لەکێشەی دەعوەو سیاسەتو جیاکردنەوەی ئاین لەسیاسیەت دەبینێتەوە؟

**محەمەد حەکیم:** ئەو بابەتە بابەتێکی مشتومڕە لەنێوان لایەنە ئیسلامییەکانو لایەنە عەلمانیەکاندا، ئێمە ئیسلام وەکو ئاینێکی شمولی تەماشادەکەین کەهەموو بوارەکانی لەخۆگرتووە، ئیسلام هەموو بوارێکی بۆ دەستنیشاکردوین لەبواری قەزائیو ئیمانیو ئیداریو سیاسیدا، بۆیە دەستگرتنمان بەئاینی ئیسلامەوە ئەو پاشخانەمان دەداتێ کەدەوڵەمەندبین لەهەموو بوارەکاندا، ئێمە لەگەڵ ئەوەنین ئاینو سیاسەت لەیەکتر جیابکرێنەوە، زۆرجاریش ئێمە داکۆکیمان لەسەر ئەوەکردووە ئایین ببێتە سەرچاوەیەکی سەرەکی یاسادانان بەپێی ئەو دەوڵەمەندییەی ئیسلام هەیەتیو ئەو دوو سەرچاوەیەی ئیسلام لەسەری چەسپاوە کەئەویش قورئانو سوننەتی پێغەمبەرە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی پێغەمبەریش هیچکات ئایینو سیاسەتی لەیەکتر جیانەکردووەتەوە، ئەوانەشی خەڵک دەترسێنن بەوەی ئەگەر ئیسلامییەکان بێنە سەر حوکم، دەوڵەتێکی دینی هاوشێوەی دەوڵەتە دینییەکان، کە لەئەوروپا حوکم دادەمەزرێنن ئەوە راست نییە، ئێمە ئیسلام وای فێرکردووین لەگەڵ کرانەوەو ئیجتهادابین، لەگەڵ هەر هەلومەرجێکدا کەدێتە پێشەوە لەگەڵ ئەوەدابین، ئەویش بەپێی سەوابتەکان.

**دەستوور:** کەی گۆنگرە دەبەستن؟ ئامادەکارییەکانتان دەستپێکردووە؟

**محەمەد حەکیم:** ئامادەکارییەکان گەیشتووەتە قۆناغی کۆنفرانسی مەڵبەندەکان، لەکۆنفرانسی مەڵبەندەکاندا کاروباری چوار لیژنە دەخرێنەبەر گفتوگۆی ئەندامانی کۆنفرانس، هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرە لەنێو ئەندامانی کۆنفرانسدا ئەنجامدەدرێت، دەستنیشانکردنی رێژەی دوو لەسەر سێی پاڵێوراوانی سەرکردایەتی کۆمەڵ لەکۆنفرانسی مەڵبەندەکاندا دەستنیشاندەکرێن، لەوانەیە تاقیکردنەوەی قوتابیانی زانکۆمان چەند رۆژێک ئەو پرۆسەیە لەهەندێک مەڵبەند دوابخات، بەڵام ئومێدەکەین لەسەرەتای مانگی داهاتوودا کۆمەڵ کۆنگرەی خۆی ببەستێت.

**دەستوور:** لەبەستنی کۆنگرە ناترسن؟ چ شتێک لەکۆنگرەدا بۆ مەبەستی گۆڕانکاریو قسەکردن لەسەری، لەپێشەوەی هەموو شتەکانی ترە؟

**محەمەد حەکیم:** کۆمەڵی ئیسلامی لەو حیزبانەیە کە لەکۆنگرە ناترسێت، لەهەندێک بواردا باس لەگۆڕانکاری کراوەو رای جیا هەیە لەسەر ئەو بوارانەی گۆڕانکاری تیادا بکرێت، بەتایبەت هەیکەلییەتی کۆمەڵی ئیسلامی، پێکهاتەی کۆمەڵی ئیسلامی بەچ شێوەیەک بێتو کاری ئۆرگانەکانی کۆمەڵ بەچ شێوازێک بێت، ئۆرگان هەبێت یان نا، ئەوەیە کەزیاتر جێی مشتومڕی سەرکردایەتیو لیژنەکانە، ئەگەرنا هەموو بوارەکانی تر یەکدەنگین.

**دەستوور:** لەم کۆنگرەیەدا ئەو گۆڕانکارییانەی کۆمەڵ بەنیازە بیکات ئایا لەئاستی ئەمیرو پێشەوا بۆ ئاستەکانی خوارەوە دەبێت یان تەنها لەمەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتیو مەڵبەندەکاندا دەبێت؟

**محەمەد حەکیم:** لەکۆنگرەدا هەڵبژاردن بۆ سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی دەکرێت، ئەو رایە بەهێزەش هەیە کە ئەمیرو پێشەوای کۆمەڵیش لەکۆنگرەدا دەنگدانیان بۆ بکرێت، رایەکی لاوازتریش هەیە لەناو سەرکردایەتیدا هەڵبژاردن بۆ ئەمیرو پێشەوای کۆمەڵ بکرێت، دیارە بۆ ئەوە دوا رەشنووسی پەیڕەو و پرۆگرامی کۆمەڵ ئەو رایە بەلایەکدا دەخات، بۆیە سەرکردایەتی هەڵبژاردنی بۆ دەکرێتو دەواتر هەڵبژاردنی مەڵبەندەکان دەکرێت، لەسەرکردایەتی ئەوەمان پەسەندکردووە ئەنجومەنێکی راوێژکاری کەرۆڵی چاودێریو دەرکردنی رێنمانی بۆ سەرکردایەتی کۆمەڵ ببینێت، دروستبکرێت، لەمەڵبەندەکانیشدا بڕیارماندا‌وە تائێستا کەکۆنگرەمان تەواوبووە ئەندامانی کۆنگرە ئەرکیان تەواو بووە، بەڵام ئەمجارە ئەرکی بەردەوامیان دەبێت لەمەڵبەندەکانی سنوورەکانی خۆیاندا بەشداری لەئەنجومەنی راوێژکاری ئەو مەڵبەندەدا بۆ دەستنیشانکردنی ئەندامانی مەڵبەندو تەشکیلاتی مەڵبەند، ئەو ئەنجومەنەش وەکو ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق وایە کەئەوەش دەستکەوتو گۆڕانکارییە لەشێوازی کۆمەڵدا هاتووەتەدی.

**دەستوور:** تائێستا هەستت بەوەکردووە کەسێکی تر جگە لەمامۆستا عەلی باپیر خۆی بۆ پۆستی ئەمیری کۆمەڵی بپاڵێوێتەوە؟

**محەمەد حەکیم:** ئەوە ئێستا باسی لێوەناکرێت، بێگومان لەکاتی خۆیدا باسی لێوەدەکرێتو دەرگای خۆپاڵاوتن بۆ پێشەوای کۆمەڵ کراوە، هیچ کەسێک تائێستا ئاشکرای نەکردووە کەرکابەریی دەکات بۆ هێنانی یەکێک لەو دوو پۆستە.

کاوە عەبدوڵڵا: سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی حکومەتو سەرۆکی پەرلەمان برِوایان بەیاسا نییە ..08





لەسیاسەتماندایە خەڵکی گەنج بکەینە جوتیار، چونکە تازە کۆنەکانمان لەدەستچوون
فۆتۆگراف: ناسیح عەلی خەیات

# «بەرهەمی گەنم، لە٥٠٪ی پێویستی هەرێم دابیندەکات»

## بەڕێوەبەری گشتی پلاندانانو بەدواداچوون لەوەزارەتی کشتوکاڵو سەرچاوەکانی ئاو بۆ دەستوور

**ئەنوەر عومەر بەڕێوەبەری گشتی پلاندانانو بەدواداچوون لەوەزارەتی کشتوکاڵو سەرچاوەکانی ئاو لەچاوپێکەوتنێکی رۆژنامەی دەستووردا ئاماژەی بەوەدا ئێستا ئەو بەرهەمی دانەوێڵەیەی هەیە لە٥٠٪ی پێویستی هەرێمە، بەڵام بەپێی ئەو پلانەی دایانڕشتووە لە ٢٠١٣ بەرهەمی دانەوێڵە دەبێتە ٥٠٠,٠٠٠ تەن کەدەکاتە ١٠٠٪ی پێویستی هەرێم. دەربارەی ساغکردنەوەی بەروبوومی ناوخۆ ئەنوەر عومەر وتی «سیاسەتەکان بریتیین لەگواستنەوەی بەروبووم لەکێڵگەوە بۆ عەلوە لەسەر ئەستۆی وەزارەت، هەروەها قەدەغەکردنی هاوردەی دەرەوە لەکاتێکدا بەروبوومی خۆماڵی پێدەگات، هانی کەرتی تایبەتو جوتیاران بۆ دامەزراندنی کارگە، لەسیاسەتماندایە خەڵکی گەنج بکەینە جووتیار، چونکە تازە جووتیارە کۆنەکانمان لەکیسچوو».**

**سازدانی: گۆران خۆشناو**

**دەستوور:** سەبارەت بەواقیعی ئێستای رەوشی کشتوکاڵ (مەبەستمان سێکتەری بەروبوومی دانەوێڵەیە) لەهەرێمی کوردستاندا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**ئەنوەر عومەر:** رەوشی ئێستای کەرتی کشتوکاڵ بەرەو هەڵسانەوەیەو هەنگاو دەنێین بۆئەوەی سیماو توانای کەرتی کشتوکاڵ بگێڕینەوە دۆخێک، کە لەجاران باشترو بەتواناتر بێت، نەک تەنها خۆراک بۆ هەرێمی کوردستان دابینبکات، بەڵکو بۆ ناوەڕاستو خوارووی عێراقیش، لەدوای ئەم قۆناغەش هەوڵدەدەین بەروبووم بنێرینە دەرەوەو کشتوکاڵ ببێتە سەرچاوەیەکی داهات بۆ هەرێمی کوردستان، دیدگای ستراتیجیمان بریتییە لەکشتوکاڵ رۆڵی سەرەکی لەبوژاندنەوەی ئابووریو کۆمەڵایەتی لەهەرێمی کوردستاندا بگێڕێت. سەبارەت بەدانەوێڵە لەئەولەویاتی پلانی وەزارەتمانە بەتایبەتی بەروبوومی گەنم کەکوردستان بەهێلانەی گەنم دەژمێردرێت لەجیهانو یانزەهەزار ساڵ پێش ئێستا گەنم لەکوردستاندا هەبووە لەگوندی چەرمۆ، ئێستا ئەو بەرهەمەی هەیە لە٥٠٪ی پێویستی هەرێمە، بەڵام بەپێی ئەو پلانەی دامان رشتوە لە ٢٠١٣ بەرهەممان دەبێتە ٥٠٠,٠٠٠ تەن کەدەکاتە١٠٠٪ی پێویستی هەرێم.

**دەستوور:** لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا تاوەکو ئێستاش کەرتی کشتوکاڵ بەهەردوو سێکتەری بەروبوومی ئاژەڵیو دانەوێڵەوە بەرەو دارمان چووە هۆکارەکان بۆچی دەگەڕێننەوە؟

**ئەنوەر عومەر:** هۆکارە گرنگەکان تێکدانی ٤٥٠٠ گوندو راگوێزانی جوتیاران لەگوندەکانیان بۆ کۆمەڵگە زۆرەملێیەکانو گۆڕینیان لەبەرهەمهێنەرەوە بۆ بەکاربەر، وەک نموونە لەئاماری گشتی ساڵی ١٩٦٥دا لە٦٧٪ی دانیشتووانی هەرێم جوتیار بوون، بەڵام لەئاماری گشتی ساڵی ١٩٨٧ ئەم رێژەیە دابەزی بۆ لە١٦٪، هەروەها دوو ئابڵوقەی ئابووری لەسەر هەرێم لەدوای شەڕی کەنداو یەکیان ئابڵوقەی نێودەوڵەتی لەسەر هەموو عێراقو دووەم ئابڵوقەی رژێمی پێشوو لەسەر کوردستانو بەرنامەی نەوت بەرامبەر خۆراک (بڕیاری ٩٨٦ نەتەوەیەکگرتوەکان).

**دەستوور:** یەکێک لەکێشەکانی جوتیاری کورد ساغکردنەوەی بەروبوومە، سیاسەتی ئابووری وەزارەتی کشتوکاڵ چییە بۆئەوەی بەروبوومی خۆماڵی ساغبکرێتەوە؟

**ئەنوەر عومەر:** سیاسەتەکان بریتیین لەگواستنەوەی بەروبووم لەکێڵگەوە بۆ عەلوە لەسەر ئەستۆی وەزارەت بۆ کەمکردنەوەی تێچوون، هەروەها قەدەغەکردنی هاوردەی دەرەوە لەکاتێکدا بەروبوومی خۆماڵی پێدەگات، بۆنموونە ئێستا هێنانی خەیار قەدەغەکراوە، هانی کەرتی تایبەتو جوتیاران دەدەین بۆ دامەزراندنی کارگە وەک کارگەی دۆشاو و مرەباو وشکردنەوەو لەقوتونانو شیرەمەنی، تائێستا ٥ کارگە لەسەر بودجەی وەزارەت دانراوەو تەسلیم بەکۆمەڵەی جوتیاران کراوە، ئێستا لەهەوڵی پراکتیکیداین لەگەڵ رێکخراوی ئینمای ئەمریکی تاچارەسەری بەبازاڕکردن بدۆزینەوە.

**دەستوور:** ئەو پلانە ٥ ساڵییەی کەحکومەتی هەرێم بۆ بوژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵ دایناببوو بەکوێ گەیشت؟

**ئەنوەر عومەر:** لە٢٠٠٩ دەست بەجێبەجێکردنی کراوەو ساڵی یەکەم بەسەرکەوتویی رۆیشتو تارادەیەک بەروبووم زیادیکرد، بۆنموونە ٢٣,٠٠٠ تەن سەوزەو ٢٥,٠٠٠ تەن میوەو ١٠,٠٠٠ تەن پەتاتەو ٧٤,٠٠٠ تەن گەنم زیادیکرد، لەسەر هێڵی بنەڕەتی، ئەم ساڵ وا لەقۆناغی جێبەجێکردنی ساڵی دووەمی پلانەکەداین.

**دەستوور:** لەگەڵ جێبەجێکردنی ئەو پلانەشتاندا بەرهەمی کشتوکاڵی هەر کەمە؟

**ئەنوەر عومەر:** کشتوکاڵ بینایەک نییە دروستی بکەیت، کشتوکاڵ زانستە، عەقڵە، شارەزاییە، تەکنەلۆجیایە ئەمانەش کاتی دەوێت .

**دەستوور:** هەست ناکەی حکومەت کەمتەرخەمە لەبواری گەشەپێدانی کەرتی کشتوکاڵدا؟

**ئەنوەر عومەر:** کەمتەرخەمی نییە، بەڵکو لەوانەیە بارودۆخ وای کردبێت، نەوەک کەمتەرخەمی بۆنموونە کشتوکاڵ لەهیچ شوێنێک پێش ناکەوێت گەر ئیستقرار نەبێت، لەهەر شوێنێک شەڕ هەبێت نەخۆشیی کشتوکاڵی سەرهەڵدەدات، تاساڵی ٢٠٠٣ کوردستان لەبەر هەڕەشەی رژێمی پێشوو ئارام نەبوو بۆ کاری کشتوکاڵ، ئەو ناوچانەی کرابووە مۆڵگەی سوپای رژێم زۆر لەنەخۆشییەکان لەم شوێنانە سەری هەڵدا وەک قرتێنەرەکان، مێرووی توێکڵدار (الحشره القشریه)و سنوکیسەڵەش لەو شوێنە سەریهەڵدا کەسنووریی بوو، وەک ناوچەیەکی قەدەغەکراو دانرابوو بێجگە لەمانە بەرهەمهێنەر ناتوانێ بودجەی زۆر خەرج بکات لەبەر ئەوەی کشتوکاڵ یاکاری کشتوکاڵی قازانجی سەبر سەبر دێت، بەڵام بەردەوامیی هەیە.

**دەستوور:** بۆچوونێک هەیە دەڵێت لەبەرئەوەی تاکو ئێستا وەزیرانی کشتوکاڵ لەهەرێمی کوردستاندا کەسانی پسپۆڕ نەبوون لەم بوارە، بۆیە کەرتی کشتوکاڵ بەردەوام لەپووکانەوەدایە، رات چییە لەسەر ئەم بۆچوونە؟

**ئەنوەر عومەر:** وەزیر پۆستێکی سیاسیە زیاتر لەوەی پسپۆڕی بێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە دەزگا موئەسەساتیەکانی خوارەوە پسپۆڕ بن، بەردەوام راهێنان پێویستەو هەر کەسێک بڵێت من پسپۆڕمو بەردەوام نەبێت لەوەرگرتنی زانیاری لەهەموو کەس نەزانتر دەبێت. لای من گرنگ ئەوەیە وەزیر ئاکاری یا تایبەتمەندی بەڕێوەبردنی هەبێت .

**دەستوور:** لێشاوی دامەزراندنی خەڵک دوای ٢٠٠٣ بووە هۆی کەمبوونەوەی دەستی کار لەگوندەکاندا، چیکراوە تا ئەم کێشەیە بەرەو کەمبوونەوە بچێت؟

**ئەنوەر عومەر:** مەرج نییە هەمان رێژەی پێشووی جوتیاران دروستبکەینەوە، بەڵکو زیاتر لەسیاسەتماندایە وەحداتی گەورە پێک بهێنین کەوەحداتی ئابووری بێت، خەڵکی گەنج بکەینە جوتیار، چونکە تازە جوتیارە کۆنەکانمان لەدەستچوو یا پیربوونو توانای کاریان نەماوە یا مردون.

# حاجیاوا بێ گەراجە

## نەبوونی گەراج لەناو بازاڕی حاجیاوادا پشێویو قەرەباڵغی دروستدەکات

**ئاوات محەمەد لەحاجیاوا**

بەهۆی نەبوونی گەراجەوە شۆفێرانی حاجیاوا ناڕەزایی دەردەبڕن، بەرپرسانی شارەوانیش دەڵێن پرۆژەی پێویستریان هەیە بۆیە گەراج دروست ناکەن.

بەرپرسانی هاتوچۆ ئاماژە بەوە دەدەن، هەرچەندە لێپێچنەوە بکەن، بەهۆی نەبوونی گەراجەوە شۆفێرەکان ئۆتۆمبێلەکانیان لەناو بازاڕدا رادەگرن.

حەکیم وەیس ئیسماعیل شۆفێرە لەگەراجی تەکسیەکان لەحاجیاوا، ئاماژەی بەوەدا ئەو شوێنەی ئەوان لێی وەستاون هیچ مەرجێکی گەراجی تێدا نییە، وتی "قەرەباڵغیو سەیارەو نەبوونی گەراج کێشەی رۆژانەی بۆ دروست کردووین".

محەمەد خدر محەمەد شوێنی تەکسیەکانی بەکرێگرتووە لەشارەوانیو کردوویەتی بەگەراج، وتی "ئەو گەراجە هیچ مەرجێکی تەندروستیو سیمایەکی گەراجبوونی نییە، بەڵام خۆمان ماوەی چەند ساڵێکە لێرە وەستاوین نەفەر باردەکەین، ئێمە ئامادەین ئەو گەراجە چۆڵبکەین ئەگەر گەراجێکی باشترمان بۆ بکەن".

خدر حاجی رەسوڵ سەرۆکی شارەوانی حاجیاوا لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت ساڵانە شارەوانی شوێن بەکرێ دەدات بۆ گەراج. بەکرێدانی گەراج بەپێی یاسای (٣٢ ) ساڵی ١٩٨٦ بەموزایدە دەدرێت بە بەڵێندەرەکان، دەبێت کۆمەڵێک خزمەتگوزاری تێدابێت.


سەرۆکی شارەوانی حاجیاوا وتی "ئەو شوێنانەی ئێستا تەکسیو پاسەکانی لێوەستاوە، ئەو شوێنە نییە کەئێمە بەکرێمانداوە بۆ گەراج، بەڵکو گەراجەکەی ئێمە دەکەوێتە پشتی دوکانەکانی ناوبازاڕەوە، سیاجی بۆ کراوە هەرچەندە ئەویش باش نییە، بەڵام بۆ ئێستا ئێمە پرۆژەی پێویسترمان هەبووەو ئەنجامانداوە بۆ هاووڵاتیان، بۆیە ئومێد دەکەم بەپێی بوونی بودجە لەداهاتوودا بتوانین گەراج دروستبکەین".


خدر حاجی رەسوڵ وتی "شۆفێرەکان پێیانوایە وەستان لەوێ کاریگەری لەسەر کەمکردنەوەی نەفەرەکانی ئەوان دەبێ، هەرچەندە ئێمە رێگامان داون ئەگەر دوو ئۆتۆمۆبێل بەرن بۆ ئەوێ بۆئەوەی قەرەباڵغی دروست نەبێ لەناو بازاڕەکە یان کەمتر ببێ، بەڵام ئەوە نەکراوە".

سەبارەت بەگەراجی مەفرەق سەرۆکی شارەوانی حاجیاوا وتی "ئەو شۆفێرانەی لەوێ سەیارەکانیان رادەگرن، نە لەنزیک نە لەدوورەوە پەیوەندیان بەئێمەوە نییە، ئێمە وەک شارەوانی نووسراومان کردووەو بەرەسمی بەڕێوەبەری ناحیەمان ئاگادارکردووەتەوە ئەو شۆفێرانە لەخۆیانەوە لەوێ وەستاون بەموزایدە ئەو شوێنە بەکرێ نەدراوە".

لێپرسراوانی هاتوچۆ ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن بەهۆی نەبوونی شوێنی تایبەتەوە بۆ گەراج هەرچەندە ئەوان لێپێچینەوە بکەن، شۆفێران لەناو بازاڕەکەدا ئۆتۆمبێلەکانیان رادەگرن.

مەریوان محەمەد لێپرسراوی بنکەی هاتوچۆی حاجیاوا بەدەستووری وت "بازاڕ دەبێ گەراجی خۆی هەبێت، زۆرجار ئێمە خۆمان هیلاک دەکەین لێپێچینەوە دەکەین، بەڵام شوفێرەکان لەبەرئەوەی گەراج لەناو بازاڕەکەدا نییە ناچاردەبن لەناوبازاڕەکان رایبگرن".





«گوتارێکی حیزبی زاڵ، باڵی بەسەر کەرکوکدا کێشاوە.»
فۆتۆگراف: زوهرە سولەیمانی

# ململانێیەکان، کەرکوك لەسەر کێ تاپۆ دەکات؟

## پارتیو یەکێتی دەیانەوێت کەرکوك بۆ رەنگی سەوزو زەرد یەکلاییبکەنەوە

**شۆڕش خالید**

لەرۆژێکی گەرمی هاوینی ٢٠٠٣دا کەچەند مانگێگ کوردەکان بەئازادی لەکەرکوک دەسورانەوە، هێدیو دەیان کەسی تر ئاگادارکرانەوە لەوەی زەوییان بەسەردا دابەشدەکرێت، ئەوان بۆ هەر پارچە زەوییەک ١٥٠هەزار دیناریان لێسەندرا، بەڵام ماوەیەکی کورتی نەبرد پارەو زەوییەکەشیان بوونە قوربانی ململانێی دوو حیزبی دەسەڵاتداری شارەکە.

هێدی محەمەد تەمەن ٢٨ ساڵ، پیشە مامۆستا، دوو مانگ دوای وەرگرتنی زەوییەکە لەلایەن چەند کەسێکەوە ئاگادارکرایەوە، کەئەو زەوییە ٢٠٠ مەترییەی لەسەر رێگای کەرکوک ـ هەولێر پێیدرابوو لەنزیکی «شۆراوی» ئێستا، موڵکی ئەو نییە. چونکە ئەو زەوییە تەنها بەبڕیارێکی حیزبی پێیدرابوو.

هێدی وتی «تێگەیشتم کەئەوان بۆئەوە ئەو پارچە زەوییەیان پێداوین، تاوەکو زۆرترین لایەنگر بۆ خۆیانو حیزبەکەیان بەدەستبهێنن».

لەو رۆژەوە تاوەکو ئێستا کەزیاتر لەحەوت ساڵ بەسەر چوونەوەی کوردەکان بۆ شارەکەیان تێپەڕدەبێت، بەڵام هێشتا ململانێیە حیزبییەکان رێگری لەناساندنی کەرکوک وەکو شارێکی کوردستانی کردووە.

هێدی وتی «بەرپرسە حیزبییەکە جگە لەمەرجی لێسەندنی ١٥٠ هەزار دینار، مەرجی ئەوەشمان پێدا کەپاڵپشتی حیزبەکەی دەکەین، بەڵام دوو مانگ دوای ئەوە نەمانوێرا بچینەوە بەو ناوەشدا».

رۆشنبیرانو هاووڵاتیانی شارەکە دەڵێن ئێستا تێگەیشتووین لەوەی لەدوای هاتنی هێزەکانی هاوپەیمانان لەساڵی ٢٠٠٣، یەکێتیو پارتی بەردەوام ئیش لەسەر ناساندنی کەرکوک وەکو شارێکی حیزبی خۆیان دەکەن، لەبری ناساندنی وەک شارێکی کوردستانی، هەریەکەو هەوڵدەدات موڵکێتی شارەکە بەحیزبەکەی ببەستێتەوە.

ئەو دوو حیزبە لەماوەی حەوت ساڵی رابردوودا، کاریان بۆ داپۆشینی شارەکە بەڕەنگی سەوزو زەرد کردووە، دەیان پڕۆژەو شەقامو پۆستی حکومی پشکی کوردی شارەکە، بوونەتە قوربانی «تاپۆ حیزبییەکانیان» بەسەر شارەکەدا، ئەوان راستەوخۆ ویستویانە شارەکە لەسەر حیزبەکەی خۆیان تاپۆ بکەن، بەناوی زۆرترین نفوزی حیزبەکەیانەوە.

هەریەکە لەیەکێتیو پارتی کە لەدوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١و پێش ئەو وادەیەش لەبزووتنەوکانی شۆڕشی کوردی لەشاخ، زۆرترین ململانێیان لەنێواندا هەبووە، تائێستا لەململانێیەکانیان بەردەوامن، بەڵام لەئێستادا ململانێیەکانیان مەترسی بۆ سەر گەورەترین مەسەلەی نیشتمانی دروستکردووە.

لەتیف فاتیح فەرەج یەکێک لەو رۆشنبیرانەی کەزۆرترین رەخنە لەئەدای یەکێتیو پارتی لەشارەکە دەگرێت، دەڵێت «یەکێتیو پارتی بەهەمان ئاوازی شاخ لەکەرکوک مامەڵە دەکەن، ئەوەش خراپترین بارودۆخی شارەکەی لێکەوتووەتەوە«.

هەروەها وتی «ئەوان دژایەتی یەکتردەکەن، گوتارێکی حیزبی زاڵ، باڵی بەسەر کەرکوکدا کێشاوە، لەبری ئەوەی گوتارێکی یەکگرتووی کوردی هەبێت».

بۆ زیادکردنی نفوزی خۆیان لەساڵی ٢٠٠٣و ٢٠٠٤دا، ئەو دوو حیزبە دەسەڵاتدارە کەوتنە دابەشکردنو بێنەوبەردەی هەزاران پارچە زەوی بەسەر لایەنگرانیان، بەجۆرێک کەمبوون ئەوانەی لەدوو پارچە زەوی کەمتریان بەربکەوێت، لەئێستاشدا دەیان پڕۆژەو پۆستی حکومیو حیزبی بوونەتە قوربانی ململانێیەکانیان.

پارچە زەوییەکان وەک گەڕاندنەوەی مۆرکی شارەکە بۆ حیزبەکەیان بەشێوەیەک دابەشکراوە، کە بەئاشکرا ئەگەر خەڵکی شارەکە یان شارەزای شارەکەبێت، ناوچەو گەڕەکە (سەوزو زەردەکان) لەیەکتر جیادەکەیتەوە، پڕۆژەکان بۆ ئەو ناوچانە بەپێی رێککەوتنی هەردوولایان دەبێت، ئەوەش بەئاشکرا ئەوەنیشانی هاووڵاتیان دەدات، کەئەو دوو حیزبە ئەوەندەی هەوڵی ناساندنو تاپۆکردنی حیزبێتی شارەکە دەدەن ئەوەندە ئیش لەسەر ناساندنی شارەکە وەک شارێکی کوردستانی نادەن. لەوێ جێ نفوزی حیزبەکان گرنگترە.

زۆربەی شەقامە سەرەکییەکانی شارەکە (گەڕەکە کوردنشینەکان)، بەدوو ناوەوە ناسێنراون، کەناوێکیان لەلایەن پارتیو ناوەکەی تریشیان لەلایەن یەکێتییەوە ناونراوە، سەرەتاو کۆتایی زۆربەی شەقامەکان دوو وێنەی شەهیدی سەرکردە یان دوو وێنەی پێشمەرگەی دێرین هەڵواسراوە، هەر یەکێکیان هی حیزبێکە لەو دوو حیزبە، لەژێرەوەی وێنەکەش دەستەواژەی «شەقامی شەهید (...)» نووسراوە. وەک نیشاندنی مۆرکی حیزبی بەباڵای شارەکەدا.

> پەروەردەی ئیدارەی هەولێر خزمەتی سەربازیو خزمەتی پێشمەرگەی بۆ مامۆستا بەستووە، بەڵام ئیدارەی سلێمانی ئەو خزمەتەی نەبەستووە

جەمال شوکر سەرۆکی شارەوانی کەرکوک، دەڵێت ناوی هەندێک گەڕەکو شوێنو شەقام نراوە، ئێمە ئاگاداری نین، بۆیە کار بەو ناوانەش ناکەین.

شوکر وتی «شارەوانی خشتەیەکی ئامادەکردووە بۆ ناونانی شوێنو گەڕەکەکان، رەوانەی ئەنجومەنی پارێزگامان کردووە، بۆئەوەی ئەوان بڕیاری لەسەر بدەن».

هەروەها وتی «ئەو شەقامو گەڕەکانەی کە بەناوی یەک دوو شەهیدەوە نراوە، ئەوە حیزبەکان خۆیان کردوویانە، نابێت ئەوانە بمێنێت».

بەهۆی زاڵبوونی دەسەڵاتی حیزب لەشارەکەدا، بەسەر تەواوی دەزگاکانی تردا، شارەوانیو دەزگا بەرپرسەکانی کەرکوک، تائێستا نەیانتوانیوە لێپێچینەوە لەو دۆخەی دروستبووە بکەن.

شوکر وتی «حکومەت بەهۆی ئەوەی لاوازەو تائێستاش نەیتوانیوە لەسەر پێی خۆی بووەستێت، ناتوانێت هەندێک ئیجرائات بکات، دەزگاکانی لێپێچینەوەش ئەوەندە بەهێزنین تا بتوانن ئەو وێنانە لێبکەنەوەو ئیجرائات لەگەڵ حیزبەکاندا بکەن».

ئەحمەد عەسکەری ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، کە لەلیژنەی ئاوەدانکردنەوەدایە، بەدەستووری وت «پێویستە بۆ جوانکردنی سیمای شارەکە، شەقامەکانو شوێنو گەڕەکەکان یەک ناوی هەبێت، بەڵام ناتوانم قسەی زیاتر لەسەر هۆکارەکەی بکەم».

لەتیف فاتیح فەرەج وتی «شەقامێک بەعس دروستیکردووە، ئەمان شەڕی ناولێنانی لەسەر دەکەن».

یەکێتیو پارتی دوو دەزگای ئەمنیان هەیە، کەئاسایشی هەردوو حیزبەکەیە، سنووری چالاکی هەریەکێکیان لەوەی تریان جیاوازە، لەماوەکانی رابردوودا چەند جارێک کێشەی ئەوەیان بۆ یەکتر دروستدەکرد کە لەناوچەی ژێر دەسەڵاتی ئەوەی تردا چالاکییان دەکرد. لەپاڵئەوەشدا جێگەی متمانەو باوەڕی هەردوو حیزبەکەن.

لەتیف وتی «بۆ کورد ئەوانە زۆر ناشیرینە، گوتارێکی کوردی کەرکوکییانەی مەعقول نییە، کەرکوکییەکان لەفەراغی نەبوونی گوتارێکی کەرکوکییانە خۆیان بەبێ کەس دەزانن».

لەدوای هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانەوە کە لەساڵی ٢٠٠٥ ئەنجامدرا، تائێستا هەستیارترین چوار لیژنەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بەهۆی ململانێی توندی نێوان پارتیو یەکێتییەوە بێ سەرۆکە. لەوانە لیژنەکانی (ئەمنی، نەوتو گاز، ژنان، پڕۆژەکان). کەبەر پشکی کورد کەوتوون.

ئەحمەد عەسکەری ئەندامی ئەنجومەنو کوردی شارەکە، وتی «پێکهاتەکان لەسەر دانانی سەرۆک بۆ ئەو لیژنانە رێکناکەون، نامەوێت لەسەر ئەوە قسەی زیاتر بکەم».

لەتیف فاتیح فەرەج وتی «ئەوانە رەنگدانەوەی زۆر خراپی لەکەرکوک هەبووە، رەنگدانەوەو گلەییەکان گەیشتوونەتە ئاستی میللی».

لەزستانی رابردوودا یەکێک لەگرنگترین پۆستی ئەمنی شارەکە جارێکی تر بووەوە قوربانی ململانێی شارەکە، کاتێک وەزارەتی ناوخۆ داوای لەکوردەکان کرد کەسێک بۆ پۆستی بەڕێوەبەری پۆلیسی نەوتی باکوور دابنێن. دوای ئەوەی بەڕێوەبەرەکەی لابرا، بەڵام دوای نزیکەی مانگێک یەکێتیو پارتی هەریەکەیان دەیویست کەسێک دابنرێت کەسەر بەحیزبەکەی خۆی بێت. بەڵام دواتر عەرەبێک ئەو پۆستەی وەرگرت.

تائێستاش بەڕێوەبەری قوتابخانەکان بەتەوافقی نێوان هەردوو حیزبەکە دادەنرێت، بەشێکیان سەر بەپارتیو بەشەکەی تریان سەر بەیەکێتین، شارەکە جگە لەبەڕێوەبەرایەتی پەروەدەی گشتی کەرکوک، کەسەر بەوەزارەتی پەروەردەی بەغدایە، دوو پەروەردەی تری هەیە کەبەسەر دوو حیزبەکەدا دابەشکراوە. جارجار بەئاشکراو جارجار بەنهێنی کارەکانی خۆیان دەکەن. دوو جۆرە موچەی مامۆستایانو دوو جۆرە دامەزراندن لەسەر حکومەتی هەرێم هەیە، ئەگەر بەرپرسێکی یەکێک لەو حیزبانە نەناسیت بێکەسی لەشارەکەدا.

رەئوف سەعدوڵڵا سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لەبەشی کوردی پەروەردەی کەرکوک بەدەستووری راگەیاند «لەلایەن پەروەردەی ئیدارەی هەولێرەوە خزمەتی سەربازیو خزمەتی پێشمەرگەی بۆ مامۆستا بەستووە، بەڵام ئیدارەی سلێمانی ئەو خزمەتەی نەبەستووە».

سەعدوڵڵا ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد کەجیاوازی موچە لەنێوان هەردوو ئیدارەی پێشوو بووەتە کێشەو گرفتێکی یەکجار گەورە، چونکە نیگەرانی لەنێوان مامۆستایاندا دروستکردووەو وتی «تەنها سەرکردایەتی یەکێتیو پارتی دەتوانن موچە یەکسان بکەن».

ململانێی ئەمنییەکانی ئەمدواییەی شاری کەرکوک، بەروونی دەریخست کەیەکێتیو پارتی دەیانەوێت تاپۆی شارەکە بەناوی خۆیانەوە بکەن.

لەتیف فاتیح فەرەج داوایکرد حیزبەکان لەگەڵ گوتارێکی کوردی، شارێکی کەرکوکییانە نیشانی کوردەکانو تەواوی نەتەوەکانی تر بدەن، «نەک گوتاری حیزبی».

هەروەها وتی «نیگەرانین لەوەی زۆرجار مامەڵەی سیاسیو بۆچوونیشیان لەسەر کەرکوک جیاوازی زۆرە».

هێدی ئەو گەنجە ٢٨ ساڵە، وتی «دەبێت روحێکی کوردانەمان بەبەردا بکەن، نەک دژایەتییەکان لەسەرەوە بهێننە خوارەوە لەپیرۆزترین شار کەخۆیان دەڵێن».

> شەقامێك بەعس دروستیکردووە، ئەمان شەڕی ناولێنانی لەسەر دەکەن!

> لەتیف فاتیح فەرەج: کەرکوکییەکان لەفەراغی نەبوونی گوتارێکی کەرکوکییانە خۆیان بەبێ کەس دەزانن


سلێمانی سەما دەکات ..10

# «سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی حکومەتو سەرۆکی پەرلەمان بڕوایان بەیاسا نییە»

## کاوە عەبدوڵڵا سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بۆ دەستوور



**کاوە عەبدوڵڵا سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لەچاوپێکەوتنێکی رۆژنامەی دەستووردا، دانبەوەدا دەنێت کەکێشەی نێوان ئەنجومەنو پارێزگاری سلێمانی کاریگەری لەسەر خزمەتگوزارییەکان دەبێت، رەخنەش لەحکومەت دەگرێت کەپارێزگاریان بەسەردا سەپاندوون.**
**لەبارەی نایاسایی بوونی ئەنجومەنەکەوە، بەو پێیەی هیچ یاسایەک نییە کاری پێبکات، لەکاتێکدا پێنج ساڵ بەسەر هەڵبژاردنیدا تێدەپەڕێت، وتی «ئەگەر ئەنجومەنی پارێزگا نایاسایی بێت، ئەوا حکومەتی هەرێمو حکومەتی عێراقو پەرلەمانیش نایاساییە، چونکە هەموویان بەیەکەوە هەڵبژێردراون، ئەگەر وابێت ئەم وڵاتە هەمووی نایاساییە».**

**سازدانی: زانیار محەمەد**

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی نیگەرانە لەپشتگوێخستنی شارەکەی.
فۆتۆگراف: زانیار محەمەد

**دەستوور:** لەماوەی رابردوودا پارێزگاری سلێمانی بڕیاریدا پڕۆژەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بوەستێنێت، هۆکارەکەی چیی بوو؟ وابڵاوکرایەوە گوایە کەموکوڕی لەتەندەرینی پڕۆژەکاندا هەبووە، بۆیە پارێزگار پڕۆژەکانی وەستاندووە، ئەوە تاچەند راستە؟

**کاوە عەبدوڵڵا:** هەر دامەزراندنی پارێزگاری سلێمانی نایاساییە، دوای ئەوەی ئەنجومەنی پارێزگا بەزۆرینەی دەنگ متمانەی لێسەندەوە، هەر بڕیارێک دەربکات نایاساییە. لەبارەی راگرتنی پڕۆژەکانەوە، ئەوە کاری تەنفیزیی خۆیەتی، دەتوانێت چاکسازی بکات لەپڕۆژەکاندا، بەڵام بەمەبەست نا، چونکە پارێزگاری ئێستا هەموو کارەکانی بەمەبەستەو هەموو کارەکانیشی نایاساییە.

**دەستوور:** کاتێک ئەو دەڵێت لەتەندەرینی پڕۆژەکاندا کەموکوڕی هەبووە، ئەوە تاچەند راستە؟ ئەوە داواو بیانوویەکی شەرعی نییە بۆ وەستاندنی پڕۆژەکان؟

**کاوە عەبدوڵڵا:** ناکرێت بڵێین لەو هەموو پڕۆژەیەی ئێمە ئەنجامانداوە کەموکوڕیمان نییە لەتەندەرو پڕۆژەکاندا، ئێمە لەگەڵ هەموو چاکسازییەکداین، ئەگەر کەموکوڕییەکان چارەسەربکرێن، کارێکی باشە، بەڵام بەمەرجێک بەمەبەست نەبێت.

**دەستوور:** ئەو ململانێو ناکۆکییەی لەنێوان پارێزگارو ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیدا هەیە، پێتوانییە کاریکردبێتە سەر پڕۆژەکانو گەیاندنی خزمەتگوزاری بەخەڵک؟ ئایا ناکۆکییەکانی نێوان ئێوە زیان ناگەیەنێت بەسلێمانیو دانیشتووانەکەی؟

**کاوە عەبدوڵڵا:** ئەو کێشەیەی لەنێوان ئێمەو پارێزگاری سلێمانیدا هەیە، کێشەیەکی یاساییە، کێشەی نەبوونی یاسایە، ئێمە داوای چەسپاندنی یاسامان کردووە، بەڵام پارێزگار بەبێ یاسا کاردەکاتو هیچ یاسایەک پاڵپشتی ناکات. ئەگەر یاسایەک پاڵپشتی دەکات، ئەوا ئەو کەسەی پارێزگاریشی داناوە، باڕوونیبکاتەوەو بڵێت ئەو یاسایەی لەپشتە. بۆیە پێموایە کێشەی ئێمەو پارێزگار کاریگەریی دەبێت لەسەر پڕۆژەکان، چونکە پارێزگار یەکلایەنە کاردەکات.

**دەستوور:** ئێستا پڕۆژەکانی ئێوە هەمووی وەستاوە؟

**کاوە عەبدوڵڵا:** پڕۆژەکانمان هەمووی نەوەستاوە، پڕۆژەکان بەردەوامن.

**دەستوور:** بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەیەک، دەبێت رەزامەندیی پارێزگار وەربگرن، یان ئێوە سەربەخۆ بڕیاری جێبەجێکردنی دەدەن؟

**کاوە عەبدوڵڵا:** لەئەنجامدانی پڕۆژەکاندا، هیچ هاوئاهەنگییەک لەنێوانمان ئێمەو پارێزگاردا نییە، ئامادەش نین هاوئاهەنگی لەگەڵدا ئەنجامبدەین.

**دەستوور:** لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا گرنگترین ئەو پڕۆژانەی ئەنجامتانداوە چین؟ رەخنەی زۆر لەو پڕۆژانە دەگیرێت کەئێوە ئەنجامتانداوە؟ ئەوەش بەهۆی بوونی کەموکوڕیو هەروەها ئەنجامدانی چەند پڕۆژەیەک کەپێویست نین؟

**کاوە عەبدوڵڵا:** ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی تەنیا پڕۆژەی ئەنجامنەداوە. ئێمە هاریکارو هاوکارێکی باشی حکومەتی هەرێم بووین، ئێمە هاوژینیو هاوکاریمان لەنێوان لیستەکانی یەکێتیو پارتیو کۆمەڵو یەکگرتوو لەئەنجومەنی پارێزگا دروستکردووە، کەپێشتر لەنێوان ئەو لایەنانەدا شەڕو ناکۆکی هەبووە. ئەو بودجەیەی ساڵانە هەمانبووە، بەیەکسانیو بەپێی ژمارەی دانیشتووان بەسەر هەموو ناوچەکانی پارێزگای سلێمانیدا دابەشمانکردووە. ئێمە یەکەم دەزگا بووین لەهەرێمی کوردستاندا کەبودجەی ساڵانەمان ئاشکراکردووە. ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لەماوەی تەمەنیدا ١ ترلیۆن دیناری بۆ ئەنجامدانی پڕۆژە خەرجکردووە. نزیکەی ١٣٠٠ پڕۆژەی خستووەتە بواری جێبەجێکردنەوە. بایی نزیکەی ١٠٠ ملیار دینار پڕۆژەی وەرزشیمان ئەنجامداوە، بایی ٨٠ ملیار دینار پڕۆژەی دروستکردنی بینای قوتابخانەمان ئەنجامداوە. ئێمە بنکەی ژینمان دروستکردووە، کەناوەندێکی کلتوورییە. ئەندەرپاسو بەرزەپردی چوارڕێیانی سەرچنارمان دروستکردووە. باشترین بینامان بۆ پارێزگای سلێمانی لەنزیک بەکرەجۆ دروستکردووە.

**دەستوور:** شۆفێرانو هاووڵاتیان، ئەندازیارانی رێگەوبان رەخنە لەدروستکردنی پڕۆژەی ئەندەرپاسی بەردەم مۆزەخانەی سلێمانی دەگرن، ئەوەش بەوەی کەکێشەی هاتوچۆی لەسلێمانی چارەسەرنەکردووە، وەڵامی ئێوە چییە؟ بۆچی پڕۆژەیەکی ئاوا ئەنجامدەدەن، بەپارەیەکی زۆر، بەڵام سوودێکی ئەوتۆی نییەو کێشەی هاتوچۆ چارەسەر ناکات؟

**کاوە عەبدوڵڵا:** ئەوانەی رەخنە لەئەندەرپاسەکە دەرگرن، چاویان پێی هەڵنایەت. ئەوانەی وا دەڵێن با بێن چی زیادەیە لێی لابەرن. ئەندازیارەکانی رێگەوبان خۆیان چییانکردووە بۆ سلێمانی.

**دەستوور:** یەکێک لەئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی دەڵێت ئەنجومەنی پارێزگا نایاساییە، بەو پێیەی هیچ یاسایەک نییە کاری ئەو ئەنجومەنەی دیاریکردبێتو رێکیخستبێت، کاتێک ئێوە نایاسایی بن، ئەی چۆن بەپارێزگاری سلێمانی دەڵێن نایاسایی؟

**کاوە عەبدوڵڵا:** ئەوەی کەدەڵێت ئەنجومەنی پارێزگا نایاساییە، خۆی لەیاسا تێنەگەیشتووە. ئەنجومەنی پارێزگا یاساییە، لەهەموو پارێزگاکانی عێراق، بەیەکەوە هەڵبژێراوە. ئەگەر ئەنجومەنی پارێزگا نایاسایی بێت، ئەوا حکومەتی هەرێمو حکومەتی عێراقو پەرلەمانیش نایاساییە، چونکە هەموویان بەیەکەوە هەڵبژێراون، ئەگەر وابێت ئەم وڵاتە هەمووی نایاساییە. ئێمە لەدایکبووی بڕیارێکی یاسای بریمەرین.

**دەستوور:** بەڵام یاسای بریمەر لەساڵی ٢٠٠٧ەوە وەستاوەو کاری پێناکرێت، ئێوە دەڵێن چی؟

**کاوە عەبدوڵڵا:** ئەو یاسایە وەستاوە، بەڵام هیچ یاسایەک نەهاتووە ئەو یاسایەی بریمەر رەتبکاتەوەو شوێنی بگرێتەوە. ئێمە بەیاسای ٧١ی بریمەر هاتووین، دووجاریش پەرلەمانی کوردستان ماوەی کارکردنی بۆ درێژکردووینەتەوە. ئەگەر ئەنجومەنی پارێزگاکان نایاسایی بێت، پەرلەمانی کوردستان دەچێت خۆی بەئەنجومەنێکەوە سەرقاڵ بکات، کە نایاسایی بێت؟ بۆیە پێموایە ئەو بۆچوونە تێنەگەیشتنە لەیاسا.

**دەستوور:** ئێوە بەپارێزگاری سلێمانی دەڵێن نایاسایی، ئەویش بەئێوە دەڵێت نایاسایی، ئەم دۆخە تاکەی بەردەوامدەبێت، چارەسەری چییە؟ شەرعیەت لای کامتانە؟

**کاوە عەبدوڵڵا:** ئاساییە پارێزگار بەئێمەو ئێمەش بەپارێزگار بڵێین نایاسایی، چونکە ئەگەر لەوڵاتێکدا بژیت یاسای تیدا نەبێت، ئیتر ئەوە ئاساییە. سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی حکومەتو جێگرەکەیو سەرۆکی پەرلەمانو جێگرەکەیو وەزیری ناوخۆ بڕوایان بەیاسا نییە. ئەگەر بڕوایان بەیاسا هەبێت، ئێمە نامەیەکمان بۆ ناردوون، داوامانکردووە یاسا بچەسپێنن، بەڵام تائێستا کەسیان وەڵامیان نەداوەتەوە. وەڵامنەدانەوەیان، بڕوانەبوونیانە بەیاسا.

**دەستوور:** ئەو نامەیە چۆنە کەناردووتانە بۆ ئەو لایەنانە؟ داوای چیتانکردووە؟

**کاوە عەبدوڵڵا:** ئێمە بەناوی ئەنجومەنی پارێزگاوە داوامانکردووە وەرن با یاسا بچەسپێنین، کاتێک ئەوان نایەن بەدەنگتەوە، مانای وایە یاسا نییە.

**دەستوور:** لەماوەی رابردوودا لیژنەی ناوخۆی پەرلەمان بەمەبەستی ئاگاداربوون لەکێشەکانتان، سەردانی ئەنجومەنی پارێزگای کردو لەگەڵتاندا کۆبوونەوە، ئەنجامەکەی گەیشتە کوێ؟ هیچ بڕیارێک لەو لیژنەیەوە درا؟

**کاوە عەبدوڵڵا:** لیژنەکە بەتایبەت بۆ زانینی کێشەکانی ئێمە نەهاتبوون، بەڵام لەگەڵ ئێمەش کۆبوونەوەو کێشەکانی ئێمە بووە کێشەی سەرەکیی باسەکەو کۆبوونەوەکە. بەڵێنیاندا لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان بەدواداچوونی بۆ بکەن، بەڵام تائێستا نە سەرۆکی پەرلەمانو نە لیژنەی ناوخۆ گرنگیان نەدا بەئەنجومەنی پارێزگاکانو لەخەمی کێشەکانی ئەنجومەنی پارێزگادا نین. وا پێدەچێت ئەم دەڤەرە لەئەجندای کارەکانی ئەواندا نەبێت.

**دەستوور:** هەندێک لەو پرۆژانەی ئێوە ئەنجامیدەدەن، پرۆژەی حیزبین، وەک دروستکردنی هۆڵی کۆبوونەوەکان لەناو مەڵبەندی یەکێتی لەسلێمانی، ئەوە خزمەتکردنی حیزب نییە لەبری خزمەتکردنی خەڵک؟

**کاوە عەبدوڵڵا:** ئەو قسەیە شێواندنی کارەکانە. ئێمە لەزۆر بواردا کارمانکردووە، چەندان هۆڵمان بۆ کۆبوونەوەو وەرزش دروستکردووە. ئەو هۆڵەی بۆ مەڵبەندی سلێمانی دروستکراوە، لەبەرئەوەی جێگە هەبووە بۆ دروستکردنی هۆڵ. ئەو هۆڵەش تەنیا بۆ مەڵبەندی سلێمانی بەکارنایەت، بگرە بۆ چالاکیی ئەو ناوچەیە بەکاردێت. ئەوەش شتێکی ئاساییە.

**دەستوور:** بۆ لەشوێنێکی دیکە دروستنەکرا؟ بۆچی لەناو مەڵبەندا؟ ئەو هۆڵە دەبێتە هۆڵێکی حیزبی، ئەوەش هەڵەیەک نییە ئێوە ئەنجامتان دابێت؟

**کاوە عەبدوڵڵا:** ئەو پرۆژەیە لەسەر بودجەی گەشەپێدانی هەرێمەکان ئەنجامدراوە. گەشەپێدانی هەرێمەکانیش هەموو بوارەکان دەگرێتەوە، کەیەکێکیان دروستکردنی هۆڵە. لەهەر جێگەیەک دروستبکرێت ئاساییە. ناشبێتە هۆڵێکی حیزبی. خۆ ئەگەر یارمەتی حیزبێکیش بدەی ئاساییە، ئێمە بۆ چەندان یانەی وەرزشیو مزگەوت کارمانکردووە، قەیچێکە با بۆ حیزبێکیش کاربکەین. هەر حیزبێکی تریش بێت، بۆی دروستدەکەین. چونکە ئێمە حیزبایەتیمان لەئەنجومەنی پارێزگادا نەکردووە.

**دەستوور:** کۆمسیۆن رایگەیاندووە لەکۆتایی مانگی تشرینی یەکەم هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لەسلێمانیو هەولێرو دهۆک ئەنجامدەدرێت، ئێوە پشتگیریی ئەنجامدانی ئەو هەڵبژاردنە دەکەن، یان پێتانباشە ئەو هەڵبژاردنە ئەنجامنەدرێتو ئێوە لەسەر کار بمێننەوە؟

**کاوە عەبدوڵڵا:** بۆچوونی جیاواز هەیە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا. من قسەم لەگەڵ بەڕێوەبەری ئۆفیسی سلێمانیی کۆمسیۆن کردووە، دەڵێت ئێمە ئاگادارنەکراوینەتەوە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان. لیژنەی ناوخۆی پەرلەمانیش رایانگەیاند داواکاریی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان چووەتە لایان، سەرۆکی حکومەت داوای لێکردوون کە تا ٣١ی تشرینی یەکەمی ئەمساڵ هەڵبژاردن ئەنجامبدرێت، ئەوانیش وەڵامیانداونەتەوە کە با ئەنجامبدرێت، بەڵام رۆژی ئەنجامدانی دیارییبکەن. کەواتە پەرلەمانیش لاریی نییە لەئەنجامدانی ئەو هەڵبژاردنە، بەڵام تائێستا کات دیارینەکراوە بۆ ئەو هەڵبژاردنە. پێشموایە داهاتووی ئەنجومەنی پارێزگاکان، داهاتوویەکی ناڕۆشنە.

**دەستوور:** ئێوە پێتانباشە ئەو هەڵبژاردنە ئەنجامبدرێت؟

**کاوە عەبدوڵڵا:** ئێمە پێشوازی لەهەموو هەڵبژاردنەکان دەکەین، تائێستاش چوارجار داوای ئەنجامدانەوەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانمان لەسەرۆکی هەرێمو حکومەتو پەرلەمان کردووە، چونکە ئەنجامنەدانەوەی ئەو هەڵبژاردنە، دەستخستنە بیناقاقای دیموکراسییە، بڕوانەبوونە بەدەسەڵاتی گەل، هەروەها بڕوانەبوونە بەلامەرکەزیەت.

**دەستوور:** پێتوایە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، کێشەکانی نێوان ئێوەو پارێزگارو کێشەی لیستی ١٠٩ چارەسەربکات؟

**کاوە عەبدوڵڵا:** کێشەی ئێمە لەگەڵ پارێزگاردا، کێشەی شەخسی نییە، بەڵکو کێشەی نەبوونی یاسایە. کێشەی ئێمە کێشەی ئەنجومەنێکی هەڵبژێراوە، لەگەڵ کێشەی پارێزگارێکی سەپێنراو.

**دەستوور:** ئەنجامدانی هەڵبژاردن ئەو کێشەیە بەلایەکدا دەخات؟

**کاوە عەبدوڵڵا:** ئەگەر هەڵبژاردن ئەنجامبدرێت، ئەو کێشەیە چارەسەردەکات، بەڵام من پێموایە هەڵبژاردن ئەنجامنادرێت. پێمسەیرە هەندێک کەس دەڵێن ئەنجومەنی پارێزگا نایاساییە، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا لەهەموو عێراقدا هەڵبژێراوە، بەڵام ئەنجومەنی شارەوانی لەیەک شاردا ئەنجامدراوە. ١٠ ساڵە کاردەکات، زەویی ئەم شارەی دابەشکرد، کەچی خەڵک دەڵێت یاساییە. بۆیە بابەتی نایاساییبوونی ئێمە، دەستێکی سیاسیی لەپشتەوەیە.

# بێ ناوەو بەدوای سپۆنسەریشدا دەگەڕێت

دەستوور

ڤیان مائی خانمە دەرهێنەری کورد، دوای ئەوەی کۆتایی بەکاری وێنەگرتنی یەکەم فیلمی سینەمایی خۆی هێنا، ئێستا بۆ تەواوکردنی فیلمەکەی بەدوای سپۆنسەرێکدا دەگەڕێت.

ڤیان مائی لەلێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی دەستوور وتی «دوای بەرهەمهێنانی سێ کورتە فیلم، بەم دواییە کارم بۆ یەکەم فیلمی سینەمایی کردو لە ٢٠ی ئایار کاری وێنەگرتنی لەچەند شارو شارۆچکەیەکی کوردستان کۆتایی پێهات».

ڤیان ئاماژەی بەوەدا بودجەی کاری وێنەگرتنەکەی لەلایەن پارێزگای هەولێر دابینکرا، دوای ئەوەی وەزارەتی رۆشنبیریو لاوانی حکومەتی هەرێم وەڵامی داوایان نەدامەوە بۆ بەرهەمهێنانی ئەو فیلمە. مائی وتی «لەئێستادا بەدوای سپۆنسەرێکدا دەگەڕێم بۆئەوەی بتوانێت کاری مۆنتاژو دەنگو مۆزیکی بۆ ئەنجامبدات».

ئەو فیلمە لەسیناریۆو دەرهێنانی ڤیان مائی، لەگۆرانییەکی فۆلکلۆری کوردی بەناوی «خورشیدێ چاڤ ب خال» وەرگیراوە تائێستا هیچ ناوێک بۆ ئەم فیلمە دیاری نەکراوە، هەروەک دەرهێنەری ئاماژەی پێکرد.

لەو فیلمەدا چەند ئەکتەرێکی باشووری کوردستانو باکووری کوردستان بەشداران، دیار دەرسیم گۆرانیبێژی ناسراوی باکووری کوردستان لەگەڵ سیپەل ئەردۆگان خانمە ئەکتەر باکووری کوردستان رۆڵی سەرەکی دەبینن.

# کاروان عومەر تا ٢٠١١ سەما دەکات

موحسین یاسین

هونەرمەندی شانۆکارو سەماکار کاروان عومەر لەئێستادا سەرقاڵی خۆئامادەکردنو پرۆڤەیە بۆ کارێکی نوێی سەما کە بەنیازە لەسویسرا نمایشی بکاتو تاوەکو ٢٠١١ لەشارەکانی تری سویسرا بەردەوام دەبێت.

بریارە لەرۆژانی ٢٣و٢٤ی مانگی ئەیلولی ئەمساڵ لەوڵاتی سویسراو لەهۆڵی شانۆی (کۆڵەر) لەشاری (تزوگ) کاروان عومەر نوێترین کاری خۆی بەناوی (ژیانێکی تەواوە) لەرێگەی چوار سەماکارەوە پێشکەش بکات.

هەروەها بەنیازن لە٢٨ی تشرینی یەکەمی ئەمساڵ لەسەر شانۆی (لافۆرمی) لەشاری (لۆتزێرن) نمایشی بکەنو پاشان لەساڵی ٢٠١١دا لەشارەکانی دیکەی وڵاتی سویسرا نمایشی بکەن، وابریارە بۆ ساڵی داهاتووی خوێندنیش ناوبراو لەچەند قوتابخانەیەکی ئەو وڵاتەدا وانەی سەما بڵێتەوە.

هونەرمەند (کاروان عومەر) دەرچووی بەشی شانۆی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدادەو لەساڵی ٢٠٠٩ بڕوانامەی ماستەری لەئەکادیمیای زیورخ بۆ سەما لەسویسرا بەدەستهێناوە.



# ١٣٨ ئەلبوومو ٩٣ کلیپ بەرهەمی دە ساڵەی چوارچرایە

## نهێنییەکانی چوارچرا لەدوای عیرفان زەنگەنە ئاشکرادەکرێت

ژەنیار لەهەولێر

کۆمپانیای چوارچرا بۆ بەرهەمهێنانی هونەری، لەیادکردنەوەی دە ساڵەی تەمەنی خۆیدا، ١٣٨ ئەلبوومو ٩٣ کلیپی گۆرانی وەک بەرهەمی دە ساڵی رابردووی خۆی راگەیاندو ئەندامێکی کۆمپانیەکەش وتی «لەچلەی کۆچی دوایی عیرفان زەنگەنەدا زۆر شت هەیە ئاشکرای دەکەین».

لەئوتێلی چوارچرا لەهەولێر، بەئامادەبوونی چەند کەسایەتییەک، کۆمپانیای چوارچرا بۆ بەرهەمهێنانی هونەری، یادی دە ساڵەی دامەزراندنی خۆی کردەوە.

سەفین ساڵح ئەندامی کۆمپانیای چوارچرا لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور، رایگەیاند «بەشانازییەوە دەڵێین کەکۆمپانیای چوارچرا یەکەم کۆمپانیای بەرهەمهێنانی هونەری بووە، ئەلبوومی گۆرانی بەشێوەی ئۆرجیناڵ بەرهەم بێنێت». هەروەها وتی «ئەم یادە ١٠ مۆمی پڕ لەپرسیار لەبەردەم وێنەی عیرفان زەنگەنەدا داگیرساند، ئەو پیاوەی کەتوانی خزمەتێکی گەورە بەهونەری کوردی بکات».

ئەو ئەندامەی کۆمپانیای چوارچرا ئاماژەی بەوەش کرد کە لەماوەی دە ساڵی رابردوودا، کۆمپانیای چوارچرا توانیویەتی «١٣٨ ئەلبوومو ٩٣ کلیپی گۆرانی بەرهەم بێنێت».

دەبارەی دیاریکردنی بەرێوەبەری نوێ بۆ کۆمپانیای چوارچرا لەدوای کۆچی دوایی عیرفان زەنگەنەوە، سەفین وتی «ئێستا هیچ شتێک ئاشکرا ناکەین، لەچلەی کۆچی دوایی عیرفان زەنگەنەدا زۆر شت هەیە ئاشکرای دەکەین».

عیرفان زەنگەنە خاوەنی ئوتێلو کۆمپانیای چوارچرا لەهەولێر، لەشەوی ٢١-٢٢ ئایاری ئەمساڵ بەهۆی جەڵتەی دڵەوە گیانیلەدەستدا.



دەشتی ئەنوەر

دوای بڵاوبوونەوەی سیدیە نوێیەکەی، هونەرمەند ئاڤان جەمال داوادەکات سیدیەکەی کۆپی نەکرێت، ئاماژەی بەوەدا بەهۆی کارێکی هونەرییەوە سیدیەکەی لەدهۆک بەرهەمهێناوەو ئەو کارەش سەری نەگرتووە.

هونەرمەند ئاڤان جەمال بەدەستووری راگەیاند «داوا لەهەموو لایەک دەکەم کەس کۆپی نەکاتو کۆپیش نەکرێت، چونکە ئێمە هەوڵێکی زۆر دەدەینو ماندوو دەبین».

سیدیە نوێیەکەی ئاڤان بەناوی (بۆ لاس) لەهەشت تراک پێکهاتووە چوار گۆرانیان بەشێوەزاری کرمانجیەو چواریشی سۆرانیە، لەستۆدیۆی (دەنگو رەنگ) لەدهۆک ئامادەکراوە.

هۆنراوەکانی ئەم بەرهەمە نوێیەی ئاڤان، هۆنراوەی هەریەکە لە «ساڵح بێچارو شێخ ئەنوەرو عیماد عەلیو ئەحمەد هەسنیو کەریم وەلی«یەو، ئاوازەکانیشی هەریەکە لە «محەمەد رەئوف کەرکوکیو عیماد عەلیو نەوژین محەمەد» ئامادەیان کردووە.

دەربارەی هۆکاری تۆمارکردنی ئەم بەرهەمەی لەدهۆک، ئاڤان وتی «بردنی ئەم سیدیەم بۆ دهۆک بەهۆی کارێکی هونەریەوە بوو کەچی ئەویش سەری نەگرتو بڵاوم نەکردەوە».



**تەرازوو** (٢٢ ئەیلول - ٢٢ ت. یەکەم)

وا هەست دەکەیت کەئەم هەفتەیەت خۆش نابێت، بەڵام بەپێچەوانەوە بەخت زۆر یاوەرت دەبێت. لەدوایین ساتەکاندا کارەکان بەئاقارێکدا دەڕۆن کە بەدڵی تۆیە، پێویستە گوێ لەئامۆژگارییەکانی ناخت بگریت ئەگەر نا پەشیمان دەبیتەوە.



**دوپشک** (٢٣ ت. یەکەم - ٢١ ت. دووەم)

هەفتەی داهاتوو چەن رۆژێکی زۆر دەگمەن چاوەڕێی تۆو دەوروبەرەکەت دەکات کەهەرگیز لەبیری ناکەن، بەتواناکانت هەموویانو خۆشت سەرسام دەکەیت. تۆو خۆشەویستەکەت گوێ بەوە نادەن خەڵک چۆن بیردەکاتەوەو چیتان لەسەر دەڵێ.



**کەوان** (٢٢ ت. یەکەم - ٢٠ ک. یەکەم)

کاریگەری ئەو دەست بڵاوییەت لەمانگەکانی رابردووداو بەتایبەتیش لەمانگی نیساندا، ئەم ماوەیە لەسەرت دەردەکەوێت، ئاگاداربە پلانی نوێ بۆ کڕینی هیچ شتێک دانەنێیت، چونکە گرفتی داراییو قەرز بەرۆکت دەگرێت.



**گیسک** (٢١ ک. یەکەم - ١٩ ک. دووەم)

کاتەکانی ئەم هەفتەیە گونجاون بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆشەویستەکەتدا بچنە دەرەوە یان سەردانی کەسێک بکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی نوێبوونەوەی پەیوەندییەکەتان، پێویستە کەمێک گورجوگۆڵ بیتەوەو تەمەڵی وەلا نێیت.



**سەتڵ** (٢٠ ک. دووەم - ١٨ شوبات)

گۆرانی بچوک لەشێوازی ژیانو ماڵەکەتدا کاریگەری گەورەی ئەرێنی لەسەر خۆشکردنی ژیانت جێدەهێڵێ. کەسانێک هاوبەشت دەبن لەجوانترکردنی ماڵەکەتداو هەندێکیشیان پێت سەرسامن بەوەی بەداهاتێکی کەم، کاری ناوازە دەکەیت.



**نەهەنگ** (١٩ شوبات - ٢٠ ئازار)

تۆ بەدوای خۆشەویستییەکی راستەقینەدا دەگەڕێت، بەڵام پێویستە وریا بیت لەوەی هەندێ پاڵنەر نەبنە هۆی ئەوەی وا هەست بکەیت کەسێکت خۆش دەوێو لەبنەڕەتیشدا بەوجۆرە نەبێت. لەماوەی داهاتوودا کەسێک دێتە نێو ژیانتەوە.

www.arsivakurd.org



# سلێمانی سەما دەکات

## هونەری بالێ .. سەرکەوتن .. ڕەخنەو توانج .. بەرەو فێستیڤاڵی نوێ

**دەشتی ئەنوەر**

بەڕێوەبەری فێرگەی بالێی سلێمانی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات لەگەڵ ئەوەی ڕووبەڕووی کێشەو گرفتو ڕەخنە بوونەتەوە کۆڵیان نەداوەو چەندین قوتابییان پێگەیاندووەو فێستیڤاڵی نوێ ئەنجامدەدەن.

بڕیارە فێرگەی بالێی سلێمانی دووەمین فێستیڤاڵی خۆی لەڕۆژانی ١٠ ـ ٦/١٢ لەهۆڵی تەلاری هونەر لەسلێمانی سازبکەن.

ڕووبار ئەحمەد بەڕێوەبەری فێرگەی بالێ لەسلێمانی وتی "ئەمساڵ دووەمین فێستیڤاڵ سازدەکەین، ئەمەش بۆ ئەوەیە خەڵکی کوردستان بزانن هونەری بالێ چۆنە".

هونەری بالێ یەکێکە لەهونەرە جیهانییەکان کە لەگەڵ ئۆپێرا پێکەوە هاتوونەتەبوون، مێژووی ئەو هونەرە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی ١٥٠٠، هونەرەکە لەسەردەمی ڕێنسانسەکاندا دروستبوون.

وشەی بالێ فەرەنسییە بەمانای سەما دێت، لەزۆربەی وڵاتاندا خوێندنگەی تایبەت بەبالێ هەیە، لەساڵی ٢٠٠٨ فێرگەی بالێی سلێمانی کرایەوە کەسەر بە بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی سلێمانییە.

دەربارەی مەرجەکانی وەرگرتنی خوێندکاران لەو فێرگەیە مامۆستا ڕووبار ئاماژەی بەوەدا کەئەو خوێندکارانەی دێنە لایان لەسەر ئارەزووی خۆیان هەڵیان دەبژێرینو وتی "بۆئەوەی بزانین لەڕووی تەندروستییەوە چۆنن، دەگونجێن یان نا، ئێمە لەپۆلی یەکەمی سەرەتاییەوە وەریاندەگرین تاوەکو پۆلی حەوت، ساڵی داهاتوو پۆلی هەشتەم دەکەینەوە تاوەکو دوا قۆناغ کەشەشەمی ئامادەیی پێدەوترێت".

بەڕێوەبەری فێرگەی بالێ وتی تاوەکو تەمەنی ١٣ساڵی بۆی هەیە لەخوێندنگەکەی خۆیەوە بێتە لایان، بەڵام وتی "دوای ئەوە ناتوانێ، چونکە ئێسکی ڕەق دەبێتو سودی لێوەرناگیرێت کاتێکیش تەواوی دەکات دەچێتە کۆلێژی هونەر".

لەهونەری بالێدا جەستە ئازادەو لەجوڵەی بەردەوامدایە، دەربارەی ئەو کێشەو گرفتە کۆمەڵایەتیانەی بۆیان دروستدەبێت م. روبار وتی "هەموو شتێک لەسەرەتادا دەبێت قوربانی بۆ بدەیتو دەدرێیتە بەر ڕەخنەش و توانجیش، ئەگەر ئێمە لەتوانجو ڕەخنە کۆڵبدەین کەوایە هیچمان نەکردووە".

بەڕێوەبەری فێرگەی بالێ ئەوەشی نەشاردەوە "ئێمە چەندین پۆستەرمان داناوە بۆ ڕێکلام کەئیش دەکەین دوای ڕۆیشتنو گەڕانەوەمان بۆ ئەو شوێنە، کەچی تەماشادەکەین دڕاوەو بەعەیبو گوناحو حەرامو تاوان کەوتونەتە دوامان".

یەکێکیتر لەکێشەکانی هونەری بالێ لەکوردستان ڕێگری خێزانەکانە لەچوونی منداڵەکانیان بۆ خوێندنی ئەم هونەرە.

م. رووبار وتی "منداڵمان هەیە دایکو باوک حەزیکردووە بێت، بەڵام نەنکی حەزی نەکردووە یان منداڵ حەزدەکات دایکو باوکی حەز ناکات بێت، ئێمە یاسایەکمان داناوە با باوکی منداڵەکە، منداڵەکە بێنێ دوو ڕۆژ تەماشای بکات ئینجا بڕیار بدات".

بەڕێوەبەری فێرگەی بالێی سلێمانی باسیلەوەکرد کە لەکەناڵێکی ڕاگەیاندندا هێرش کراوەتە سەریو وتی "من نەگەیشتوومەتە ئەوەی کەجەستە ڕووتبکەمەوە، من جەستە ڕووت ناکەمەوە، بەڵکو من خزمەت دەکەم، ئەم هونەرە فۆلکلۆری کوردیشی تێدایە، ئەو جلەی لەدەرەوە لەبەری دەکات لای ئێمەش بەهەمان جلە، بەڵام جەماوەر بەنییەتی تر دێتە پێشەوە".

# پەیمان عومەر دەگەڕێتەوە

**موحسین یاسین**

هونەرمەندی دوورە وڵات پەیمان عومەر لەم مانگەدا دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان، بۆ ئەنجامدانی چەند کارێکی هونەریو سەردانی خزمو کەسوکاری.

لەلێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی دەستوور ناوبراو ئاشکرای کرد کە لەناوەڕاستی ئەم مانگەدا بەنیازە بگەڕێتەوە بۆ کوردستان بۆ سەردانی خزمو کەسوکاریو ئەنجامدانی چەند کارێکی هونەری. هونەرمەند پەیمان عومەر لەساڵی ١٩٦٤ لەشاری سلێمانی لەدایکبووەو لەساڵی ١٩٧٧ەوە لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانی دەستیکردووە بەکاری هونەریو یەکەم گۆرانیشی بەناوی (لەباخا) بووە کەگۆرانییەکی هونەرمەندی کۆچکردو (حەسەن زیرەک)ە.

لەساڵی ١٩٩٩ خۆیو هاوسەرەکەیو ئارای کچی لەوڵاتی نەرویج ژیان بەسەردەبەن.



# ئاڤان جەمال: سیدییەکەم کۆپی مەکەن



**کاوڕ** (٢١ مارس - ٢٠ نیسان)

پێویستە هەندێک بیر لەڕابردوو و کەسایەتییە جیاوازەکانی نێو خێزانەکەت بکەیتەوە، بۆئەوەی جیاوازییەکانی نێوان خۆتو دەوروبەرەکەت ببینیت، ئەم هەفتەیە پێویستت بەوەیە زۆر کار بکەیت، ڕۆژی بەختت لەڕووی سۆزدارییەوە پێنجشەممەیە.



**گا** (٢١ نیسان - ٢٠ ئایار)

لەوانەیە تووشی هەندێک قەیرانی دارایی ببیت لەم مانگەدا، لەبەرئەوە پێویستە ئاگات لەخەرجییەکانی ڕۆژانەت بێت. پرۆژەی دیکە چاوەڕوانت دەکات. سەرەڕای هەموو ئەمانەش لەوانەیە داهاتت باشتر ببێت.



**دووانە** (٢١ ئایار - ٢٠ حوزەیران)

ڕەخنەکانت لەکەسانی دەوروبەرت هەندێجار دەبنە هۆی بێزاری بەرامبەرەکەت، پێویستە بیر لەڕەخنەکان بکەیتەوەو دواتر ئاراستەیان بکەی. ڕەوتی هەسارەکان ئامۆژگاریت دەکەن بەوەی ئەم ماوەیە بۆچوونەکانت نەدرکێنیت.



**قرژاڵ** (٢١ حوزەیران - ٢٢ تەموز)

ئەم هەفتەیە زۆر سەرقاڵ دەبیت بەکاری ماڵەوە یان کارەکانی دیکەی ژیانت. حەز دەکەیت هەموو شتەکانی ماڵەکەت جوانو ڕێکوپێک بن، ئاگاداربە کڕینی شتێکی باش چاکترە لەشتێکی بێ کەڵک، چونکە دواجار ناچار دەبیت کەبیگۆڕی.



**شێر** (٢٢ تەموز - ٢٢ ئاب)

ئەم هەفتەیە ئەوەندە بەشتە تایبەتەکانی ژیانتەوە سەرگەرم دەبیتو هەوڵی چارەسەرکردنی هەندێ کێشە دەدەیت، ناتوانی بەباشی کارەکانت ڕاپەڕێنی، لەبەرئەوەشە ئامۆژگاری دەکرێیت بەوەی گەشتێکی بچوک بکەیت.



**فەریک** (٢٢ ئاب - ٢٢ ئەیلول)

ماوەی چەند هەفتەیەک پێویستە لەسەرکێشییەکان دوورکەویتەوەو ئەمە هەفتەیەش یەکێکە لەو هەفتانە. کەلوپەلە کۆنەکانت فڕێمەدە تا تازەکان نەکڕیت. ئەگەر گوێ بەئامۆژگارییەکان نەدەیت ئەم ماوەیە زۆر بەزەحمەت تێدەپەڕێ.



فایەق سەعید
faiekk@hotmail.com

جیهانبینی پەروەردە

# لاساییکردنەوە قۆناغێکە لەزیرەکی

زۆربەمان زیرەکی گەورەکانو بەتایبەت ئەو بابەتانەی باس لەشتی ئەبسترکت دەکەن بەگرنگ لەقەڵەم دەدەینو شانازی پێوە دەکەینو پێمانوایە ئەوە قۆناغێکی گرنگی پرۆسەی بیرکردنەوەو زیرەکی مرۆڤایەتی پێکدێنێت، بەڵام بەهەمان ئەندازە کاتێک منداڵێکی ساوا لاسایی ئێمە یا هەر ئاژەڵێک دەکاتەوە بەهیچ شێوەیەک بەزیرەکی ناژمێردرین، بەڵکو وەکو ساتێکی خۆش بەسەریدا تێپەر دەبین. لەم گۆشەیەدا هەوڵدەدەم لەروانگەیەکی دەروونناسیو پەروەردەناسیەوە تیشکێک بخەمەسەر لاساییکردنەوەی منداڵان.

لاساییکردنەوە یەکێکە لەمێتودەکانی فێربوونی میکانیکیو دەچێتە خانەی پرۆسەی فێربوونەوە کەمنداڵ لەقۆناغی یەکەمی ژیانیدا بەشێوەیەکی زۆر بەربڵاو پەنای بۆ دەبات. لەهەمان کاتیشدا لاساییکردنەوە یارمەتیدەرێکە لەبواری گەشەسەندنی زمانو فێربوونی وشەی تازەدا، چونکە تەمەنی منداڵ رێگرە لەوەی بتوانێت بەوشە گوزارش لەشتەکانی بکات. دوای فێربوونی زمانیش منداڵ دەستدەکات بەدانانی وشە بۆ ئەو کردارە پراکتیکیانەی (لاساییکردنەوە) پێشتر فێریان بووە. ئەم پرۆسەیە هیچی لەو پرۆسەیە کەمتر نییە کەمنداڵ لەقۆناغەکانی دیکەدا (بۆنموونە قوتابخانە) لەرێگەی ئامرازو مێتودی دیکەوە فێری دەبێت، بەڵام ئەوەی وادەکات کەئێمە هەندێکجار نیشانەی پرسیار بخەینە سەر ئەژمارکردنی لاساییکردنەوە وەکو مێتودێکی فێربوون ئەوەیە کەئێمە زانیاریمان لەبارەی لاساییکردنەوەوە کەمە. بەشێک لەدەروونناسەکان لاساییکردنەوەی گەورەکان یا ئاژەڵەکان یا هەر شتێکی دیکە لەلایەن منداڵەکانەوە بەنیشانەی زیرەکی منداڵی دەزانن.

زیرەکی لەم قۆناغەدا لەروانگەی هەندێک لەبونیادگەراکانەوە بریتیە لەگەشەسەندنی پرۆسەی ئەسیمیلیزەکردنی کردارەکانی منداڵ لەگەڵ ستروکتورەکانی بیرکردنەوەدا، ئەڵبەتە بەو کردارانەشەوە کەمنداڵ لەدەرەوەی خۆی وەریان دەگرێتو دواتر لەرێگەی ئەکۆمۆداسیۆنەوە بۆمانی نمایش دەکاتەوە.

منداڵ لەرێگەی زیرەکی خۆیەوە دەتوانێت جۆرە هاوسەنگییەک لەنێوان هەردوو پرۆسەی ئەسیمیلاسیۆنو ئەکۆمۆداسیۆنەوە ئەنجامبدات بۆئەوەی کردارەکان لەبەرامبەر دەوروبەرەکەی نمایش بکات، بەڵام هەرکات منداڵ سودی لەجیهانی دەرەوەو کردارەکانی دەورووپشتەکەی بینی بەبێ ئەوەی بەکاریان بێنێتو لێیان تێبگات ئەوە ئەو کردارە دەبێتە لاساییکردنەوە، چونکە ئەسیمیلاسیۆن بەسەر ئۆکۆمۆداسیۆندا زاڵ دەبێت.

منداڵی ساوا لەبەر فێرنەبوونی زمانو سیمبۆلەکان بەناچاری پەنا دەباتە بەر لاساییکردنەوەی مرۆڤو ئاژەڵەکان بۆ بەرقەرارکردنی جۆرێک لەپەیوەندی کۆمەڵایەتی. کەواتە لاساییکردنەوە بۆ منداڵ شێوازێکە، کارکردنە لەبواری پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانداو پرۆسەیەکی زۆر گرنگە لەبواری زانیاری گۆڕینەوە لەنێوان منداڵو کۆمەڵگادا. هەندێکجار گەورەکان دەرک بەو پەیامانە دەکەن کەمنداڵی ساوا لەرێگەی لاساییکردنەوەکانەوە دەری دەبڕن، بەڵام هەندێ جاریش نا، ئەمەش وەکو حاڵەتی گەورەکان وایە کەهەندێکجار ئێمەش دەرک بەئاماژەکانی بەرامبەرەکەمان ناکەین. ژان پیاژێ لەکتێبی (یاری، خەونەکانو لاساییکردنەوە) دا باس لەدوو مەرج دەکات کە بەرلەوەی هەر لاساییکردنەوەیەک رووبدات بوونیان بەگرنگ دەزانێت:

یەکەم: دەبێ شێماکانی (ستروکتوری بیرکردنەوە) مێشکی منداڵ، لەکاتی بەرکەوتنی ئەم شێمایانەو ئەو داتایانەی منداڵ تا ئەو کاتە لەرێگەی ئەزموونەکانی خۆیەوە بەدەستی هێناون، قابیلی ئەوەبن کەدەسنیشان بکرێن.

دووەم: دەبێ عەقڵی منداڵ ئەم مۆدێلە لەگەڵ ئەزموونەکانی خۆی بەراورد بکاتو بتوانێت ئەسیمیلیزەی بکات.

لەکاتی یاریکردندا منداڵ سود لەکەسانی دیکەش دەبینێتو کردارەکانیان ئەسیمیلیزە دەکاتو دواتریش بەشێکیان دووبارە دەکاتەوە. بینینی کرداری ئەوانی دیکە هەندێکجار لەبێئاگاییشەوە ئەنجام دەگرێت، بۆ نموونە هەندێکجار دوو منداڵ بەتەنیشت یەکەوە یاری دەکەنو تەماشای جوڵانەوەو یارییەکانی یەکتر دەکەن. ئەم بینینەش پرۆسەی ئەسیمیلیزەکردنەکە بۆ منداڵ ئاسانتر دەکاتەوە. لەراستیشدا دووبارەکردنەوە یا لاساییکردنەوە دیاردەیەکی ناسراوە لەلای مرۆڤو گەورەکانیش زۆر جار پەنای بۆ دەبەن، بەڵام تاچەند منداڵەکان لەم لاساییکردنەوەدا داهێنان دەکەن، ئەمەیان مەسەلەیەکی دیکەیە.

ڤیگۆجیسکی لەکتێبێکی بچکۆلەدا کەسەنگایی خۆی ئاڵتون دێنێت بەناوی (فەنتازیاو داهێنان لەمنداڵیدا) باس لەوە دەکات کەلەرەفتارەکانی مرۆڤدا دوو جۆر کردار هەیە، یەکێکیان داهێنانەو ئەوی دیکەشیان دووبارەکردنەوەیە. لەیاریکردنی منداڵانیشدا مرۆڤ هەردوو ئەم کردارانە دەبینێت. بەرای ڤیگۆجیسکی منداڵ لەگەورەکانەوە فێری شت دەبێت، بەڵام هەوڵدەدات کەوەکو خۆیان دووبارەیان نەکاتەوە، بەڵکو گۆڕانکاریو داهێنانیان تێدا بکات، بۆیە ڤیگۆجیسکی دەنووسێت (یاری منداڵان زۆرجار بریتیە لەرەنگدانەوەی ئەو کردارانەی ئەوان لەگەورەکانەوە بیستویانە یا بینیویانە، بەڵام زۆر بەدەگمەن ئەوان ئەمە لەیارییەکانیاندا دووبارە دەکەنەوە).

پیاژێ لەهەمان کتێبدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات لەپێناوی ئەوەی لەسەرەتاکانی زیرەکی وردبێتەوە گەڕاوەتەوە بۆ دیراسەکردنی پەرچەکرداری منداڵان لەبەرامبەر ئەو شتانەی لەدوای لەدایکبوونیانەوە دێتە بەرچاویان. بۆیە لەنووسینەکانی خۆیداو بەتایبەت لەکتێبی (دەروونناسی زیرەکی)دا کەباسی قۆناغەکانی زیرەکی دەکات، قۆناغی هەست ـ جوڵەش (لەکاتی لەدایکبوونەوە تا تەمەنی ٢ ساڵان) بەقۆناغێکی زۆر گرنگ وەسف دەکات.




قوتابخانە ئاساییەکان نیگەرانن لەقوتابخانە ئەهلیەکان.
فۆتۆگراف: شەنگ هاشم

# راوی قوتابیە زیرەکەکان دەکرێت

## مامۆستایانی قوتابخانە ئاساییەکان دەڵێن قوتابخانە ئەهلیو نموونەییەکان قوتابی زیرەکیان لەلا نەهێشتین

شەنگ هاشم لەدهۆک

بەرێوەبەری قوتابخانە ئاساییەکان ئاماژە بەوە دەدەن، قوتابیە زیرەکەکان لەدەوری ئەوان نەماون بەهۆی کردنەوەی ژمارەیەک قوتابخانەی ئەهلیو نموونەییەوە، بەرپرسانی قوتابخانە ئەهلیەکانیش دەڵێن با ئەوانیش وەک ئێمە خۆیان پێشبخەن.

ماوەی چەند ساڵێکە چەندین قوتابخانەی ئەهلیو نموونەیی لەشارەکانی کوردستاندا کراوەتەوە، زۆرترینیشیان مەرجی وەرگرتنیان زیرەکی قوتابیەکەیە.

شیرین کەریم بەرێوەبەری ئامادەیی سازی کچان کەژمارەیەکی زۆر لەقوتابیەکانیان لەساڵانی رابردوودا چونەتە کۆلێژی بەرزو باڵا، وتی «ئێستا هەموو چاومان لەوەیە کەقوتابیەک بچێتە کۆلێژی پزیشکی یان ئەندازیاری، چونکە قوتابخانە ئەهلیو نموونەییەکان قوتابی زیرەکیان لەقوتابخانەکەماندا نەهێشتووە».

سدیق شەرۆ بەرپرسی راگەیاندنی بەرێوەبەری گشتی پەروەردەی دهۆک هاوڕانەبوو لەگەڵ قسەکانی م. شرین، وتی «دهۆک وەک هەر شوێنێکی تری ئەم جیهانە بەرەو قوتابخانەی ئەهلی دەچێت، قوتابخانەی ئەهلی زیاتر خزمەتی زانست دەکەن وانەی پراکتیکیان زیاترە لە قوتابخانە ئاساییەکان».

شەرۆ ئاشکرایکرد، هاندانی ئەو قوتابخانە ئەهلیانە دوو خاڵی گرنگی تێدایە، «وەک قوتابخانە ئاساییەکان زۆر بێسەروبەرە نین، قوتابخانەی ئەهلی مەرجی تەندروستی تێدایەو ناچارن پاکوخاوێن رابگرن، چونکە بۆ ئەو مەبەستە پارە وەردەگرن. خاڵی دووەم قوتابی لەقوتابخانە ئەهلیەکان تاوەکو ئێوارە لەقوتابخانە دەمێننەوەو ناچنە کۆڵانو لەشوێنێکی پەروەردەییدا دەمێننەوە».

ئەژین میرزا خاوەنی سێ منداڵە، دوو منداڵیان قوتابین لەقوتابخانەیەکی نموونەیی، ئەو بەئاستی قوتابخانە ئاساییەکان رازی نییەو وایلێکدەداتەوە کەمنداڵەکانی لەوێ زیرەک نابن.

ئەژین وتی «لەلایەکەوە قوتابخانە ئەهلیەکان باشەو لەلایەکی ترەوە هەموو پارەی ئێمە بۆ ئەو قوتابخانانە سەرف دەبێت، چونکە بۆ هەرساڵێکی خوێندن ٢٥٠٠ دۆلار دەدەین».

مەروان محەمەد بەرێوەبەری کارگێری لەکۆلێژی ئیشقی ئەهلی لەدهۆک ئاماژەی بەوەدا لەساڵێکدا بۆ منداڵانی باخچەی ساوایان ٢٥٠٠ دۆلارو بۆ قوتابیانی یەکەمو دووەمی بنەڕەتی ٢٢٥٠ دۆلار وەردەگرن.

مەروان وتی «با قوتابخانە ئاساییەکانیش خۆیان وەک ئەهلیەکان لێبکەن لەشوێنی ئەوەی بەتەنها خوێندنو نووسین هەبێت، با زیاتر گرنگی بەوانەی پراکتیکیو بەسوود بدەن، زیاتر رۆڵبدەن بەتاقیگەکان، بابەس تۆز لەسەر کۆمپیوتەرەکان بنیشێت هیچ سوودیان لێوەرنەگیراوە».

مامۆستایانی قوتابخانەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەدەن قوتابخانە ئەهلیەکان کۆمەڵێک خزمەتگوزاری تێدایە لەقوتابخانە ئاساییەکاندا نییە، وەک زۆری پێداویستیەکانیانو بوونی کارەبای بەردەوامو بینای گونجاو.

نەرمین یاسر مامۆستای قوتابخانەیەکی ئاساییە، ئاماژەی بەوەدا قوتابخانە ئەهلیەکان کارەبای بەردەوامیان هەیە، بەهۆی ئەوەی پارە لەقوتابی وەردەگرن، وتی «ئێمە کارەبامان نییە، هەندێجار پێنج قوتابیش لەسەر یەک کۆمپیوتەر کاردەکەن».

جەلالەدین سدیق یاریدەدەری بەرێوبەری گشتی پەروەردەی دهۆک روونیکردەوە قوتابخانە ئەهلیەکان لەژێر رێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردەدا دەکرێنەوەو لیژنەی تایبەت هەیە بۆ بەدواداچوونی کردنەوەی ئەو قوتابخانانەو سیستمی خوێندنیان، وتی «ئاستی خوێندن لەقوتابخانە ئەهلیەکان زۆرباشەو بایەخێکی گەورە دەدەن بەخوێندن، ئێمە رێ لەکەس ناگرین بۆ کردنەوەی قوتابخانەی ئەهلی، بەڵکو ئەوە بارسوکیەکیشە بۆ حکومەت».

وەسی سلێمان بەرێوەبەری گشتی پەروەردەی قەزای دهۆک بەدەستووری راگەیاند «قوتابخانەی ئەهلی باشیو خراپی خۆی هەیە، بەڵام باشیەکانی زیاترن لەخراپیەکانی».

بەرێوەبەری گشتی پەروەردەی قەزای دهۆک ئەوەشی نەشاردەوە کێشەی سەرەکی قوتابخانە ئەهلیەکان نەبوونی شوێنە، بەهۆی «خواستی زۆر لەسەر ئەو قوتابخانانە».

«
با قوتابخانە ئاساییەکانیش خۆیان وەک ئەهلیەکان لێبکەن لەشوێنی ئەوەی بەتەنها خوێندنو نووسین هەبێت، با زیاتر گرنگی بەوانەی پراکتیکیو بەسوود بدەن، زیاتر رۆڵبدەن بەتاقیگەکان، بابەس تۆز لەسەر کۆمپیوتەرەکان بنیشێت

www.marsinkurd.org

# کچانی دهۆک شوو بەپیاوی بەتەمەن دەکەن

## ترس لەقەیرەیی‌و لۆمەی خەڵك، کچانی دهۆك بەرەو هاوسەرگیریی ناچاری رادەکێشێت

شەنگ ماشم لەدهۆک

هەندێ لەکچان لەترسی شونەکردنیان‌و مانەوەیان‌و هەندێکیتریان لەبەر لۆمەی خەڵکی شوو بەپیاوی بەتەمەن دەکەن، بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی ژنانیش ئاماژە بەوە دەکەن لەم جۆرە هاوسەرگیرییەدا زۆرترین کێشەوگرفت دروستدەبێت.

پسپۆڕانی کۆمەڵایەتی دەڵێن ئەو خێزانانەی لەئەنجامی هاوسەرگیری کچێکی گەنج‌و پیاوێکی بەتەمەن دروستدەبێت، ئەگەری دروستبوونی کێشەو گرفتی زۆرەو گاریگەری دەبێت بۆ سەر ئایندەی خێزانەکە.

عەدلەی تەمەن ٣٨ ساڵ ماوەی ١٥ ساڵە شووی بەپیاوێکی تەمەن ٧٩ساڵ کردووە، وتی «مێردەکەم هەموو جارێک پێم دەڵێت من غەدرم لەتۆ کردووە، تۆ گەنجیت‌و من نەمتوانیوە هیچ خۆشیەک بۆ تۆ دروستبکەم، راستی هەر ئەوەیە هەندێ لەژنان دەبنە قوربانی بۆ هەندێ پیاو بەم شێوەیە».

قادر هاوسەری عەدلە ئاماژەی بەوەدا لەکاتی گەنجێتیدا ژنم هێنا، بەڵام بەهۆی نەخۆشیەوە ژنەکەی گیانی لەدەستدا، من بەتەنیا مامەوەو منداڵیشم نەبوو، ئەم ژنەشم هێناو تائێستاش منداڵمان نییە.

عەدلە وتی «من ئەگەر بمزانیایە کەسێکی هاوتەمەنی خۆم دێتە داخوازیم شووم بەپیاوێکی بەتەمەن نەدەکرد، بەڵام من ترسام شوو نەکەم‌و کەس نەیەتە داخوازیم».

د. سامی جەلال بەڕێوەبەری بەدواداچوونی توندوتیژی ژنان لەدهۆک بەدەستووری راگەیاند «ژمارەیەکی زۆر لەو حاڵەتانەی دێتە لای ئێمە، کچێکی بچوک شووی بەپیاوێکی بەتەمەن کردووە، کێشە لەنێوانیاندا دروستبووەو ژنەکە سکاڵای لەبەڕێوەبەرایەتییەکەی ئێمە تۆمارکردووە، لەسەر پیاوەکەی».

بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی ژنان لەدهۆک وتی «زۆربەی ئەو کێشانەی هاتووەتە لای ئێمە لەقەزاو گوندەکانی دەورووبەرەوە بووە».

ئەو کچانەی شوویان بەپیاوێکی بەتەمەن کردووە، دەڵێن لەبەر قسەو قسەڵۆکی خەڵکی ئەو ژیانەیان هەڵبژاردووە، پسپۆڕانی کۆمەڵایەتیش دەڵێن ئەو ژن‌و پیاوانە رووبەڕووی کێشە دەبنەوە، چونکە لەوانەیە پیاوەکە نەتوانێت خواستە جەستەییەکانی ژنەکە دابین بکات.

شان ناوی خوازراوی ژنێکە تەمەن ٣٠ ساڵە ئەویش تووشی هەمان کێشە بووە، بەدەستووری وت «من کچێکی تەمەن ٢٠ساڵە بووم شووم بەکوڕێکی گەنج کرد، من‌و هاوسەرەکەم لەیەک نەدەگەیشتین، بۆیە جیابووینەوە، ماوەی ٩ساڵ بەبێوەژنی مامەوەو کەس داخوازی منی نەکردەوە، خەڵکی بەچاوێکی زۆر کەم سەیری منیان دەکردو تانەو تەشەریان لەمەن دەدا، بۆیە من ناچاربووم شوو بەپیاوێکی تەمەن ٥٠ساڵە بکەم.

شان وتی «وەکو ئەوە وایە من لەدۆزەخێکدا بم، مێردەکەم داخوازییە جەستەییەکانی منی فەرامۆشکردووە».

کەسەر تاهیر توێژەری کۆمەڵایەتی دەربارەی ئەم دیاردەیە وتی «نائاساییە ئەگەر کچێکی بچوک شوو بەپیاوێکی بەتەمەن بکات، چونکە کاریگەری خراپ لەسەر ئایندەیان دادەنێت، لەوانەیە پیاوەکە نەتوانێت خواستی ژنەکە دابین بکات».

جدعان فازل مولازمی یەک لەبەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان ئاماژەی بەوەدا ئەو خێزانانەی ئەم جۆرە شووکردنەی تێدا روودەدات، توندوتیژی لەناو خێزانەکەدا هەیە، لەڕێگەیەک دەگەڕێت خۆی لەو کێشەیە رزگار بکات، بۆیە بەو شێوەیە شوو دەکاتو هەر کەسێک بێتە داخوازی رازی دەبێت.

جدعان وتی «زۆرترین ئەو کچانەی بەمشێوەیە شوو دەکەن، لەقەیرەبوون دەترسن‌و نیگەرانن لەوەی دایکو باوکیان بمرن‌و خوشکو برا بەخێویان نەکەن‌و رەزیل ببن».

> **نائاساییە ئەگەر کچێکی بچوك شوو بەپیاوێکی بەتەمەن بکات، چونکە کاریگەری خراپ لەسەر ئایندەیان دادەنێت، لەوانەیە پیاوەکە نەتوانێت خواستی ژنەکە دابین بکات**



«مێردەکەم داخوازییە جەستەییەکانی منی فەرامۆشکردووە».

# دەرمانخانەی لاکۆڵان، گەنجان ئالوودە دەکەن

## دەرمانە قەدەغەکراوەکان، گەنجانی ئالوودە کردووە

دەستوور لەخورماڵ

بەشێوەیەکی نایاسایی دەرمانخانە لاکۆڵانەکان چەند دەرمانێکی قەدەغەکراو دەفرۆشن، کە بووەتە هۆی ئالوودەبوونی ژمارەیەک لەگەنجان‌و بەرپرسانی تەندروستیش ئاماژە بەوەدەدەن بەهۆی کەموکورتی‌و نەبوونی ئەم حەبانە لەنەخۆشخانەکاندا، لەدەرمانخانەکاندا دەفرۆشرێن.

پسپۆڕانی بواری پزیشکی ئاماژە بەوە دەدەن دەبێت ئەو جۆرە دەرمانانە لەژێر چاودێری پزیشکی پسپۆڕدا بەکاربهێنرێت، بۆیە فرۆشتنی لەدەرمانخانەکاندا قەدەغەکراوە.

ئالان یاریدەدەری پزیشکە لەخورماڵ خاوەنی دەرمانخانەیەکە باسلەوە دەکات رێژەیەکی زۆر لەگەنجانی ئەم شارۆچکەیە سەردانی دەکەن، بەمەبەستی کڕینی ئەم حەبانە، وتی «رێژەیەکی زۆر گەنج سەردانمان دەکەن‌و داوای ئەم حەبانەمان لێدەکەن، ئێمەش ناچارین بیاندەینێ بۆ رێگرتن لەهەندێ حاڵەتی نائاسایی‌و بڵاوبوونەوەی هەندێک نەخۆشی کوشندە بەهۆی دووبارە بەکارهێنانەوەی دەرزی لەلایەن نەخۆشەکانەوە». هەروەها وتی زۆربەی ئەو کەسانەی روومان تێدەکەن ئامادەن بڕێکی زۆر پارە بدەن لەپێناو بەدەستهێنانی ئەم حەبانە.

هەرچەندە خورماڵ دەکەوێتە نزیک سنوری ئێران‌و ئەگەری هێنانی دەرمانی بەشێوەیەکی نایاسایی لێدەکرێت، خاوەن دەرمانخانەکان دەڵێن لەسلێمانی‌و هەڵەبجەوە ئەو دەرمانانە دەهێنین. ئالان وتی «ئەم حەبانە لەسلێمانی‌و هەڵەبجە دەهێنین».

نەوزاد لەلایەن سەندیکای پزیشکانەوە رێپێدراوە، ئاماژە بەهەبوونی ئەم حەبانە دەدات لەدەرمانخانەکەیدا، وتی «لەبەر زۆری جۆری ئەم دەرمانە وزەبەخشانەو جیاوازیان‌و نەبوونیان لەنەخۆشخانەی خورماڵ وەکو پێویست، نەخۆشەکان روودەکەنە دەرمانخانەکان ئێمەش پێیان دەدەین».

بەپێی رێنماییەکانی سەندیکای پزیشکانی کوردستان ٤٠ جۆری حەبو دەرمان قەدەغەکراوە لەدەرمانخانەکاندا بفرۆشرێت، هەرکەسێکیش بیفرۆشێت ئەوا سزا دەدرێت، بەڵام دەرمانخانەکان بەنهێنی ئەم کارە دەکەن.

د. کاوە لەسەندیکای پزیشکانی کوردستان لقی خورماڵ ئاماژە بۆ زیانی ئەم حەبانە دەداتو دەڵێت «زۆر بەکارهێنانی ئەم حەبانە لەلایەن چینی گەنجانەوە دەبێتە هۆی ئالوودەبوون‌و وازهێنان لێی ئاسان نییە».

(کۆداین، ڤالیۆم، نارتان، کلۆنازیپام، تکرتۆل، فینوباربیتال، ریسپریدۆن، ئارتین، لۆرتین، هایدرۆکسیزین، ئیمیپرامین، دێگزامیسازۆن، دایزیپام) لەگرنگترین جۆری ئەو دەرمانانەن کە قەدەغەکراون‌و لەدەرمانخانەکاندا دەفرۆشرێتو هۆکارێکە بۆ ئالوودەبوونی بەکارهێنەرەکانی.

د. کاوە وتی «ئێمە وەکو سەندیکا ئەم حەبانەمان قەدەغەکردوە نابێت بەهیچ شێوەیەک لەدەرمانخانەکاندا هەبن تەنها لەنەخۆشخانەکاندا هەن».

ئەمیر خاوەنی دەرمانخانەیەکی ترە وتی «بەهۆی زۆر بەکارهێنانی ئەم حەبە هۆشبەرانەوە بەکارهێنەرەکانیان لەتوانای جەستەیی دەکەون‌و بەبێ بەکارهێنانی چارەسەری تایبەت ناتوانن بەئاسانی لەشوێنی خۆیان بجوڵێن».

بەرپرسانی تەندروستی ئاماژە بەوە دەدەن ئەو دەرمانانە لەلایەن سەندیکای پزیشکانەوە قەدەغەکراوەو ئەو دەرمانانە دەبێتە هۆی ئالوودەبوونی بەکارهێنەرەکانی.

دکتۆر عەزیز شەوکەت بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی خورماڵ بەدەستووری راگەیاند «ئەم حەبانە لەنەخۆشخانە دەنووسرێن کەهەندێ نەخۆش پێویستیانەو پێی باش دەبن، چونکە ئەگەر ئەم حەبانە بەکارنەهێنن لەوانەیە لەماوەیەکی کەمدا حاڵەتی دەروونییان بەرەو خراپبوون بچێت یان نەتوانن بەسەر ئیرادەی خۆیاندا زاڵببن یان بخەون».

بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی خورماڵ وتی «وەکو نەخۆشخانە لیستی (٤٠) دەرمانە قەدەغەکراوەکانمان داوە بەدەرمانخانەکان کە بەهیچ شێوەیەک نابێت لەدوکانەکانیاندا هەبێت، بەڵام بەهۆی کەموکورتی‌و نەبوونی جێگرەوە (بەدیل)ی ئەم حەبانە لەنەخۆشخانەکاندا، لەدەرمانخانەکاندا دەفرۆشرێن».

> **بەهۆی زۆر بەکارهێنانی ئەم حەبە هۆشبەرانەوە بەکارهێنەرەکانیان لەتوانای جەستەیی دەکەون**


وەزارەتی تەندروستی چاودێری دەرمانخانەی لاکۆڵان ناکات.



www.arsivakurd.org

# «گۆڕان بەرێکەوت بوو بەرێکخراوی سیاسیو ئۆپۆزیسیۆن»

## د. کەمال سەید قادر نووسەرو روناکبیر بۆ دەستوور



**د. کەمال سەید قادر نووسەرو روناکبیری ناودار، لەچاوپێکەوتنێکدا کەدەستوور لەگەڵیدا سازیداوە، دەڵێت تەنها ئیسلامییەکانو کۆمۆنیستەکان ئۆپۆزیسیۆنی سیستمی سیاسی کوردستانن، ئەوانی دیکە ئۆپۆزیسیۆنی حکومەتی هەرێمن.**
**د. کەمال سەید قادر کەبەرەخنە توندو راستەوخۆکانی ناسراوەو لەسەر ئەوەش لەلایەن پارتییەوە ٣٠ ساڵ حوکمدراو دواتر لەژێر فشارە ناوخۆییو نێودەوڵەتییەکاندا ئازادکرا، بڕوای وایە بزووتنەوەی گۆڕان دەرئەنجامی شکستی کودەتایەک بوو دژ بەتاڵەبانی، بۆیە تائێستا هیچ پرۆگرامو فەلسەفەو روانگەیەکی جیایان نییە.**

**سازدانی: وریا حەمەتاهیر**
**بەشی یەکەم**

**دەستوور:** چاوەڕواندەکرا هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان بەگشتی لەدوای ٢٥-٧-٢٠٠٩وە گەشە بکەن، بەڵام ئەوە رووی نەدا، بۆچی؟، لەگەڵ ئەوەشدا وەک تێبینی دەکرێت لەلایەنی دەسەڵاتەوە هیچ بەخۆداچوونەوەیەکی جدیو ئاوڕلێدانەوەیەک بەرووی خەڵک رووی نەدا؟

**کەمال سەید قادر:** ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی لەهەرێمی کوردستاندا بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆرە، یەکەمیان ئۆپۆزیسیۆنی سیستمی سیاسی کوردستانە، واتە ئەو لایەنە سیاسییانەی کەدەیانەوێت سیستمی سیاسی کوردستان بگۆڕن، وەکو کۆمۆنیستەکان کەوا دەیانەوێت سیستمی حوکمی مارکسی یا دیموکراسی سەنتەراڵیزم لەهەرێمدا دابمەزرێنن، لەگەڵ هێزە ئیسلامییەکان کەوا لەهەوڵی دامەزراندنی سیستمی حوکمی ئیسلامین، جۆری دووەمیشیان ئۆپۆزیسیۆنی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، واتە ئەو رێکخراوە سیاسییانەی کەدەیانەوێت دەسەڵاتی سیاسی لەرێگای هەڵبژاردنەوە لەژێر دەستی پارتیو یەکێتی دەربهێنن، وەکو حیزبی زەحمەتکێشانو بزووتنەوەی گۆڕان بۆنموونە. سەبارەت بەگەشەکردنی لایەنی ئۆپۆزیسیۆن لەپاش ٢٠٠٩/٧/٢٥ هێزە ئیسلامییەکان نەیانتوانی گەشەیەکی وابکەن لەهەرێمی کوردستاندا، چونکە لایەنگرانی ئایدۆلۆجیای سیستمی حوکمی ئیسلامی لەهەرێمی کوردستاندا رێژەیەکی نیمچە نەگۆڕە لەنێوان لە٥-١٥٪ لەکۆی دەنگدەران، هێزە مارکسییەکانیش لەپاش رووخانی بلۆکی سۆڤییەتییەوە کاریگەرییەکی وایان نەماوە، چونکە فەلسەفەکەیان بەئاسانی بۆ گەلی کوردستان هەزم ناکرێت، تاڕادەیەکیش نامۆیە لەگەڵ واقیعی کۆمەڵگای ئێمە. ئەوەی دەمێنێتەوە بزووتنەوەی گۆڕانە کەخۆی لەئەسڵدا بزووتنەوەیەکی سیاسی نەبوو، بەڵکو هەوڵێکی کودەتا بوو لەسەر سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بەڕابەرایەتی کاک نەوشیروان، کەچاوەڕوانی ئەوەبوو مام جەلال بەهۆی باری تەندروستییەوە لاواز بووبێت، یا هەر نەمێنێت تا جێگای بگرێتەوە، بەڵام کەهەوڵی کودەتاکە فەشەلی هێنا، کاک نەوشیروان بەناچاری تاکتیکی خۆی گۆڕی، بزووتنەوەیەکی سیاسی راگەیاند، لەسەرەتادا توانی دەنگێکی نارەزایی زۆر لەخۆی کۆبکاتەوە، بەڵام نەیتوانی پرۆگرامێکی هەمەلایەنەی نوێ پێشکەش بکات، بۆیە زۆر لەلایەنگرانی لەم بزووتنەوەیە کشانەوە، لەڕاستیدا بزووتنەوەیەکی تایبەتی کاک نەوشیراونە، نە پرۆگرامێکی سیاسی جیای هەیەو نەفەلسەفەو ئایدۆلۆجیایەکی جیا لەیەکێتیو پارتی، بزووتنەوەیەکی لەم جۆرەش مەحاڵە بتوانێت گەشە بکات، چونکە رادەی ئاگاداری سیاسی لەهەرێمی کوردستاندا تاڕادەیەکی زۆر بەرزە، جەماوەر راستو چەوتی سیاسی لەیەکتر جیادەکاتەوە، وا بەئاسانی بەشێوەیەکی بەردەوام فریو نادرێت. یەکێتیو پارتیش لەپێش هەڵبژاردنەکانی ٧/٢٥ لەخەڵک بێمنەت بوون، وانەیەکی بەسودیان وەرگرت، لەبورجی عاجی لوتبەرزیان هاتنەخوارەوە بۆ ریزەکانی خەڵک، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کەوا رادەی نارەزایی جەماوەر لێیان کەمێک نزمبێتەوە، بەتایبەتیش یەکێتی بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو لەخەڵک دوورکەوتبووەوەو نقومی گەندەڵی ببوو. ئەم هۆکارانە هەموویان بەڕای من سنوورێکیان بۆ گەشەکردنی ئۆپۆزیسیۆن دیاریکرد.

> بزووتنەوەی گۆڕان، نەیتوانی پرۆگرامێکی هەمەلایەنەی نوێ پێشکەشبکات، بۆیە زۆر لەلایەنگرانی لەم بزووتنەوەیە کشانەوە

> ئۆپۆزیسیۆن، تۆبەی بەیەکێتی لەلوتبەرزیو غرور کرد

> ئەوەی ستراتیجی گۆڕینی سیستمی سیاسی کوردستانی هەبێت، تەنها حیزبە ئیسلامییەکانو مارکسییەکانن

> بزووتنەوەی گۆڕان نە پرۆگرامێکی سیاسی جیای هەیەو نەفەلسەفەو ئایدۆلۆجیایەکی جیا لەیەکێتیو پارتی

**دەستوور:** سەرەڕای بوونی نارەزاییەکی بەرفراوانی خەڵک، بەڵام ئۆپۆزیسیۆن نەیتوانی هەڵبژاردن بباتەوە، پرسیار ئەوەیە بۆچی خەڵکی نارازی دەنگی بەهێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان نەدا؟

**کەمال سەید قادر:** هەروەک لەپێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، ئۆپۆزیسیۆن هەریەکەو بەپێی ئایدۆلۆجیاو تاکتیکو ستراتیجییەتی خۆی لەلایەن دەنگدەرانەوە مامەڵەی لەگەڵدا کرا، بەڵام گرنگترین خاڵ ئەوە بوو کەوا یەکێتی زوو بەخۆی گەیشت، هانای بۆ جەماوەر هێنایەوە، تۆبەی لەلوتبەرزیو غرور کرد، بۆیە توانی ئەو دەنگە نارەزاییانەی کە لەسەر حیسابی یەکێتی بۆ لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن دەچوون، تاڕادەیەک بەلای خۆیدا بکێشێتەوە.

**دەستوور:** دوای نزیکەی ساڵێک، هێشتا گۆڕان کەنمایەدەی سەرەکی ئۆپۆزیسیۆن دەکات، خۆی رێکنەخستووە، هێشتا ئۆرگانو سەرکردە رەسمییەکانی دیار نین، تائێستاش چۆنییەتی بڕیاروەرگرتن روون نییە، ئەمە تاچەند کاردەکاتە سەر بێمتمانەیی سەرکردەکانی بزووتنەوە بەدۆخەکە، دواتریش متمانەی جەماوەر بەوان؟

**کەمال سەید قادر:** هەروەکو پێشتر هەوڵمدا روونیبکەمەوە ئەوەی ئێستا بەبزووتنەوەی گۆڕان ناسراوە لەستراتیجییەتی کاک نەوشیرواندا نەبوو، چونکە ستراتیجییەتەکە لەسەرەتادا دەست بەسەرداگرتنی سەرکردایەتی یەکێتی بوو لەڕێگای کودەتایەکی پێشتر ئامادەکراو بۆ ماوەیەکی درێژ، بەڵام فەشەلی هێنا، جا راگەیاندنی بزووتنەوەی گۆڕان تاکتیکی نوێیە بۆ خۆدەربازکردن لەدەرئەنجامەکانی ئەم کودەتایە، ئەگەر کراش، هەرچەندە مەحاڵە هاتنەسەر دەسەڵات لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە. پرۆسەکەش بەهەموو شێوەیەک جێگای رەزامەندی پارتی بوو و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ سوودمەندی سەرەکی ئەم کودەتایە بوو، بەدووریشی نازانم ناڕاستەوخۆ هاریکاری کودەتاکەی کردبێت. ئەم جۆرە تاکتیکانەش زۆر ئاسایین لەسیاسەتدا. جا بۆیە کەگۆڕان ئێستا چوارچێوەیەکی رێکخراوی سیاسی نییە، بێ فەلسەفەو پرۆگرامە، سەرکردایەتییەکی رەمەکیو بێ شەرعییەتی دیموکراسیشی هەیە، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەوان لەئەسڵدا یەکێتییان بەموڵکی خۆیان دادەنا، کێشەیان تەنها لادانی مام جەلال بوو، بەڵام ئەو بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو تەندروستی ئاسایی بووەوە، بۆیە کاک نەوشیروان هەر بەپێویستی نەزانی خۆی بۆ راگەیاندنی رێکخراوێکی سیاسی نوێ ئامادەبکات، ئەمەش ئەم بزووتنەوە بێ سەرووبەرەی گۆڕانی ئێستای لێ دروستبوو، لەبارچوونێک بوو نەک لەدایکبوونێکی سرووشتی. جەماوەری کوردستانیش وەکو جەماوەرێکی ئاگاداری بواری سیاسی، هەست بەم بارە ناسرووشتییەی بزووتنەوەی گۆڕان دەکەن، بۆیە گومانیان لا پەیدابووە ئەو گومانەش بەهاندانی شۆڤینییەتی ناوچەگەری قەرەبوناکرێتەوە کەفێڵێکی کۆنی سیاسەتە.

**دەستوور:** چۆن دەڕوانیتە تێگەیشتنو مامەڵەی گۆڕان لەئۆپۆزیسیۆنبوون، ئایا ئەوان توانیویانە ئۆپۆزیسیۆنێکی چالاک بن، گوتارو کرداریان چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟

**کەمال سەید قادر:** بزووتنەوەی گۆڕان لەسەرەتادا هەر مەبەستی بوون بەئۆپۆزیسیۆن نەبووە، ئێستا بەناچاری بووەتە ئۆپۆزیسیۆن، شێوازێکی کاریکاتێری ئۆپۆزیسیۆنی وەرگرتوە، کەهەوڵدەدرێت وێنەکەی لەڕێگای ناوچەگەرییەتیو ئەکسیۆنیزم لەنێو هۆڵەکانی پەرلەماندا وەکو لەمێزدانو قیرە قیڕ ماکیاج بکرێت.

**دەستوور:** هەندێک دەڵێن گوتاری هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان زیاد لەپێویست تاکتیکییە، وەک ئەوەی ستراتیجی بێت؟ هێشتا ئەوان بەرنامەو پلانی ستراتیجییان بۆ نەخستووەتەڕوو؟، جگە لەهەندێک شەڕ لەمیدیاو لەپەرلەمان هیچی ئەوتۆ دیار نییە؟

**کەمال سەید قادر:** سەبارەت بەئیسلامییەکان ئەمە راست نییە، چونکە ئەوان ستراتیجییەتێکی روونیان هەیە، دامەزراندنی سیستمی حوکمی ئیسلامییە، هەر تاکتیکێکی تریش بەکاری بهێنن وەکو بەشداربوون لەهەڵبژاردنەکان بۆنموونە، تەنها لەپێناوی ئەم ستراتیجییەتەیە، ئەوان لەگەڵ خۆیانو خەڵکیش لەم ئامانجەیان راستگۆن، بەڵام هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی تر شەڕی مانەوە لەژیانی سیاسی دەکەن، بزووتنەوەی گۆڕانیش بەتایبەتی ترسی لەلێپرسینەوە لەهەوڵی کودەتاکەی نێو یەکێتی هەیە، وەکو ئەوەی کە لەهەشتاکانی سەدەی رابردوودا لەگەڵ ئاڵای شۆڕشدا روویدا، بۆیە خۆیان لەپێستی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیدا حەشارداوە بۆئەوەی جۆرە حەسانەیەک بەدەستبهێنن.

**دەستوور:** پێگەی ئۆپۆزیسیۆن لەسنووری سلێمانی تێنەپەڕیوە، خۆ ئەگەر بەراورد بکەیت لە ٧/٢٥ لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانیو گەرمیان لەپێشەوەدا بوو، بەڵام لە ٣/٧ تەنها لەمەرکەزی شاری سلێمانیدا قەتیسما، بۆ ئەوەش دوو رای جیا هەن، یەکێکیان دەڵێت هەوڵەکانی دەسەڵات بۆ لۆکاڵیکردنەوەی ئۆپۆزیسیۆن سەرکەوتووە بووە، ئەویتریش رای وایە ئۆپۆزیسیۆن خۆی دەیەوێت تەنها لەسلێمانی هێزی سەرەکی بێت؟ یان هۆیەکی دیکە هەیە؟

**کەمال سەید قادر:** بابزووتنەوەی گۆڕان وەکو هێزی سەرەکی ئۆپۆزیسیۆنی پەرلەمانی لەوانەی تر جیاکەینەوە، وەکو ئیسلامییەکان بۆنموونە کەرێژەیەکی دەنگی نیمچە نەگۆڕیان هەیە، کە بەدەنگدەرانی ئایدۆلۆجی ناسراون، ئەوانە لەئاستی هەموو کوردستاندا بەرێژەیەکی کەم لەهەڵبژاردنەکاندا لەزیادو کەمیدان، بەڵام بزووتنەوەی گۆڕان وەکو دیاردەیەکی نوێ، ئەگەرچی لەناچاریش بێت لەپاش ٠٧/٢٥ نەیتوانی بەڵێنەکانی بۆ خەڵک جێبەجێبکات، بۆیە لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی هەرەسی هێنا، بەڵام لەمەرکەز تەنها بەپاڵپشتی رەوتی ناوچەگەریو راستی پشتگوێخستنی ئەم شارە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە توانی پێگەی خۆی بپارێزێت، ئەمەشیان لەم باوەڕەم ئەگەر ئێستا راپرسی بێلایەن بکرێت گۆڕانی بەسەرا هاتووە. یەکێتیش لەپاش هەڵبژاردنەکانی ٧/٢٥ ناچالاک نەبوو، بەڵکو هەوڵی زۆر نهێنیو ئاشکرایاندا بۆ گەڕانەوە بۆ باوەشی جەماوەر، توانیشیان تاڕادەیەک سنوورێک بۆ گەندەڵیو خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات لەریزەکانیاندا دابنێن. راستییەکی تریش ئەوەیە، جەماوەری کوردستان دەزانن تەنها هێزێک کەبتوانێت هاوسەنگی بەرامبەر بەپارتی دروستبکات لەلایەنی سەربازیو سیاسییەوە یەکێتییە، ئەگەرنا پارتی لەڕێگای هێزەوە لەکورتترین ماوەدا هەموو هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن رادەماڵێت بەبزووتنەوەی گۆڕانیشەوە، کەواتە بوونی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی خۆی لەهەرێمی کوردستاندا پابەندە بەمانەوەی یەکێتی خودی خۆی وەکو هاوسەنگی بەرامبەر بەپارتی. پارتی وەکو دەزگایەکی سەربازیو موخابەراتی تەنها ئامرازی زمانی هێزە، تەنها یەکێتی دەتوانێت لەکاتی پێویستدا وەڵامی بداتەوە.



# کەمخوێنی



د. نەوشیروان غەفور رەشید*

## کەمخوێنی چییە؟

کەمخوێنی کەمبوونەوەیە لەچۆنێتیو چەندێتی هیمۆگلۆبین (Hb: Hemoglobin)، هیمۆگلۆبینیش پرۆتینی ناو خرۆکە سوورەکان (RBC: Red Blood Cells)ە. هیمۆگلۆبین ئۆکسجین لەسییەکانەوە دەبات بۆ هەموو خانەکانی لەش، کەمخوێنی دەبێتە هۆی کەمبوونی ئۆکسجین لەناو کۆئەندامەکانی لەشداو لەبەرئەوەی هەموو خانەکانی لەشی مرۆڤ پێویستییان بەئۆکسجین هەیە، چەندین نیشانەی جۆرەکانی کەمخوێنی لە لەشدا دەردەکەوێت، هەروەها کەمی ئاسنیش لە لەشدا دەبێتە هۆی کەمخوێنی.

کەمخوێنی باوترین نەخۆشیی خوێنە کەتێیدا رێژەی بارستەی خرۆکە سوورەکانی خوێن لەرێژەیی ئاسایی کەمتردەبێتەوەو لەهەر قۆناغێکی تەمەندا رێژەیەکی دیاریکراو لەئاستی خوێن هەیە بۆنموونە:

١. رێژەی ئاسایی ئاستی هیمۆگلۆبینی منداڵ (٩,٥ – ١٣,٥) گم لە ١٠٠ میللتر خوێندایە.

٢. رێژەی ئاسایی ئاستی هیمۆگلۆبینی ژن (١١,٥-١٦)گم لە١٠٠ میللتر خوێندایە.

٣. رێژەی ئاسایی ئاستی هیمۆگلۆبینی پیاو (١٣-١٨)گم لە١٠٠ میللتر خوێندایە.

## نیشانەکانی کەمخوێنی

کەمخوێنی کۆمەڵێک نیشانەی هەیە کەدەگونجێت لەنەخۆشییەکانی تریشدا هەبن، بۆیە بەدەستنیشانکردنی کەمخوێنی نەخۆش لەزۆر کارەسات دووردەبێت وەک تووشبوون بەسنگەکوژێو سستبوونی دڵو گورچیلە.

بەهۆی کەمخوێنییەوە ژمارەیەکی زۆر لەنەخۆش بۆ ماوەی چەندین ساڵ تووشی لاوازیی جەستەو دڵەکوتێو تەنگەنەفەسیو قڵیشانی لێوو زمانو توێکهەڵدانی پێست دەبن، بۆیە زۆرجار نەخۆشی کەمخوێن چەندین ساڵ سەردانی پزیشکی نەخۆشییەکانی دڵو کوێرەڕێنەکان دەکاتو ئەگەر بەوردی دەستنیشانی کەمخوێنی بکرێت چارەسەرەکەی زۆر ئاسانە.

## دەستنیشانکردنی کەمخوێنی

بۆ ناسینەوەی کەمخوێنی پزیشکی تایبەت تەنها بەبینینی رووخساری نەخۆش زۆرجار کەمخوێنی دەستنیشان دەکات. نەخۆش خۆی باسی بێهێزی، تەنگەنەفەسی، دڵەکوتێو کەمخۆراکی دەکات، پاشان پزیشک پشکنینی تاقیگەیی بۆ دەکات وەک: رێژەی خوێنو فیلمی خوێن کەتێیدا بەوردی دەتوانرێت دەستنیشانی هۆی کەمخوێنی بکرێتو لەدواییدا بەپێی دەرئەنجامی فیلمی خوێن دەردەکەوێت کەهۆی کەمخوێنی، کەمی مادەی ئاسن، سالاسیما یا هەر نەخۆشییەکی ترە.

## جۆرەکانی کەمخوێنی

کەمخوێنی جۆری زۆرەو بەپێی جۆریش چارەسەر جیاوازە:

١. کەمخوێنی بەهۆی کەمبوونەوەی رێژەی ئاسن لەمۆخی ئێسکدا: کەمخواردنی مادەی خۆراکی کەئاسنی تێدایە لەمنداڵی شیرەخۆرەداو بەزۆری لەو منداڵەدا کەدرەنگ دەخرێتە سەر خواردنی هەمەچەشنو تەنها شیر دەخۆنەوەو رێژەی مژینی ئاسن لەریخۆڵەکاندا کەمدەکاتەوە، بەڵام بەزۆری کەمبوونەوەی مادەی ئاسن لەژندا بەهۆی سووڕی مانگانەوەیە کە لەئەنجامی ئەم سووڕەوە ژن رێژەیەک لەئاسن لەگەڵ سووڕەکەدا ون دەکات، بۆیە ئەم جۆرە کەمخوێنیە لەژناندا زۆر بڵاوە.

لە بەتەمەنەکاندا کەمخوێنی جێگای پرسیارەو بەوردی دەبێت پشکنینی بۆ ئەنجام بدرێتو زۆرجار هۆی کەمخوێنی خوێنبەربوونە لەکۆئەندامی هەرسو لەوانەیە خوێنبەربوون بەهۆی برینی گەدە، دوانزەگرێ، ریخۆڵەو هەندێجار بەهۆی سەرهەڵدانی شێرپەنجەوە بێت.

٢. کەمخوێنی بەهۆی کەمی ترشی فۆلیکو ڤیتامینی (B12): بەهۆی کەمی مادەی خۆراکی وەک کەمخواردنی سەوزە، میوەو گۆشت یا لەوانەیە بەهۆی نەخۆشییەکانی ریخۆڵە باریکەو دوانزەگرێوە بێتو مژینی ئەم مادانە کەمدەبێتەوە.

> لە٥٪ ی خەڵکی کوردستان نەخۆشیی سالاسیمای سووکی هەیەو لەیەك ملیۆن خەڵکی کوردستاندا ٥٠٠ کەس تووشی سالاسیمای قورس دەبن

٣. کەمخوێنی بەهۆی نەخۆشیی بۆماوەیی خوێن: باوترین نموونەی ئەم نەخۆشییە بۆماوەییانە لەکوردستاندا نەخۆشیی سالاسیمای خوێنەو لە٥٪ ی خەڵکی کوردستان نەخۆشیی سالاسیمای سووکی هەیەو لەیەک ملیۆن خەڵکی کوردستان ٥٠٠ کەس تووشی سالاسیمای قورس دەبنو ساڵانە کۆمەڵێک نەخۆشیی بۆماوەیی تر هەن کە بەشێوەیەکی رێژەیی لەکوردستاندا باون وەک: نەخۆشیی گۆخانەی خوێنی بۆماوەیی (Spherocytosis)و هەندێک نەخۆشیی بۆماوەیی تر.

٤. کەمخوێنی بەهۆی شیبوونەوەی خرۆکە سوورەکانی خوێنەوە: لەئەنجامی وەرگرتنی هەندێ دەرمان یا نەخۆشی وەک شێرپەنجەی گرێی لیمفی، دژەتەن دروستدەبێت کەخرۆکە سوورەکان تێکدەشکێنێتو دەبێتە هۆی کەمخوێنی.

٥. کەمخوێنی بەهۆی نەخۆشیی درێژخایەن: وەک نەخۆشیی سیل، رۆماتیزمو شێرپەنجە بەهۆی کەمبوونی توانای خواردن یا سستبوونی مۆخی ئێسک بۆ دروستکردنی خوێن.

## هەڵەکانی چارەسەری کەمخوێنی

١. خوێنپێدان بەنەخۆش بێ ئەوەی هۆکاری کەمخوێنیی بزانرێت.

٢. هەر نەخۆشێک کەمخوێن بێت یەکسەر مادەی ئاسن یا ڤیتامینو ترشی فۆلیکی دەدرێتێ، بەبێ ئەوەی هۆکارە راستەقینەکەی بزانرێت: ئەم کارە کارێکی زانستیی نییە، چونکە نەخۆشیی کەمخوێنی وەک سالاسیما، شیبوونەوەی خرۆکە سوورەکانی خوێنو کەمخوێنی بەهۆی نەخۆشی درێژخایەنەوە نەخۆش تووشی زیاندەکاتو کاتێک مادەی ئاسنی دەدرێتێ لەبنچینەدا نەخۆشەکە مادەی ئاسنی لەمۆخی ئێسکدا زۆرە، بۆیە بۆ چارەسەری کەمخوێنی پێویستە پشکنین بکرێتو فیلمی خوێن بزانرێت تا هۆکاری کەمخوێنی دەستنیشانبکرێتو نەخۆش چارەسەربکرێت.

٣. خوێنپێدان بەنەخۆش بێ ئەوەی پێویستی بەخوێن هەبێت: ئەم دیاردە هەڵەیە بووەتە میراتییەک لەناو هاووڵاتیانداو بووەتە بەشێک لەرۆشنبیری تەندروستی نادروست بەجۆرێک هەر نەخۆشێک کەمخوێن بێت یەکسەر کەسوکاری داوای ئەوە دەکەن کەخوێنی پێبدرێت، بۆ چارەسەری ئەم گرفتە دەبێت زانستیانە رەفتار بکرێت، چونکە ئەو نەخۆشانەی پێویستیان بەخوێن بێت ژمارەیان کەمەو خوێنپێدانیش دەبێتە هۆی گواستنەوەی ژمارەیەکی زۆر لەنەخۆشییو کێشە بۆ نەخۆش پەیدادەکات لەکاتێکدا ئەگەر هۆکارەکەی بزانرێت بەدەرمان چارەسەردەکرێت.

* پسپۆڕی نەخۆشییەکانی خوێنو گرێ لیمفاوییەکان



# بەمەڵبەندێکو ١١ بنکەی تەندروستی ئۆتۆمبێلێکیان نییە

### *کێشەو گرفتەکانی مەڵبەندی راهێنانی منداڵانی سلێمانی خزمەتگوزارییەکانی ئەو مەڵبەندەی بەرەو کەمبوونەوە بردووە*



لەدوای ئەو ساڵەوە کەڕێکخراوی ئەکۆرن دەستبەردارمان بوون، نەمانتوانی وەک پێشتر خزمەتگوزاری پێشکەش بەمنداڵەکان بکەین

فەرمان عەلی لەسلێمانی

کێشەو گرفتەکانی مەڵبەندی راهێنانی منداڵانی سلێمانی، خزمەتگوزارییەکانی ئەو مەڵبەندەی بەرەو کەمبوونەوە بردووەو داوادەکەن فەرمانبەریان بۆ دابمەزرێندرێتو راوێژیان پێبکرێت لەچۆنێتی دروستکردنی ئەو بینایەی بڕیارە بۆیان دروستبکرێت، بۆئەوەی بەکەڵکی کارەکانی مەڵبەندەکەیان بێت.

مەڵبەندی راهێنانی منداڵانی سلێمانی لەساڵی ١٩٩٣ دامەزراوەو دەکەوێتە گەڕەکی چوارباخەوە، سەرەتا رێکخراوی ئەکۆرن بەڕێوەیان دەبرد، ئێستا سەر بە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی سلێمانیە، بەهۆی زۆری نەخۆشەکانیانو کەموکوڕیی فەرمانبەری پێویستو دەستبەرداربوونی ئەکۆرن لەهاوکاریکردنی مەڵبەندەکە، خزمەتگوزارییەکانیان بەرەو کەمبوونەوە چووە.

سامان بەرپرسی مەڵبەندی راهێنانی منداڵانی سلێمانی ئاماژەی بەوەدا لەوکاتەوەی رێکخراوی ئەکۆرن مەڵبەندەکەی دایەوە بەحکومەت، خزمەتگوزارییەکانمان بەرەو کەمبوونەوە چووە، وتی «تا ساڵی ٢٠٠٢ خزمەتگوزاری زۆر باشمان پێشکەش بەمنداڵەکانمان دەکرد، بۆنموونە بە ٢ هەفتە دەمانتوانی چارەسەری ٦ مانگی بۆ بکەین، بەڵام لەدوای ئەو ساڵەوە کەڕێکخراوی ئەکۆرن بەهۆی باشبوونی بارودۆخی عێراقو کوردستانەوە دەستبەردارمان بوون، ئیتر نەمانتوانی وەک پێشتر خزمەتگوزاری پێشکەش بەمنداڵەکان بکەین».

بەپێی رێنماییەکانی نەخۆشخانەکە ئەو منداڵانەی کەشەلەلی دەماغیان هەیە یان جومگەو ئێسکیان دەرچووەو کاریگەری بەدەنیو جەستەییو دەروونی لەسەر منداڵەکە دەبێتو لای دکتۆری جەستەییو بەدەنی چارەسەر ناکرێن، بەڵکو تەنها بەچارەسەری سرووشتی چارەسەردەکرێن یان لانیکەم ئەو راهێنانە سرووشتیانە ناهێڵێت ناهەمواریەکەیان زیادبکات، کاتێک دەچێتە سەنتەرەکە.

ئەم مەڵبەندە، منداڵان لەسەرەتای لەدایکبوونەوە تا تەمەنی ١٣ ساڵی وەردەگرن، لەساڵی ١٩٩٥وە زیاد لە٢١,٠٠٠ نەخۆشیان وەرگرتووە.

مەڵبەندی راهێنانی منداڵانی سلێمانی لەبەشەکانی چارەسەری سرووشتی، وەرشە، چارەسەرکردنی دەروونیو بەشی پەیمانگا پێکهاتووە.

سامان باس لەکێشەوکەموکوڕییەکانی مەڵبەندەکە دەکات، دەڵێت «پێویستیمان بەناردنی ٢ چارەسەرکاری سرووشتی هەیە بۆ دەرەوەی وڵات، کەهەموو سەنتەرەکان لەرێگەی خاچی سوری نێودەوڵەتیەوە کەسی خۆیان دەنێرنە دەرەوە، پێویستمان بە ٢ توێژەری دەروونیو راهێنەری کۆمەڵایەتی هەیە، لەبەشی تۆمار پێویستمان بەکارمەندی تر هەیە، پێویستیشمان بەپزیشکی منداڵ هەیە، راهێنەرە سروشتیەکانیشمان رێژەیان کەمە، لەبەرئەوەی زۆربەیان ئافرەتنو زیاتر مۆڵەت وەردەگرنو هەمیشە بۆشاییمان بۆ دروستدەبێت، پێویستمان بەچەند دەرچوویەکی ئامادەیی پیشەسازی هەیە بۆ بەشی وەرشە، لەبەشی پەیمانگا لەساڵی ١٩٩٦ەوە یەک فەرمانبەرمان هەیەو پێویستی بەفەرمانبەری تر هەیە، پێویستمان بەئۆتۆمبیلێک هەیە، بۆئەوەی سەردانی بنکەکانمان بکەین لە ١١ قەزاو ناحیەی سنوری سلێمانی کە لەناو مەڵبەندە تەندروستییەکانی ئەو شارو شارۆچکانەدانو لەمانگێکدا چەند جارێک سەردانیان پێویستە».

بڕیارە بینایەکی تایبەت بەمەڵبەندەکە دروستبکرێت، بەڕێوەبەری مەڵبەندی راهێنانی منداڵان داوا دەکات لەدروستکردنی بینایەکە راوێژیان پێبکرێت، دەڵێت ئەو بینا نوێیەی کەوا بڕیارە بۆ سەنتەرەکە دروستبکرێت، ئەگەر راوێژیان پێنەکەن هەر نەکرێتەوە باشترە، «لەبەرئەوەی ئەم مەڵبەندەی ئێمە تایبەتمەندی خۆی هەیە لەبەشەکاندا کەتەنها خۆمان دەزانین دەبێت چۆن نەخشەی بۆ بکێشرێتو دروستبکرێت، نابێت ئەو کۆمپانیایەی کەئیشەکە ئەنجام دەدات لەخۆیەوەو بەپێی بڕی پارەی دیاریکراو نەخشەیەک بکێشێتو دروستی بکات».

# ـــەرۆکی هەرێم بۆ تورکیا

پەراوێزیین. تەنیا ئاوێنە خۆی ماندوو کردووەو بەدوا سەرچاوەی تایبەتی‌و نزیکدا عەودالْ بووە: ئەویش کێ؟ فەلاح مستەفا بەڕێوەبەری فەرمانگەی پەیوەندییەکانی (سەرۆکی هەرێم؟). ئایا عەقلی سادە یان عەقڵی ڕۆژنامەوانی قبوڵی دەکا کە فەلاح مستەفا ببێتە سەرچاوەی هەواڵی تایبەتی یان زانینێکی نەزانراو بەدەستەوە بدات؟

## نهێنییە ئاشکراکانی سەفەرەکە:

### پێنج هۆکاری ستراتیجی:

وەک وتم کلیکێکی ئینتەرنێت بەسە بۆئەوەی ڕاستی‌و هۆکاری سەفەرەکە هەر نەبێ لەروانگەی تورکیاوە ئاشکرا بێ. هیچ وڵاتێ هێندە سسیتمێکی بێ سیستەم‌و داخراو و بێ بەرنامەو بێ زانست‌و داتاو دایەلۆگی وەک ئەو شتە سەیرەی هەرێمی نییە. لەوڵاتانی پێشکەوتوودا هیچ ڕۆژنامەیەک نییە دەیان پسپۆڕی تایبەتی نەبن. زانکۆکان‌و دەزگا ئەکادیمییەکان ئازادن‌و هەزاران لیکۆڵینەوە بەرهەم دێنن. دەیان دەزگای ستراتیجی‌و بیرخانە بۆ هەموو بابەتێکی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی هەن کەزانیاری‌و شیکردنەوەی بابەتی‌و قووڵ دەربارەی هەر کێشەیەک‌و پرسێک پێشکەش دەکەن. لەکوردستانیش تەنانەت ڕۆژنامە ڕوو زەردەکانی حیزبەکان‌و ڕۆژنامە سەتحی‌و کاڵو کرچ‌و بێناوەڕۆکەکانی ئەهلی هەن‌و ئەوەی ناکەوێتە بەرباس شتی جددی‌و چارەنووسیی‌و شیکاری قووڵ‌و ناوەڕۆکدارە. لە ٦/٤ دا، ڕۆژنامەی تودەیزەمان (زەمانی ئەمڕۆ) بابەتێکی گرنگی لەسەر سەفەرەکەی مەسعود بارزانی بەئینگلیزی بڵاوکردووەتەوە. نووسەرەکەی سەرهەت ئەرکمینە کەپرۆفیسۆرێکی پێوەندیدارە لەبەشی پیوەندییەکانی جیهانی لەزانکۆی ئاهی ئەڤران‌و ڕاوێژکاری بیرخانەی ئۆرسام (سەنتەری دیراساتی ستراتیجی خۆرهەڵاتی نیوەندە) سەرهەت خۆی ئەم خاڵانەی خوارەوە بۆ گرنگی پەرەپێدانی پێوەندی تورکیا لەگەڵ کوردەکانی عێراق دەستنیشان دەکا:

١. ڕێگەگرتن لەچالاکییە تێرۆریستییەکانی پەکەکە لەرێگای پەرەپێدانی هاوکارییەکی واقیعی‌و دڵسۆزانە لەخەباتکردن دژیدا.

٢. دروستکردنی سەقامگیری لەعێراقدا بە دامەزراندنی هاوسەنگییە سیاسییەکان.

٣. پەرەپێدانی سەرچاوە وزەییەکانی عێراق‌و زیادکردنی ڕۆڵی تورکیا لەبەکاربردنی سەرچاوە وزەییەکان‌و بەهێزکردنی شوێنی تورکیا وەک پردی وزە لەرۆژهەڵاتی نێوەندا.

٤. پەرەپێدانی پێوەندییە ئابوورییەکانی تورکیا-عێراق.

http://www.todayszaman.com/tz-web/news-212122-massoud-barzanis-visit-to-turkey-reasons-expectations-and-the-future.html

٥. هەروەها لەشوێنێکی تری نووسینەکەیدا سەرهەت ئەوە ئاشکرا دەکا کەپێویستە تورکیا پیوەندی لەگەڵ کوردی عێراقدا ببەستن بۆ ئەوەی لەوڵاتیکی تری مونافیس نزیکببنەوە کەدیارە مەبەستی ئێرانە.

## ململانێ لەگەڵ ئیسرائیل

بەڵام ڕۆژنامەنووس (ناسوەی گونگۆر) لە (ستار دەیلی) دا بەئاشکرا دەنووسێ کەسەرووی عێراق فەزای رکابەرایەتییە لەنێوان تورکیاو ئیسرائیلدا. دەنووسێ: «بارزانی ناوێکی گرنگە بۆ زۆر یاریکەری ناوچەیی‌و جیهانیی کەبیکەنە هاوکاری خۆیان لەم جوگرافیەدا. بۆنموونە، ئیسرائیل ئەو وڵاتەیە کەکاتێکی زۆری سەرفکردووە بۆ ئیشکردن لەهەرێمی سەرووی عێراقدا. من پێموایە سەرووی عێراق دەبێتە ناوچەیەکی جددی بۆ ململانێ لەنیوان تورکیاو ئیسرائیلدا.»

http://www.aknews.com/en/aknews/4/152445/

## دژایەتی پەکەکە

دیارە سەفەرەکە لەچوارچێوەی ئەو ڕێککەوتنە سێقۆڵییەش دێ کە لەنێوان تورکیاو ئەمریکاو عێراق، بەهەرێمیشەوە، ئیمزا کراوە. ئەمبەرین زەمان کەرۆژنامەنووسێکی ناسراوەو بایەخ بەپرسی کورد دەدا، لەپێش سەفەرەکەی بارزانی لە ٥/١٦ بابەتێکی بڵاوکردووەتەوە، ئەو لەوێدا لەپاڵ باسی گرنگی زیارەتەکە گومانی پەکەکەی لەنهێنی پیوەندییەکانی هەرێم‌و تورکیا ئاشکرا دەکا. ئەمبەرین دەڵی ئەو لەقەندیل چاوی بەسەرکردەی پەکەکە مورات قەرەیلان کەوت‌و دەڵێ: «قەرەیلان وا دیار بوو کەباوەڕی بەوە نەبوو کەبارزانی بەڵێنەکەی خۆی کەجارێکی تر شەڕ لەگەڵ هاوەڵە کوردەکانی ناکا بەجێبێنێ. گومانی ئەوان بەو پەیمانە سێقۆڵییەی نێوان عێراق‌و تورکیاو ئەمریکا بەهێز بووە کە لە ١١ ی نیساندا لەئەستەمبوڵ ئیمزا کرا. وردەکاری ڕێککەوتنەکە وەک نهێنی پارێزراوە، بەڵام بەرپرسێکی پایەبەرزی تورکی پێی وتم کە «گشتگیرترین پلانی کارە دژی پەکەکە.»

http://www.todayszaman.com/tz-web/news-210325-turkey-and-the-iraqi-kurds-from-red-lines-to-red-carpets.html

## ئابووری لەبری ئاشتی

ڕۆژنامەی حورییەت ڕاپۆرتێکی دەربارەی سەردانەکەی بارزانی‌و کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانییەکەی لەگەڵ وەزیری دەرەوە بڵاوکردووەتەوە کەتێیدا بەئاشکرایی پرسەکانی باسکردوون. دیارە گرنگترین زاراوە کەوەزیری تورکیا لەکۆنفرانسەکەدا بەکاری هێنا، کەمیدیای کوردی دەرکی پێنەکردووە، زاراوەی «تێکەڵبوونی ئابووری تەواو: (فول ئیکۆنۆمیک ئینتێگرەیشن) وەک ئاژانسی ڕۆژنامەوانی فەڕەنسی نەقڵی کردووە.» داڤوتلۆگو ستایشی پیوەندییە گەرمەکانی کردو جەختی لەسەر ئەوە کرد کەئەو ڕوانگەیەکی (دیدێکی) بۆ «تێکەڵبوونێکی ئابووری تەواو» لەگەڵ هەرێمەکەی بارزانی هەیە کە لەسەر بنچینەی ‹ستراتیجی هاوبەش لەوزە، بازرگانی‌و گواستنەوە دامەزرابێ.» لەبەرامبەر ئەوە داڤۆتلۆگو وتی: ئێمە چاوەڕێی هاوکاری تەواو لەئیدارەی عێراقی هەرێمی کوردی دەکەین لەجەنگمان دژی تێرۆریزم.»

بەم ڕستەیە داڤوتلۆگو هاوکێشەی پێوەندییەکەو مەبەستی بانگهێشتنی بارزانی ڕوونکردەوە: هاوکاری ئابووری بەرامبەر بەهاوکاری جەنگی دژ بەتێرۆریزم، واتە پەکەکە. واتە ئابووری لەبری ئاشتی! بەڵام هەردووکیان بۆ تورکیا نەک بۆ کورد. واتە هەڵلوشینی کۆلۆنیالیستانەی ئابووری کوردستان لەلایەن تورکیاوەو کارکردنی هەرێم وەک پۆلیس دژی پەکەکەو دژی گەلی کوردستانی باکووریش بۆ پاراستنی ئاسایش‌و بەرژەوەندی شوڤێنیزمی تورک. ڕۆژنامەی حورییەت لەو ڕاپۆرتەدا کە لە ٦/٣ دا بڵاوکراوەتەوە، ئەمە ئاشکراتر دەردەبڕێ‌و دەنووسێ: «تورکیا چالاکییە ئابوورییەکانی لەسەرووی عێراق بەهێز دەکات ئەگەر دەسەڵاتی کوردی عێراقی باری ئاسایش باشتر بکەن‌و هاوکاری لەچالاکییەکانی دژە- تێرۆر زیاد بکەن.»

## سیاسەتی گێزەرو دار

ڕۆژنامەکە زیاتر دەنووسێ کە «سەردانەکەی بارزانی بۆ ئەنقەرە بەیەکەم هەنگاوی گرنگ بەرەو ئاساییکردنەوەی پێوەندی نێوان دوو لایەنەکەو پێشکەشکردنی سیاسەتی (گێزەرو دار) واتە پاداشت‌و سزا لەگەڵ کوردەکانی عێراق دەبیندرێ. گفتوگۆکانی پێنجشەممە دەربارەی پێوەندی ئابووری بوون لەنێوان ئەنقەرەو ئیدارەی باکووری عێراق هەروەها هاوکاری دژی چالاکییە تێرۆریستییەکانی حیزبی قەدەغەکراوی پارتی کرێکارانی کوردستان یان پەکەکە کەهەندێ بنکەی خۆی لە هەرێمەکە هەن.» سەیر ئەوەیە ڕۆژنامەکە وشەی کوردستان بەتەواوی لەگەڵ ناوی پەکەکە بەکاردێنێ کە بەنایاسایی وەسفی دەکات، بەڵام ناوی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بەکارناهێنێ‌و بەئیدارەی باکووری عێراق ناوی دەبا، گەرچی قەوارەیەکی دەستووری یاساییە لەعێراقداو بارزانی وەک سەرۆکی ئەو قەوارەیە لەتورکیایە.

بەرپرسێکی گەورەی وەزارەتی دەرەوە کەئاگاداری گفتوگۆکانە بەرۆژنامەی حورییەت دەڵێ «ئەوەی تازەیە لەم زیارەتە ئەوەیە لەرابردوودا ئێمە تەنیا (دار) مان بەکاردەهێنا، ئەمجارە (گێزەر) مان بۆیان هەیە. ئێمە نزیکەی ٤٠٠ کۆمپانیامان هەن لەناوچەکەی بارزانیدا کار دەکەن‌و ئێمە باسی گەشەپێدانی ژێرخان دەکەین لەوێدا. ئێمە دەمانەوێ ئەو (واتە بارزانی) وێنە گەورەکە ببینێ‌و وابیردەکەینەوە خەریکە دێتە سەربار.» کەواتە لایەنی گێزەرەکە ستراتیجی تێکەڵاوی ئابووری تەواوە.

دارەکە: لیستی ناوی سەرکردەکانی پەکەکە بۆ گرتن‌و ڕادەستکردنیان بەتورکیا

دەربارەی داری داواکانی تورکیا ڕۆژنامەکە لەزمانی هەر ئەو دیبلۆماتەوە دەنووسێ: «بەرپرسانی تورکیا چارەڕێکردنی هاوکاری کۆنکریتییان بۆ بارزانی ئاشکرا کرد، لیستی ناوی بەرپرسانی گەورەی پەکەکەیان دا بەبارزانی، کەدەیانەوێ بگیرێن‌و بنێردرێنەوە بۆ تورکیا. هەموو جۆرە زانیارییەکی ئیستیخباراتی لەسەر پەکەکە بەبارزانی دراوە. ئێمە جارێکی تر ڕوونمانکردەوە بۆی کەسوورین لەسەر بەجێگەیاندنی ئەم هاوکارییە.»

http://www.hurriyetdailynews.com/n.php?n=iraqi-kurdish-leader-meets-turkish-officials-2010-06-03

ئایا هەق نییە پەرلەمانی کوردستان‌و خەڵکی کوردستان بزانن ئەم سیاسەتی گێزەرو دارە چین‌و تا کوێ بڕ دەکەن؟ وردەکارییەکان چین؟ کێ بڕیار دەدا؟ کێ گێزەرەکە دەخواو کێ دارەکە دەخوا؟ پرسیارەکەمان ئەوە بوو: بۆچی لەم کاتەدا تورکیا بانگی بارزانی کرد؟ بۆچی قبوڵی کردو چوو؟ بۆچی هیچ دەربارەی ناوەڕۆکی ئەجنداکان نازانین؟ کێ ئەجنداکان بریارِ دەدا؟ کێ بڕیارەکان دەدا؟ کێ جێبەجێیان دەکا؟ چۆن؟ ئایا هیچ وڵاتێک هەیە سیاسەت‌و پێوەندی‌و ڕێککەوتنەکانی دەرەوەی بۆ پەرلەمان‌و حکومەت‌و میدیاو کۆمەڵگای مەدەنی‌و خەڵکەکەی ئاشکرا نەبن‌و بەئاشکرایی لەپەرلەمان‌و کابینەی حکومەتدا باس نەکرێن؟

بۆ نەزانین بەرژەوەندیی ڕێککەوتنە ئابوورییەکان لەگەڵ تورکیادا چین‌و چۆن بڕیار دەدرێن‌و کێ سوودیان لێدەبینێت

## درێژە ....ل٢٠

بەڵام لەراستیدا لەکۆنگرە ڕۆژنامەنووسیەکەیدا لەگەڵ وەزیری دەرەوەی دەوڵەتی تورکدا ئەو ڕاستیە دەرکەوت‌و ئەوە ئاشکرابوو کەوەزیری دەرەوە دانی بەوەدانا کە ئەمە سەردانێکی فەرمی نەبووە.

لەوەڵامی پرسیارێکی ڕۆژنامەنووساندا کە ئاخۆ بۆچی ئاڵای کۆماری عێراق لەپشت بارزانیەوە نییەو تەنها ئاڵای تورکیا دانراوە؟ ئۆغلۆ وتی: ئێمە پێشوازی لەهەر هاووڵاتییەکی عێراقی دەکەین‌و وەک عێراقیش ڕێزی لێدەگرین؟ بارزانیش لەوەڵامی هەمان پرسیاردا زۆر بەبێئاگایانەوە وەڵامی دایەوەو وتی: لەراستیدا من هەر نەمزانیوەو نەمدیوە کەئاڵا دانەنراوە؟ ئایا ئەمە وەڵامی سەرۆکی هەرێمێکە؟ ئایا دەکرێ سەرۆکی هەرێمێک بێئاگابێت لەوەی لەسەردانە فەرمیەکانیدا کەئاخۆ ئاڵا دادەنرێ لەکاتی کۆبوونەوەو کۆنفرانسە ڕۆژنامەنوسییەکاندا یان نا؟ تورکێک ئەمە ئەقڵیەت‌و بیرکردنەوەی بێت بەرامبەر بەسەرکردەیەکی کوردو هەرێمی کوردستان، ئیتر دەبێ چ دەرەنجامێکی پۆزەتیف لەبانگهێشت‌و سەردانێکی لەو شێوەیەدا بۆ کوردو هەرێمی کوردستان تێدا دەبێت کەپێویستە ئێمە شانازی پێوە بکەین، نەک هەر ئەمە، بەڵکو سەرەڕای ئەو هەموو ئیهانە سیاسی‌و نەتەوەیی‌و کەسیەتی‌و نەفسی‌و مەعنەویەوە، داوات لێبکرێت کە دەبێ هاوکاریمان بکەن‌و یارمەتیمان بدەن لەکۆتاییهێنان بەگەریلاکانی پەکەکەو دۆزە ڕەواکەی لەباکووری کوردستان، هەموو ئەو ڕاستی‌و داواکاریانەش لەسەر زمانی ئۆغلۆ ڕاشکاوانە ئاماژەیان پێدرا کەوا داوایان لەبارزانی کردووە لەکۆتاییهێنان بەگەریلاکانی پەکەکەدا هاوکاریان بکات‌و وتی بارزانیش هەموو بەڵێنێکی هاوکاری پێداوین‌و کۆبوونەوەکەمان لەوبارەیەوە ئیجابی بوو؟!

نە ئەردۆغان‌و نە ئۆغلۆ هیچکامیان نەناوی هەرێمی کوردستان‌و نە ناوی سەرۆکی هەرێم نەهات بەزمانیانداو بارزانیان وەک هاووڵاتییەکی عێراقی بێ ئاڵا ناساند؟ ئایا سەردانێک بەو هەموو دەرەنجامە نێگەتیڤەوەو بەو هەموو ئیهانەیەوە ئەنجامبدرێت‌و مەبەستی سەردانەکەش پیلانگێڕانی تورکیا بێت دژی نەتەوەکەی خۆت، ئایا دەکرێ شانازی بەوەها سەردانێکەوە بکرێت؟ یان پێویستە هەرگیز ئاواتەخواز نەبین‌و دوعابکەین قەد سەردانێکی وامان بەنسیب نەبێت، یان ئەگەر بانگهێشتی وەها سەردانێک کراین خودا ئەوەندە ئیرادەمان بداتێ کە خۆمان لەبەردەم دوژمندا بەئیرادەوە دەرخەین‌و پلان‌و هەڕەشەی دوژمن قەد قبوڵ نەکەین بۆئەوەی لەداهاتوودا کۆیلەو ژێردەستە نەبین‌و بتوانین بەیانکەری ئیرادەی نەتەوەیی‌و نیشتمانی کوردانەی خۆمان بین...



# رۆژنامەکانی کوردستانو سەفەرەکەی س



د. کەمال میراودەلی

بەر لەسەفەرەکەی سەرۆکی هەرێم نامەیەکم ئاراستەی ئەندامانی پەرلەمان کردو تکام لێکردن کەئەوەندە غیرەت بێننە بەر خۆیان لەبارەی مەبەستی سەردانەکەو ئەندامانی وەفدەکەو چۆنێتی دانوستاندنەکانو ئەنجامدانی هەر رێککەوتنێک پرسیار لەبارزانی بکەنو بەشەرمو خۆفی بێدەنگییو چەپڵەی نیفاق بەرێی نەکەن. ئەمە لەهەموو وڵاتێکدا پرۆسەیەکی ئاساییەو بەدەستوورو یاسا رێکخراوە. پەرلەمان جێی پرسیارو گفتوگۆو دیباتو بڕیارەو پەرلەمانتار نوێنەری خەڵکە لەو شوێنەدا حەسانەی هەیە تا نەترسێو بپرسێو بۆ مافو کەرامەتی هاوڵاتییان بجەنگێ. ئەگینا هیچ مانایەکو پاکانەیەکی بوونی نییە. بەڵام داوایەکی ئاوا لەکوردستانی دوای ٢٠ ساڵ دەسەڵاتی کوردی، وەک بدعەو هێرش بۆ سەر دەسەڵاتو قودسیەتی سەرۆک حیساب دەکرێ، قەرەقوشییو بێسەروبەریی ناپرسیارێتیو یاریکردن بەچارەنووسی نەتەوەیەکەوە لەتاریکایی گومانو گومڕاییدا وەک پرۆسەیەکی ئاسایی وەک خۆرهەڵاتنو خۆرئاوابوون حیساب دەکرێ. نە دەزگایەک هەیە بزانێو بپرسێتەوە، نە ئۆپۆزیسیۆنێک هەیە نوزەیەک بکا. رۆژنامەکانیش، بەو هەموو مێژووە درێژەی کاریانەوە، بەداخەوە وادیارە پسپۆڕو پرۆفێشنەڵ یان تەنەنات باسکارو بەدواداڕۆیەکیان نییە کەزمانانی بێگانە بزانێ، هەر نەبێ زمانی ئینگلیزی. تا لەدنیای ئاسانو کراوەو پڕ زانیاری تازەی ئینتەرنێت بەدوای فاکتەکاندا بگەڕێو بەیەکدوو کلیک رووی راستی رووداوەکان بۆ خوێندەواران بگوازێتەوە.

سەرۆکی وڵاتێک ناچێ بۆ دەرەوەو پێوەندیو سەودای چارەنووسساز بکاو جگە لەخۆی کەس نەزانێ چ دەکاو چی دەوێو لەسەر حیسابی کێ سەوداکانی دەکاو بەرامبەر کێ بەرپرسیار دەبێ. بەدەر لەوەی داخۆ گومان لەئەجندایو ئامانجی سەفەرەکە هەیە یان نا، دیارە ئەوە پلەو پایەی فەرمی بارزانییە وەک سەرۆکی هەرێم، بەتایبەتی کەئەمجارە بەرواڵەت وەک سەرۆکی هەرێم داوەتکراوە، کە لەئەو دەخوازێ وەک سەرۆکی هەرێم رەفتار بکات. شوێنو رێزو هێزی ئاخاوتنو دانوستانی بارزانی خۆشی بەهێزتر دەبێ گەر ئەوە بۆ تورکیاو دەوڵەتانی تر دەربخا کە ئەو سەرۆکی هەرێمێکەو بەرامبەر پەرلەمانو گەلێک بەرپرسیارەو ناتوانێ وەک شەخسی خۆی یان سەرۆکی بنەماڵەیەک یان حیزبێک سەودا بەچارەنووسی میللەتێکەوە بکاتو هەر رێککەوتنێک سیاسی یان ئابووری یائەمنی کەبیکا دەبێ بیباتەوە بۆ لای حیزبی هاوپەیمانی ستراتیجی کەیەکێتییەو لای پەرلەمانەکەیو گفتوگۆی لەسەر بکرێو دەنگی لەسەر بدرێو رای گشتی میللەتەکەی پیی رازی بێ. ئەمە لەسەنگی سەرۆک زیاددەکا کەمی ناکاتەوەو حەقیقەتی بوونی دەسەڵاتی کوردیش وەک حکومەتو ستراکتوری سیاسی فیدراڵی دەسەلمێنێ. گەر مەسعود بارزانی لەتێگەیشتنو ئاکاری سیاسیدا نەگەیوەتە ئەو پلەیەی ئاوا بیر بکاتەوەو رەفتار بکا، ئەوە ئەرکی پەرلەمانە کەتێی بگەیەنێو بیخاتە بەردەمی بەرپرسیاریی یاساییو سیاسیو نەتەوەیی. گەر پەرلەمانیش ئەمە نەکا، ئەوە رۆڵی ئۆپۆزیسیۆنو میدیاو میللەتو رۆشنبیرانێتی کەنەهێڵن چیتر تراژیدیایەکانی ئەم بۆشاییە دەستووریو یاساییەو ئاکارییە بەردەوام بن. ئەوە کاری خۆپیشاندانەکان بوو دەربارەی مەرگی شەهید سەردەشت کەئاخری سەرۆکی بەدەنگ هێناو ناچاریکرد هەم لەراگەیاندنێکی تایبەتیدا ناوی شەهیدو کەیسی کوشتنەکەی بێنێو هەم بچێتە پەرلەمان نیگەرانی خۆی نەک بۆ کوشتنەکە، بەڵکو بۆ کاردانەوەی خەڵکو بۆ کوشتنەکە دەربڕێو پەیامێکی هەڕەشەئامێز بۆ خەڵکو ئۆپۆزیسیۆن بنێرێو بە یەک دوو دێڕیش باسی سەفەرەکەشی بۆ تورکیاو فەڕەنسا بکات بەبێ ئەوەی تاقە یەک ئەندامی پەرلەمانیش فزەی لێوە بێو زاتی ئەوە بکا دەست یا دەنگ هەڵبڕێو پرسیارێ لەسەرۆکی سەرۆکان بکات. یەکسەر دوای ئەمە ٤٠ هەزار دۆلار وەک پاداشت بۆ کڕینی سەیارە بۆ پەرلەمانتاران بڕدرایەوە، دیارە ئەوە هەر سەرەتایەکەو نیعمەتی تریشی بەدوادا دێن.

کاک مەسعود لەچەند رۆژی رابردوودا سەردانی تورکیای کرد، کەچی تاقە رۆژنامەیەکیش تەنانەت هەواڵە ئاشکراکانیشی نەگەیاندوون، تەنانەت هەواڵی ئەجندای باسوخواسەکان یان وەڵامی ئەو پرسیارە سادەشیان نەداوەتەوە بۆچی کتومت لەم کاتەدا تورکیا دوای چەند ساڵ فەرامۆشکردن، بارزانی بانگ دەکات؟

## پەیامنێر

یەکەمجار سایتی پەیامنێر هەواڵی کۆنفرانسی رۆژنامەوانیی مەسعود بارزانی لەگەڵ وەزیری دەرەوەی تورکیا بڵاوکردەوەو لەو کۆنفرانسە تەنیا ئەوەی هەڵبژاردووە کەبارزانی وتوویەتی: زۆر نارەحەتین بەڕژانی خوێن جا چ کورد یاخود تورک بێت.

PNA سەرۆکی هەرێمی کوردستان رایگەیاند» هەرێمی کوردستانو تورکیا بەرژەوەندی گەورەو گرنگی هاوبەشیان هەیە، وتیشی: زۆر نارەحەتین بەڕژانی خوێن جا چ کورد یاخود تورک بێتو پێویستە خوێنڕشتن کۆتایی پێبێت.» هەروەها رایگەیاندوە کە «تورکیا پردێکی عێراقە بۆ گەیشتن بەجیهانی دەرەوە، هاوکات هەرێمی کوردستانیش پردێکی پتەوە بۆ پەیوەندی نێوان تورکیاو عێراق.»

http://www.peyamner.com/
١٨٥٥٨٢=id&١=details.aspx?l

## ئاوێنە

بۆ روونکردنەوەی مانای ئەم وتەیەو تەوەرەکانی باس، رۆژنامەی ئاوێنە پەنا دەباتە بەر پێوەندی تایبەتی بەفەلاح موستەفاوە. ئاوێنە دەنووسێ: «لەپێوەندییەکی لەگەڵ سایتی ئاوێنە، بەرێوەبەری فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێم گرنگترین تەوەرەکانی دیداری سەرۆکی هەرێم لەگەڵ وەزیری دەرەوەی تورکیا ئاشکرادەکات. لەوانە:

- پەیوەندی دووقۆڵی نێوان هەرێمی کوردستانو تورکیا.
- بایەخدان بەبوارەکانی ئابووریو بازرگانی.
- زیاتر بەرەو پێشبردنی پەیوەندیەکانو باس لەپرسی سیاسی لەعێراقو پێکهێنانی حکومەتی تازەکراوە.»

سەبارەت بەو لیدوانەی سەرۆکی هەرێم کە لەکۆنگرە رۆژنامەوانییەکە

> سەرۆکی وڵاتێک ناچێت بۆ دەرەوەو پێوەندیو سەودای چارەنووسساز بکاو جگە لەخۆی کەس نەزانێت چ دەکات

کەوتی: نارەحەتین بەڕژانی خوێن، جا چ کورد بێت یان تورک، فەلاح مستەفا وتی «مەبەستی ئەوەیە کە جەنابیان لەگەڵ چارەسەری ئاشتیانەن بۆ هەموو کێشەیەکو توندوتیژی چارەسەری هیچ کێشەیەک ناکات، جەختی لەسەر ئەوەش کردووەتەوە کەپشتگیری لەچارەسەری ئاشتیانەی هەموو مەسەلەکان دەکات».!!
(سایتی ئاوێنە- ٦/٣)

## سایتی سبەی

سایتی سبەی بەهەمان شێوە یەک لایەنی دیدارو کۆنفرانسی رۆژنامەوانییەکەی بارزانیو وەزیری دەرەوەی تورکیای زەق کردووەتەوە. سبەی دەنووسێ: «لەمیانەی سەردانەکەیدا بۆ تورکیا ئەمرۆ (پێنجشەممە) مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لەگەڵ داود ئۆغلو وەزیری دەرەوەی تورکیا کە لەئەنقەرە بەرێوەچوو، رایگەیاند: هەرێمی کوردستان پردێکی مەحکەمە بۆ بەستنەوەی تورکیا بەشارەکانی دیکەی عێراقەوە، هەروەها بەرژەوەندی هاوبەش لەنێوان تورکیاو هەرێمدا هەیەو پێویستە پەیوەندییەکان بەهێزتر بکرێن.

سەرۆکی هەرێم ئەوەشی خستەڕوو: ئێمە دەزانین کەتورکیا وڵاتێکی گەورەو کاریگەرە لەناوچەکەدا ئەم مەسەلەیەش بەبایەخەوە وەردەگرین، هەروەها لەگەڵ خوێنڕشتنی هیچ کەسێکدا نین لەتورکیا جا تورک بێت یاخود کورد.

لە وەڵامی پرسیاری رۆژنامەوانێکدا (دەوترێ بەیانی لەگەڵ سەرۆکی ب.د.پ کۆدەبنەوە، ئامانجتان لەوە چییە چ پەیامێکیان پێ دەدەن)؟ بەڕاشکاوی بارزانی وتی: داوایان لێدەکەین پشتگیری لەسیاسەتی کرانەوەی حکومەتی تورکیا بکەن.»

دەربارەی هەڵوێستی وەزیری دەرەوەی تورکیا سبەی نووسیوێتی:

لای خۆشیەوە داود ئۆغلۆ وەزیری دەرەوەی تورکیا وێرای باسکردنی خاڵەکانی رێککەوتنو گفتوگۆکانی لەگەڵ بارزانی، بەبێ ئەوەی ناوی بهێنێ پەکەکەی وەک گەورەترین کۆسپ لەبەردەم پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستانو عێراق بینیو بەپێویستی زانی چارەسەرێکی هاوبەشی بۆ بدۆزنەوە.» ئەو سەرنجەش تۆمار دەکا کە: « ئەوەی بەلای رۆژنامەنووسانیشەوە جێی سەرنجو دووربوو لە عورفی دیبلۆماسی ئەوەبوو، کە لەکۆبوونەوە رۆژنامەوانییەکەدا بەتەنیا ئاڵای تورکیا هەبوو، بەبێ بوونی ئاڵای عێراقو ئاڵای کوردستان، رۆژنامەنووسێکیش ئەو پرسیارەی وروژاندو داود ئۆغلۆ لەوەڵامدا وتی: «هیچ موناسەبەتێک نییە کەبەتەنیا ئاڵای تورکیا لێرەیە، ئەگەر حەز دەکەن ئێستا ئاڵای عێراقتان بۆ دێنم.

(سبەی، ٦/٣). http://www.
sbeiy.com/ku/newsdetail.
١=١=cat&٢٧٣٩٥=aspx?id

## رووداو

رۆژنامەی رووداوێش لە ٦/٣ دا لەسەرچاوەی دیارینەکراوی ئاژانسەکانەوە لایەنێکی تری کۆنفرانسە رۆژنامەوانییەکە دەگێڕێتەوە. دەنووسێ:

«مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان رایگەیاند لەدەستووری عێراقدا چارەسەر بۆ کێشەی کەرکووک دانراوە.

بارزانی لەکۆنگرە رۆژنامەوانییە هاوبەشەکەی پێنجشەممەدا لەگەڵ ئەحمەد داود ئۆغلۆ وەزیری دەرەوەی تورکیا لەئەنقەرە، ئەوەشی وت کە لەم سەردانەیدا چەند رێککەوتنێک لەگەڵ حکومەتی تورکیادا ئیمزا دەکات.» سەرۆکی هەرێم لەبارەی ئەوەی پێشتر لەلێدوانێکدا رایگەیاندبوو کە ئامادەن شەڕ بکەن لەپێناو کەرکووکدا، وتی «بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەوە نین توندوتیژی بەردەوام بێت، خۆمان لەگەڵ تورکیا جیا ناکەینەوەو لەگەڵ رووداوی بارودۆخی خراپدا نین».

وتیشی بەنیازی ئیمزاکردنی رێککەوتننامەی ئابووریو بازرگانیو هەماهەنگی گرنگ چوونەتە تورکیا، بۆ ئەم مەبەستەش چەند وەزیرێکی پەیوەندیدار یاوەری سەردانەکەی دەکەن.»

(رووداو، ٦/٣) http://www.rudaw.
net/details.aspx?lang=Kurdish&pa
٢٢٧٣٧=ge=articles&c=Report&id

هاوڵاتیو دەستوور تا ٦/٤ هیچ هەواڵو بەدواداچوونێکیان لەسەر سەفەرەکەی بارزانی بۆ تورکیا بڵاونەکردۆتەوە.

## بەشی ئینگلیزی رووداو

سەیر ئەوەیە رووداو لەهەواڵە کوردییەکانیدا هیچ ئاماژە بەوە ناکا کەمەسعود بارزانی بەڵێنی بەهەموو هاوکارییەکی لەگەڵ تورکیا دژ بەتێرۆریزم دا، بەڵام لەبەشە ئینگلیزییەکەیدا لەرۆژی ٦/٤ تەواوی ئەو راپۆرتەی ئاژانسی رۆژنامەوانی فەرەنسی (ئا.فا.پا) ی بڵاوکردووەتەوە کەهەر ناونیشانەکەی ئەوەیە: بارزانی بەڵێنی پشتگیری بەتورکیا دەدات، یەکەم دێڕەکەی ئەوەیە: کەسەرکردەی کوردی عێراقی بارزانی بەڵێنیدا کەهەموو هەوڵێک بەخت بکات بۆ وەستاندنی توندوتیژی هەڵچووی کورد دژی تورکیا. بارزانی دوای بینینی وەزیری دەرەوەی تورکیا وتی: «ئێمە دژی بەردەوامی ئەو توندوتیژییەین، ئێمە ئاسایشی تورکیا وەک هی خۆمان دەبینین، ئێمە هەموو هەوڵێک بۆ کۆتایی پێهێنانی ئەو حاڵە دزێوە بەخت دەکەین. ئێمە پاشەرۆژی خۆمان لەپێوەندی باش لەگەڵ تورکیادا دەبینین.»

دیارە کەس نکوڵی لەوە نییە پێوەندی هەرێمو کورد بەگشتی لەگەڵ تورکیا گەوهەرییو هەرە گرنگە. پرسەکە ئەوەیە بۆ بارزانی نەتوانێو رێگا نەدا ئەم پرسە لەپەرلەمانو لەگەڵ نوێنەرانی خەڵکی وڵاتەکەی باس بکاو وەک نوێنەری گەلی کوردستان بچێ بۆ تورکیاو بەرپرسیان بێ بەرامبەریان؟ بۆچی ئاشکرای ناکا بۆچی تورکیا ئەم ساتو کاتەی بۆ زیارەتەکەی هەڵبژاردووە؟ بۆ نەزانین بەرژەوەندیو رێککەوتنە ئابوورییەکان لەگەڵ تورکیا چینو چۆن بریاڕدەدرێنو کێ سوودیان لێدەبینێ؟ چەند کۆمپانیای تورکیا لێرەنو چەند دەبەنو چۆن کار دەکەنو بەرامبەر کێ بەرپرسیارن؟ هتد، چۆن زامنی ئەوە دەکەین تورکیا راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ هەرێم بۆ دژایەتی خەباتی کوردی باکوور راناکێشێتەوە؟

پرسیار ئەوەیە بۆچی میدیای باشوور هێندە بەشتە لاوەکییە ناوخۆییکانەوە بەتایبەتی دەسەڵاتو ململانێی بۆشی ناو حیزبەکانەوە سەرقاڵە، کەچی پرسێکی وا گەورەو چارەنووسسازی وەک پێوەندی لەگەڵ تورکیا فەرامۆش دەکا؟ ئایا ئەمە چیمان دەربارەی ستراتیجی رۆژنامەکان، توانایان، پرۆفێشناڵییان، پێدەڵێ؟ گەر میدیا تاقە لایەنیکی ئازادیو رەخنە لەدەسەڵات بێ، فەشەلهێنان لەبەدواکەوتنو لێکۆڵینەوەو شرۆڤەکردنی رووداوێکی وا، تەنانەت نەبوونی یەک لێکۆڵینەوەی جددی شیکاریش، چیمان دەربارەی پانتاییو قووڵاییو حەقیقەتو مەودای ئەو ئازادیە پێدەڵێ؟

دیارە وەک هەموو شتێکی تر لێکۆڵینەوەوپێداچوونەوەوهەڵسەنگاندنی میدیا خۆشی بەمیدیای ئەهلیشەوە لەکوردستان چ لەلایەن خۆیانەوە چ لەلای دەزگای توێژینەوەی سەربەخۆوە نییە. بۆیە زەحمەتە رەمەکی بڕیار بدەین هۆی ئەو فەرامۆشییە چییە: نەویستنە یان نەتوانین یان تەمبەڵیو گوێ پێنەدانو تێنەگەیشتن لەپەیامی رۆژنامەگەری. گەر ئەو وتەیەی ئینگلیزان بکەینە رێبەر کەدەڵێ: «گەر ئیرادە هەبێ، رێگاش دەدۆزرێتەوە» ئەوا دەبێ بڵێین رەنگە هەر ئەو بیرکردنەوە نەتەوەییە ستراتیجییە نەبێ کەخواستی گرنگیدان بەپرسە نەتەوەیە ستراتیجییەکان دروست بکا. یان پرسەکانی دەسەڵات، وەک دەورو وتارو کرداری سەرۆکی هەرێم، هەروا بۆ قەزاو قەدەرو بڕیاری شەخسیو بنەماڵەییو حیزبی جێهێشتراونو کەس گوێ بەپرسی گرنگی دامەزراوەییکردنیو بەرپرسیارکردنی ئەو دەسەڵاتانە نادات. ئەو دەستە رووناکبیرە رێبەرانەشمان نین کەجەخت لەسەر ئەم بابەتە چارەنووسسازانە بکەن. ئۆپۆزیسیۆنیش هەنگاوی یەکەمی بۆ پێناسەکردنی خۆی نەناوە. یان ئەم بابەتانە هەر بڤەنو کەس خۆی لێیان نادا. لەوڵاتێکدا کەپەرلەمانەکەی بەستەزمان بێو رۆشنبیرانی بەستەگیرفان بن، ئەم ئاژاوەو تەموژانە ئاساییین، بەرواڵەت، بەڵام کوشندەن بەواقیع.

ئەو چەند بەرچاوخستنەی راپۆرتی رۆژنامە سەرەکییەکانی هەرێم دەربارەی سەفەری سەرۆکی هەرێمو کۆنفرانسە رۆژنامەوانییەکەی لەگەڵ وەزیری دەرەوەی تورکیا، لەرووی هەواڵو شیکرنەوە بەداخەوە لەئاستی سفر دان. تەنانەت وەک هەواڵیش پەرتو



# پیتەر ئیلیچ چایکۆفسکی

میهدی عاتف راد
وەرگێڕانی لەفارسییەوە: سارا محەمەد

چ شانازییەک لەوە گەورەترە کە بەساڵەکانو دەیەکانو سەدەکان لەنیگەرانیو خۆشییەکانی بەملیۆن مرۆڤ بەشدار بێتو ئەوان گرێی رازە نهێنییەکانی خۆیانتان بۆ باس بکەنو ئێوە بکەنە مەحرەمی رازە شاراوەکانی دەروونیان؟ چ شانازییەک سەرووتر لەوە هەیە کە بەمۆزیکی خۆت دڵو رۆحی بەملیۆنان مرۆڤ داگیر بکەیتو پڕی بکەیت لەشادییو گەشبینیو ئارامیو هێمنییان پێ ببەخشی؟ ئەمە ئەرکێک بوو کەمێژووی هونەر خستبوویە سەرشانی پیتەر ئیلیچ چایکۆفسکیو ئەمە شانازییەکی پرشکۆ بوو کەچارەنووسی کردبوویە نەسیبی ئەو.

پیتەر کە لەمنداڵی بەپیتیا بانگیان دەکرد لەساڵی ١٨٤٠ زایینی لەخێزانێکی مام ناوەندی چاوی بەدنیا هەڵهێنا. باوکی «ئیلیا پیتەرووبچ» ئەفسەرێکی سەربازیو ئەندازیاری کانزا بوو و پیاوێکی زیرەکو خاوەن کلتوورێکی مام ناوەندی بوو، ئەو کەسێکی زۆر مێهرەبانو رێزدار بوو بەچەشنێک کەمنداڵەکانی تا رادەی پەرستش خۆشیان دەویست، دایکی «ئەلکساندر» سەر بەبنەماڵەی ئەو فەرەنسیانە بوو کەکۆچەری بوونو لەسەردەمی شۆڕشی مەزنی فەرەنسا بۆ رووسیا کۆچیان کردبوو، دایکی ژنێکی باڵابەرزو خاوەن دوو چاوی جوان بوو، ئەو زمانەکانی فەرەنسیو ئەڵمانی بەباشی دەزانیو زۆر بەباشیش پیانۆی دەژەنیو خاوەن دەنگێکی خۆشیش بوو.

پیتەر سێ براو دوو خوشکی هەبوو و پیتەر خۆشەویستییەکی زۆری هەبوو بۆ یەک لەخۆشکەکانی بەناوی ساشا ئەلکساندر کەلەو بچکۆلەتر بوو، لەماڵە گەورەکەیاندا کە بە بەردەوامی قەرەباڵغ بوو و هیچ کات میوانی لێنەدەبڕا دوو ئامێری مۆزیکیی بەرچاو دەکەوت، یەکیان پیانۆیەکی گەورە بوو کە لەسووچێکی هۆڵی میوان دانرا بوو و پیتەری بچکۆلانە بەتەواوی شەیدای ببوو پڕ بەدڵ حەزی دەکرد کاتێک دەچووە پشتیو ئازادانە پەنجەی دەنا سەر کلیلەکانیو لاسایی ژەنیارانی گەورەی دەکردەوەو لەخەیاڵی خۆیدا ئاوازی خۆشی دەژەنی. ئامێرەکەی دیکە سندوقێکی مێزیکی رەش بوو کە بەگەڕانی دەستەیەک دەستی دەکردە بڵاوکردنەوەی ئەو موزیکانەی کە لەسەری زەبت کرابوون.

سندووقە رەشەکە ئاوازو مۆزیکەکانی مۆزارتو روسینیو بلینی بڵاودەکردەوەو لەم رێگەشەوە بوو کەپیتەر ئاشنایی لەگەڵ مۆزارت پەیداکردو بەتەواوی شەیدای بوو و بەم چەشنە شەیدای هەمیشەیی مۆزیک بوو، عەشق بەمۆزارتو مۆزیک کەهەر لەقۆناغی منداڵییەوەو بەبیستنی ئاوازە مۆزیکییەکانی سندووقە رەشەکە لەناخی پیتەردا بنجی داکووتاو تا دوایین ساتەکانی ئەم عەشقە بەردەوام بوو.

دایکی یەکەمین مامۆستای مۆزیکی ئەو بوو و شێوەی ژەندنی پیانۆو ئەو ئاوازانەی خۆی دەیزانی پێ فێرکرد، بیرەوەریی فێرکردنی یەکەمین وانەکانی مۆزیکو بوونی مامۆستایەکی مێهرەبانی وەک دایکی هیچ کات لەبیری پیتەر نەچووەوەو وەک درەوشاوەترین بیرەوەرییەکانی قۆناغی منداڵی ئەو بەئەژمار دەهات. ساڵانێک دواترو لەتۆی نامەیەکدا بۆ دایکی نووسی: چەند رۆژێکە بەردەوام ئاهەنگی هەزار دەستان دەژەنم کەرابردووم وەبیر دێنێتەوەو خەم سەرتاپای گیانم دادەگرێت، دێتەوە یادم کەتۆ ئەوەت دەژەنیو من لەپاڵتاو لەسەر ئەرزەکە دانیشتبوومو باوەشم کردبوو بەئەژنۆی تۆداو بێ دەنگ فرمێسک لەچاوەکانمدا دابارینو پێکەوە

> پیتەری بچکۆلە هەر لەمنداڵییەوە تامەزرۆیی زۆری هەبوو بەئەدەبو لەحەوت ساڵییەوە کۆمەڵێک شیعری کورتی فەرەنسی دەوتەوەو بەنیازبوو کەکتێبێک سەبارەت بەژاندارک ئەو کەسایەتییە خۆشەویستییەی خۆی، بنووسێت.

شیعری ئەو ئاوازەمان دەخوێندو هەر دووکمان لەو پەڕی خۆ شە و یستند ا کەیفمان بەو ئاوازە دەهات.

لەساڵی ١٨٨٤و لەکاتێکدا کەپیتەر تازە رۆیشتبووە ناو تەمەنی پێنج ساڵییەوە، کچێکی پڕ لەهەست بەناوی «فانی» لەدایکبووی فەرەنسا کەزۆر بەئەزموونو خاوەن زانیاری بوو وەک مامۆستای برا گەورەکەی پیتەرو بەمەبەستی فێرکردنی مۆزیک بەنیکۆلای برایو لیدیای ئامۆزای سەردانی ماڵی ئەوانی دەکرد، لەیەکەمین رۆژی هاتنی ئەو کچە بۆماڵیان پیتەر داوای لە«فانی» کرد تاکو لەوانەکانی بەشداری بکاتو فانیش داواکارییەکەی پەسەندکردو بەخێرایی پیتەری منداڵو خوێن شیرین بووە خۆشەویستی فانیو ئەویش بووە مەلەکەی گەورەی پیتەرو رۆحی پڕ لەهەستیاری پیتەری منداڵو ناوازەو ناسکی داگیرکرد، ماوەی ئەو ٤ ساڵەی کەپیتەر لای فانی خوێندنی مۆزیکی تێپەڕکرد کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەسەر ئاڵوگۆڕپێهێنانو گەشەی رۆحی پیتەرو پیتەر لەفانی عەشق بەئەدەبو هونەرو کلتووری لەو پەڕی عەشقەوە فێر بوو، لەتەمەنی ٦ ساڵیدا لەسەر وتنەوەی وانەکانی مۆزیک لەلایەن فانییەوە، پیتەر دەیتوانی بەباشی پیانۆ بژەنێتو کتێبە ئەدەبییەکان بخوێنێتەوەو زمانەکانی فەرەنسیو ئەڵمانی بەباشی قسە بکات. فانی پەی بەتایبەتمەندییە ناوازەکانی پیتەر بردبووو بەم چەشنە ئەوەی بەتەواوی خستبووە ژێر چاودێریو بەباشی هەوڵی خۆی خستبووە گەڕ بۆ بارهێنانی.

پیتەر خاوەن هەستێکی زۆر ناسک بوو و لەم رووەوە فانی لەقەبی «بچکۆلەی هەست ناسک»ی لێنابوو، پیتەر زۆر کەسێکی مێهرەبانو خاوەن ئیرادە بوو. لاسایی کەسی نەدەکردەوەو خۆی کەسێکی داهێنەر بوو، زۆر جار تورە دەبوو، بەڵام بەخێرایی هێوردەبووەوە، شادییەکانی بەخێرایی دەبوونە خەمو فرمێسکەکانی دەست بەجێ دەبونەوە بەبزەو پێکەنین.

مۆزیک شوێنێکی زۆر سەرسوڕهێنەری لەسەر دانا، تا بەتەنیا دەمایەوەو مەجالێکی بۆ دەڕەخسا، دەست بەجێو لەو پەڕی عەشقەوە خۆی دەگەیاندە پیانۆکەو بەو پەڕی هەستەوە ئاهەنگێکی دەژەنی، ئەگەر بەجۆرێک لەمپەرێکی لەبەردەم خۆیدا بۆ گەیشتن بۆ سەر پیانۆ بدیایەو بەپەنجەکانی هەر شتێک لەبەردەستیدا بووایە ریتمی دەگرت، جارێکیان لەسەر شووشەیەکی شکاو ریتمی دەگرتو پەنجەکانی بەلێواری شکاو و تیژی شووشەکە زۆر بەسەختی کوڵەوار بوو، لەکاتی ژەنینی پیانۆ عەسەبیو تێکدەچوو، شەوێکیان پێش لەژەنینی پیانۆ بەپەلەو بێ قەرار سەردانی ژوورەکەی خۆی کرد، فانی مامۆستای کە هەمووکات لەدوورەوە چاودێری دەکرد بەدوایدا چووو کەچاوی پێیکەوت دی لەژوورەکەیدا وەک بارانی بەهار فرمێسک لەچاوەکانی دێتە خوارو دەگری. بەپەلە کردیە باوەشو لەکاتی ماچکردنو لاواندنەوەی پرسیاری ئەو حاڵەتەی لێکرد؟ پیتەر بەگریانەوە وتی: مۆزیک!مۆزیک! پاشان بۆ ماوەی چەند رۆژێک خۆی لەژەنینی بەدوورگرتو بەردەوام لەمامۆستاکەی دەپاڕایەوە: رزگارم بکەن، لەدەست مۆزیک رزگارم بکەن. ئاماژەی بۆ سەری خۆی دەکردو دەیوت کەلێرەدایەو لێم ناگەڕێو ئۆقرەی لێبڕیوومو داوادەکەم لەکۆڵمی بکەنەوە.

پیتەری بچکۆلە هەر لەمنداڵییەوە تامەزرۆیی زۆری هەبوو بەئەدەبو لەحەوت ساڵییەوە کۆمەڵێک شیعری کورتی فەرەنسایی دەوتەوەو بەنیازبوو کەکتێبێک سەبارەت بەژاندارک ئەو کەسایەتییە خۆشەویستە، بنووسێت.

پیتەر لەتەمەنی هەشت ساڵیو پاش رۆیشتنی فانی مامۆستای، تووشی قەیرانێکی دەروونی قووڵ بوو و دەستی دەدایە هەندێک کاری سەیرو سەمەرە.

بەهیچ هۆیەک فرمێسک لەچاوەکانی دادەباری، خەمۆکو نەخۆش بوو، رەنگی پەڕیوو مەلول کەوتبووەوەو نامەیەکی زۆر عاشقانەی بۆ فانی مامۆستای نووسیو ئەوی وەک ئازیزی ونبووی خۆی ناو لێبردبوو، دایکیش رێک لەو کاتەدا کەناچار بەرۆیشتن بۆ سەفەرێک درێژماوە ببوو، ئەوەندەی دیکەی قورسایی خەمو نیگەرانییەکانی زۆرتر دەکرد، دایکیشی لەنامەیەکی سکاڵا ئامێز بۆ مامۆستای فانی گلەیی لەپیتەر دەکردو بەم جۆرە بۆی نووسیبوو: پتیا ئیتر پتیاکەی پێشوو نەماوەو بۆتە کەسێکی بیانووگیر. بەتەواوی کەمتەرخەم بوو لەبەرانبەر هەر جۆرە ئەرکو کارێک، من ئیتر ناتوانم پیتەر بەباشی درک پێبکەم. تەمبەڵ بۆتەوەو هیچ کارێکی بەسوود ئەنجام نادات، نازانم چۆن لەگەڵی هەڵسوکەوت بکەم؟ زۆرجار هەندێک کار دەکات کەدەمگرییەنێتو بەزۆری نیگەرانو خەمبارە.

تەنیا ئەو کاتەی لەپشت پیانۆ دانیشتووەو سەرقاڵی ژەنینی پیانۆیە خەمەکانی فەرامۆش دەکات، وا دیارە تەنیا مۆزیک دەبێتە هۆی ئارام کردنەوەو سارێژبوونەوەی خەمە رۆحییەکانی، لەم رۆژە سەختو قەیراناوییانەدا کەدڵی ئەو بریندارو شکاو دیارە، تەنیا کتێبو مۆزیک دەتوانێ سارێژکەری خەمەکانی ئەو بێت، خۆی بۆ فانی مامۆستا بەم جۆرە لەنامەکەیدا دواوە: تەنیا شتێک کەسەرم قاڵ دەکات خوێندنەوەیە، بەم زووانە کتێبی «شەونشینی» لەنووسینی گوگولم دووجار خوێندۆتەوە، بەڵام ئێستاکە شتێکم بۆ خوێندنەوە نییەو نازانم لەکوێ «تلماکو نامەکانی خانمی سوینە» بەدەست بێنم بۆ خوێندنەوە، جێگەی سەرنجە کە لەکاتی نووسینی ئەم نامەیەدا پیتەر تەنیا دە ساڵ تەمەنی هەیە.

پاش لەدایکبوونی برا دووانەکانی بەناوەکانی مودستو ئاناتۆلی، باری دەروونی پیتەر بەرەبەرە بەرەو باشبوونەوە دەڕۆیو ئەو دوو برایەو بەتایبەتی مودست تا کۆتایی تەمەنی باشترین هاوڕێی مەحرەمی رازە نهێنییەکانی ژیانو رۆحی ئەو بوو. لەتەمەنی دوانزە ساڵیدا پیتەریان لەقوتابخانەی ماف (حقوق) ناونووس کردو بۆ ماوەی دوو ساڵ پیتەری مێرمنداڵ کە لەسەروبەری پێگەیشتندا بوو لەم قۆتابخانەدا درێژەی بەخوێندن داو پیتەر لەم ماوەیەدا بەهۆی دووری لەبنەماڵەکەی تووشی رەنجو سەختی زۆر بووەوە.

گرنگترین شادی ئەو ساڵانەی دایکی بەدیاری پێداو و شەوێک ئەو بۆ سەیرکردنی ئۆپێرای «ژیانێک بۆ تزار» لە کارەکانی «گلینگا» باوکی مۆزیکی نەتەوەیی برد، سەیرکردنی ئەم مۆزیکە کاریگەرییەکی قووڵو بەرچاوی لەسەر زەینو رۆحی تینوی مۆزیکی پیتەر داناو رەنگە بتوانین وەک شەوی کۆتایی قۆناغی منداڵی پیتەرو سەرەتای مێرمنداڵی ئەو ناوی لێببەین.

# پیکاسۆ

بێن لۆری
و: مستەفا زاهیدی

**بێن لۆری (Ben Loory) چیرۆکنووسو فیلمنامەنووسی ئەمریکایی، ئێستا لەلۆس ئەنجلۆس دەژیو یەکێک لەقەڵەمە تازەکانی ئەدەبی ئەمریکایە، زیاتر وەک چیرۆکنووسێکی پۆست مۆدێرن دەناسرێت. لەگەڵ کاری چیرۆکنووسینو فیلمنامەنووسین، ئامادەکاری چەند بەرنامەیەکی تەلەفیزیۆنیشە.**

جارێک پیکاسۆ هاتە
شارەکەی ئێمەو ماوەیەک مایەوە،
ئەمە ماوەیەکی زۆر لەمەوپێش
روویدا. لاموایە هاتبو بۆ ئەوەی
ماوەیەک لەوێنەکێشان دووربێت
لەبەر ئەوەی ئەو ماوە لێرە بوو
هیچ کارێکی نەکرد، پیکاسۆ
هەمووکات مایکرۆسکۆپێکی پێبوو
بەدوای گیانلەبەرە وردەکاندا
دەگەڕا.
بەیانیان دەتبینی لەناو گژو
گیاکاندا دەهاتو دەچوو و چاوی
بچووک دەکردەوەو تەماشای
شوێنێکی دەکرد، هەرکاتیش
دەیدۆزییەوەو پێی باش بوو
دەچەمایەوەو تاقیدەکردەوە،
ئەگەر باش بوایە هەڵی دەگرتو
دەیخستە ناو شووشەیەک،
پیکاسۆ لەسەروی بەنزینخانەکەوە
ژوورێکی بەکرێ گرتبوو،
هەموو گیانلەبەرەکانی دەخستە
سەر مێزی کارەکەی، دەرگای
ژوورەکەی کراوە بوو و زۆر کەم
سەری بەرزدەکردەوە، تەنها
چاوی دەبڕییە گیانلەبەرەکان،
تەماشای جەستە ناسکو باڵە
جوانەکانیانی دەکرد، کەپیکاسۆ
رۆیشت، گیانلەبەرەکانیشی
لەگەڵیدا رۆیشتن، هەڵبەت
زۆربەیان رۆیشتن، چەند
دانەیەکیان مایەوە، بەوردی
هەموویانمان تاقیکردەوە،
دەمانویست بزانین بۆ
نەڕۆیشتوون. دەبێ کێشەیەکیان
هەبێت کەنەڕۆیشتوون،
بەڵام بەلای ئێمەوە ئەوانیش
کۆمەڵێک گیانلەبەر بوون وەک
گیانلەبەرەکانی تر، دەبا پیکاسۆ
بویتایە بۆئەوەی بتزانیبایە.
گیانلەبەرەکانمان
بەشووشەکانەوە خستە چاڵو
چووین بەشوێن کاری خۆماندا.
دیسان ژیانی ئاسایی خۆمان
گرتەوە بەر. بەڵام هەرکات
دەڕۆمە کتێبخانەی گشتیو
یەکێک لەو کتێبانە هەڵدەگرمو
وێنە شێوەکارییەکانی پیکاسۆ
یەک بەیەک هەڵدەدەمەوە،
پێمخۆشە لەگەڵ خۆم ئەم یارییە
بکەم.
دەزانی چییە، لەناو تابلۆکانی
پیکاسۆدا بەتایبەت ئەوانەی
دوای هاتن بۆ ئێرە کێشاونی،
هەمووکات گیانلەبەرێکی بچووک
هەیە، تۆزی دژوارە بیدۆزیتەوە،
بەڵام هەیە، راست وەک خاڵێکی
بچووکی رەنگی، ئەگەر دوای
چەند کاتژمێر تەماشاکردن
نەتاندۆزییەوە، ئەوە بزانن ئەو
تابلۆیە هی کاتێکە کەهێشتا
نەهاتبووە شارەکەی ئێمە، بەڵام
ئەگەر دۆزیتانەوەو ئارام بوونەوەو
دانیشتن، وەک ئەوە وایە
پیکاسۆتان بەدەستەوە گرتبێت.

www.kurdipedia.org

# خوێندنەوەیەکی تەئویلیانەی چیرۆکی «گۆڕستان»ی ناسری وەحیدی

ڕەسووڵ سۆفی سوڵتانی

## گۆڕستان

ناسری وەحیدی

پێی وتم: ئەسمەر! ئەوە یان هیچ کەس!

گەڕامەوە بۆ لای گۆڕەکەی باوکم. لەتەنیشت گۆڕەکە کەژاڵم دیت، کراسێکی ڕەشی سادەی لەبەردابوو، خۆی دابوو بەسەر گۆڕێکداو باڵۆرەی دەوتو خۆی دەلاوانەوە، دەنک دەنک فرمێسک بەچاوە کاڵەکەیدا دەهاتە خوار، خەمو پەژارە لەدیمەنی دەچۆڕاوە، بەئەسپایی دەستم نایە سەر شانیو لەگۆڕەکە دوورمخستەوە. بەرەو ماڵ کەوتینە ڕێ، لەو ماوەیەدا دڵخۆشیم دەداوە، پێم وت: تۆ هەوەڵی تەمەنتە جوانو جەحێڵی زۆر کەست پێ ڕازی دەبێ، ئێستا دەستە خوشکەکانمان مێردیان نەکردوە، کاکم دوای ئەو ماوە دوورو درێژە کە لەهەندەران گەڕاوەتەوە تەنیا ئافرەتێک کەلێی پرسیوە تۆ بووی. کەژاڵ دەزانم ئاخیرەکەی شوو دەکەیتەوە، خۆ شوکور منداڵیشت نییە.

کەژاڵ بەتووڕەییەوە وەڵامی دامەوە ئێستا جلی تازیەتیم لەبەر دانەکەندووە. هەفتەیەک لەمەرگی جەلال تێنەپەڕیوە، دیسانەکانێ من سوێندم بۆ خواردبوو لەدوای ئەو مەگەر گۆڕ لەئامێزم گرێ. تکات لێ دەکەم ئیتر لەم بارەوە چیتر مەدوێ، من شەو و ڕۆژ لەفیکرو خەیاڵی جەلال دام، هەموو شەوێ خەوی پێوە دەبینم، ناتوانم تەنیا ساتێک بیری ئەو لەخۆم دوورخەمەوە.

لەپێنجشەممەی هەفتەیەکی تردا کەژاڵم دیت خۆی دابوو بەسەر گۆڕەکەی جەلالداو دەگریا، کراسێکی ڕەشی گوڵ وردی زەردی لەبەردابوو، دەستم خستە سەر شانیو لەگۆڕەکە دوورمخستەوە، بەرەو ماڵ گەڕاینەوە، بەر لەهەموو شتێک کەژاڵ وتی: لەبابەتەکەی هەفتەی ڕابردوو نادوێم، مێشکم چیتر ناتوانێ لەوە زیاتر هەڵبگرێ، لەم هەفتەیەدا تەنیا سێ شەو خەوم بەجەلالەوە دیوە.

لەپێنجشەممەیەکی تردا کەژاڵم دیت خۆی دابوو بەسەر گۆڕەکەی جەلالداو دەگریا، کراسێکی ڕەشی گوڵ وردی سەوزی لەبەردابوو، دەستم خستە سەر شانیو بەرەو ماڵ گەڕاینەوە، کەژاڵ وتی: لەو هەفتەیەدا تەنیا دوێنێ شەو خەونی بەجەلالەوە دیوە.

لەبەیانی جومعەی هەفتەیەکی تردا کەژاڵیان بەمردوویی لەسەر گۆڕەکەی جەلال هەڵگرتبۆوە، کراسێکی ڕەشی گوڵ وردی سووری لەبەردابوو، فرمێسکی چاوی گۆڕەکەی تەڕ کردبوو.

لەپێنجشەممەیەکی هەفتەیەکی تردا منو کاکمو براژنم لەتەنیشت گۆڕەکەی باوکمو جەلال گۆڕێکی تازەمان بینی، لەسەر کێلەکەی نووسرابوو: «ئەم مرۆڤە بەوەفایە لەچوار هەفتە زیاتر نەیتوانی بەرەنگاری دەردی دووری مێردەکەی بێ، بەسەر گۆڕی مێردەکەیەوە گیانی دەرچوو!!

**«دەنگ سەرچاوەکەی خۆی بزر دەکا، نووسەر ئاوێتەی مەرگی خۆی دەبێو نووسین دەستپێدەکا»**
**ڕۆلان بارت**

نووسەر لەم کورتە چیرۆکەدا هەڵوێستێکی ئینسانی خۆی تێکەڵ بەهونەرو وشە دەکات دژ بەنەریتێکی دێرینی کۆمەڵگاکەی خۆی. دەیەوێ سەر لەژانێکی نادیاری خەڵکەکەی هەڵداتەوە، کەپەتاو یاوەکەی لەکۆنەوە هەر بەناو پێشەو دەمارییاندا دێو دەچێ. لەم چیرۆکەدا بەدەور گێڕانی دوو کەسی سەرەکی چیرۆک، یەکەم ئەسمەر وەک کارگێڕی چیرۆک دووهەم «کەژاڵ» پاڵەوانی یەکەمی چیرۆک، دەگەینە ئامانجێک بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکی کۆمەڵ.

**بە سەرنجدان بەو خاڵانە:**

چیرۆک هەمووی لەشوێنێکی نەگۆڕدا بەڕێوەچووە.

هەموو باسەکان بۆ گێڕانەوەی یەک ڕووداوی سەرەکی تەرخانکراون.

گۆڕانی کاتەکانیش بەشێوەیەکی ڕێکو پێکو ئەستوونینو نابنە ئەگەری لێک هەڵپچڕانو درێژدادڕی ڕووداوەکان، دەکرێ بڵێین گۆڕستان شانۆنامەیەکە لەپێنج پەردەدا:

پەردەی یەکەم — کە کەژاڵ کراسێکی ڕەشی سادەی لەبەردایە.

پەردەی دووهەم — کەژاڵ کراسێکی ڕەشی گوڵ وردی زەردی لەبەردایە.

پەردەی سێهەم- کەژاڵ کراسێکی ڕەشی گوڵ وردی سەوزی لەبەردایە.

پەردەی چوارەم- کەژاڵ کراسێکی ڕەشی گوڵ وردی سووری لەبەردایە.

پەردەی پێنجەم — تابلۆی کۆتاییو بەشی هەرە گرنگی چیرۆکەکە، ئەو شوێنەی کەئاکامو پرسیاری لێ دێتە بەرهەم «دیمەنی گۆڕەکەی کەژاڵ» ە.

کەهەندێک وردبوویتەوەو لایەنە تایبەتییەکانی چیرۆکەکەت هەڵسەنگاند، دوو چیرۆک یان باشتر بڵێم دوو بەسەرهات لەدوو کەسەوە دێتە بەردەم.

بەسەرهاتی یەکەم، بەسەرهاتی کەژاڵە لەسێ قۆناغدا:

١ :تازیەباری کەژاڵو پێشنیار پێکردنی بۆ زەماوەندی سەر لەنوێ، (لەپەردەی یەکەمدا).

٢: ئەوینداربوونی نهێنیانەی کەژاڵ هەنگاو بەهەنگاو، باشترە بڵێم هۆگربوون بەدەستپێکردنەوەی ژینێکی تازەو ژیاندنەوەی خۆشییەکانی (لەپەردەی ٢ و ٣ دا).

٣: مردنی لەناکاوی کەژاڵ (لەکۆتاییدا) بەسەرهاتی دووهەم:

بەسەرهاتی کاکی ئەسمەر لەدوو قۆناغدا:

ئـ :پێشنیار بۆ کەژاڵ دەکا شووی پێ بکا (لەپەردەی یەکەمدا).

بـ : کەژاڵ پێشنیارەکەی وەرناگرێ ئەویش لەگەڵ کەسێکی تردا زەماوەند دەکا.

- **پەردەی یەکەم:**

چیرۆکەکە ئاوا دەستپێدەکا: «ئەسمەر! ئەوە یان هیچ کەس» کێ پێی وت؟ ئەسمەر کێیەو «ئەو» کێیە کەوا لەسەرەتاوە خوێنەر وا لێ دەکا بۆ سەردەرهێنان لەم پرسە قووڵ هەڵماڵێ بۆ خوێندنەوەی چیرۆکەکەی بەر دەمیو بەسەریدا تێ نەپەڕێ.

فەرمان-فێعل- ی «گەڕامەوە» وا پێشان دەدا کەبگێڕەوە پێشتر سەر قاڵی ئیشێکیتر بووەو پاشان بۆ تەواو کردنی مەبەستەکەی گەڕاوەتەوە بۆ شوێنی مەبەست، کەلای کەژاڵە.

کەژاڵ خۆی بەسەر گۆڕێکدا داوە، کەژاڵ تازیەتبارو ڕەشپۆشە، ئەویش دێ دڵی دەداتەوە، بەڕێگای ئەم ئاخافتنانەدا هەندێک ڕاز! وەک گرێ کوێرەکانی سەرەتای چیرۆکەکە دەدرکێندرێ.

کەسایەتی کەژاڵمان بۆ وێنا دەکا: کەژاڵی هێشتا لاو و دەستە خوشکی ئەسمەرە، کاکی ئەسمەر لەهەندەرانەوە دادەبەزێتە گۆڕەپانی گێڕانەوەکەو کردەوەیەکی هاوبەشی وەک سەردانی مەزاری ئازیزانیان لە خاڵێکدا (گۆڕستان) بەیەکیانەوە گرێ دەدات، داواکاری کەژاڵە، کەژاڵ مێردەکەی مردووە، داواکاریەکە ڕەتدەکاتەوە، چونکە دەیەوێ وەفاداری ژیانی پێشووی‌و بیرەوەریەکانی بمێنێتەوە.

تا ئێرە دەور گێڕەکانی ئەم شانۆیەو داڕشتنی باری کەسایەتیەکانیان لەڕێگەی ئەم چەن ڕستە پوختو پاراوەدا لەمێشکماندا وێنا دەکرێ.

- **پەردەی دووهەم**

لەپێنجشەممەی هەفتەی تردا دەستپێدەکات، دیمەن، کۆپیکراوی دیمەنی هەفتەی پێشوو یان پەردەی یەکەمە، کەژاڵ خۆی بەسەر گۆڕەکەی جەلالدا داوە، دەگری، بەرگەکەی هەر ڕەشە، دیسان ئەسمەر لەشوێنی مەبەستە، تەنیا جیاوازیەکی کەهەیە گوڵێکی وردی زەردە لەئەنگوستە چاوی کراسەکەی کەژاڵدا خۆی دەنوێنێو دابەزینی ڕادەی خەون دیتنەکانی بەجەلالەوە لەهەفتەوە هاتووەتە سێ جار، ئەم ڕەمزانە زمانی ئاخافتنی چیرۆکەکەن کەهەواڵی دامرکانو داسەکنانی دڵی کەژاڵو ڕێژەی لەبیرچوونەوەی دەوری جەلال ڕادەگەیەنێ.

«ڕەنگ»، ئامرازێکە کەنووسەر زۆر بەوریاییەوە بۆ نیشاندانی ڕەمزەکان یاری پێدەکاو پێی دەدوێ، لەم پەردەیەدا ڕەنگی زەرد سەر هەڵدەدا، گۆڕانی ئەم ڕەنگە هەستو نەستی کەژاڵ لەئاست داسەکنانی دڵو کاڵبوونەوەی حوزووری جەلال، لەخەیاڵی کەژاڵدا دەگێڕێتەوە، دەروونناسی ڕەنگەکان لەلای وێنەکێش وەک دەرکەوتنی تروسکەی هیواو سەرهەڵدانی جۆرە جمینێک لەزەینییەتی مرۆڤدا لێکدەدرێتەوە، بەو پێیە ئەمە گۆڕانی ئومێدێکە لەشەوەزەنگی سەراپا بێ هیوای کەژاڵداو لەگەڵ ئەمەدا حوزووری ئەسمەر دەیبەستێتەوە بەپێشنیارەکەی کاکیەوە.

> **«ڕەنگ»، ئامرازێکە نووسەر زۆر بەوریاییەوە بۆ نیشاندانی ڕەمزەکان یاری پێدەکاو پێی دەدوێ**

- **پەردەی سێهەم**

بەپێنجشەممەی هەفتەیەکی تر دەستپێدەکاتەوە، دیمەن! کۆپیکراوی دیمەنی هەفتەی یەکەمو دووهەمە، کەژاڵ خۆی بەسەر گۆڕەکەی جەلالدا داوە، دەگری، بەرگەکەی هەر ڕەشە، دیسان ئەسمەر لەشوێنی مەبەستە، ڕواڵەتی دیمەنەکان نەگۆڕاون تەنیا گوڵە زەردو وردەکان جێی خۆیان داوە بەگوڵێکی «سەوز»ی «ورد»، لەم هەفتەیەدا یەک جار خەون بەجەلالەوە دەبینێ، «خەون» وەک کەرەستەیەک کەڵکی لێ وەرگیراوە بۆ پێوەندی ڕۆحی نێوان جەلالو کەژاڵ. کەژاڵ تا دێ زیاتر فەرامۆشی دێ، ڕەنگی «سەوز» باس لەسەرهەڵدانەوەی ئارامیو هێوریەکی دەروونی دەکا کە لەسرووشتی دەروونی کەژاڵدا وێنا دەکرێ، ڕەنگە دڵەڕاوکێی دوو هەفتەی پێشوو ڕێشاژۆیی کردبێو کەژاڵ بەرەو ژیانێکی ترو وەدەستخستنەوەی خۆشیە بزرکراوەکانی پاڵ پێوەنێ.

- **پەردەی چوارەم**

بەڵام لەم بەشە (پەردە)دا چیرۆک، یان باشتر بڵێم ئەنجامی چیرۆک بەچەشنێک خوێنەر سەرسام دەکا، خۆی پێی وانییە ئەم چەند ڕستەی سەرەوەی دروست خوێندبێتەوە، لەشی بێ گیانی کەسی یەکەمی چیرۆک لەبەیانی هەینیدا لەسەر گۆڕەکەی جەلال هەڵدەگیرێتەوە، لەکاتێکدا گوڵێکی وردی سوور جێگای گوڵە زەردو سەوزەکەی گرتۆتەوە، ئەم مردنە وەک کۆتایی چیرۆک هەر چەند ئەنجامێکی لۆژیکی نەبوو بۆ کردنەوەی گرێی کۆتایی چیرۆک، بەڵام چونکە گێڕانەوەکە لەسەر بنەمای فۆڕمێکی تایبەتو شێوازی چیرۆکی زۆر کورت داڕێژراوە ڕەمزەکان دەوری لێکدانەوەو شیکرنەوەی ڕووداوەکان دەگێڕن.

ڕووداوە بەرچاوەکان ئەرکی لەڕێگە دەرکردنی خوێنەریان لەئەستۆیە، ئەو»توخم»ە سەرەکیانەی پێوەندیە ناوەکییەکانی گێڕانەوە دەپارێزنو دالو مەدلوولەکان بەیەکەوە گرێدەدەنەوە «ڕەنگ»ەکانن، ڕەنگی سوور وەک «نیشانە« ی پێگەییشتنی چەمکێک، باس لەترۆپکی ئەویندارییەک دەکات لەپانتاییەکی تاریکو نەگونجاودا، (پانتای ڕەشی کراسەکەی کەژاڵ) بنچ داکوتانی هیوایەکی کامڵ کە لەئەنجامی بەئاکام گەییشتنێکدا دێتە کایەوە.

> **ڕووداوە بەرچاوەکان ئەرکی لەڕێگە دەرکردنی خوێنەریان لەئەستۆیە**

بەڵام کەژاڵ دڵی بەکێ دابوو؟ ئەمە درێژەی عەشقەکەی جەلال بوو کە لەپاش مەرگی لەزەینی خوێنەرانەی کەژاڵدا دەنووسرایەوەو هەوڵیدەدا بۆ دەستەبەرکردنی واتای تازەتر؟ ئەگەر بێجگە لەجەلال خۆشەویستی کەسێکی تر کەژاڵی ڕاپێچ دەدا بۆ نیشتمانێکی تری خۆزیاکان، ئەدی بۆ لەبارەگەی ئەو نیشتمانەدا کۆتایی بەو پرۆسەیە هێنا.؟ ئەگەر عەزرەتی کۆچی جەلال گیانی لێ سەندبێ خۆ هەموو نیشانەکان پێشانیاندا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خەریکە فەرامۆشیو سوکنایی زیاتر بەسەر ڕۆحی کەژاڵدا دەکشێ، ئەدی چۆنە بۆ هەمیشە سەری نایە سەر گۆڕەکەی جەلالو ..؟....؟......؟...

هەمووی ئەم پرسیارانە لە «پەردەی پێنجەم»دا بەهەندێک گومانەوە لەلای خوێنەر وەڵام دەدرێنەوە.

بگێڕەوەی چیرۆک دەڵێ: لەگەڵ کاکمو براژنم چووینە گۆڕستان، ئەمە لەکاتێکدایە کە گڵکۆی کەژاڵ لەتەنیشت گڵکۆی جەلالەوە دەبینن.

«کاک» دیارە برای ئەسمەرە، بەڵام «براژن» کەسایەتیەکی لەناکاوە کەتازە پێی دەنێتە گۆڕەپانی چیرۆکەکەوە، کاکی ئەسمەر بەر لەمردنی کەژاڵ ژن دێنێ. کاکی ئەسمەر لەیەکەم دێڕی چیرۆکەکەدا وتبووی: «ئەسمەر ئەوە یان هیچ کەس».

«ئەو» واتا کەژاڵیش سوێند خۆری جەلال دەبێ و ناتوانێ بەپێچەوانەی ویستی دڵی خۆی بجووڵێتەوە، کاکی ئەسمەریش وەک مافی خۆی ناچار کەسێکی تر دەکاتە هاوژینی خۆی.

بەم جۆرە ناسۆری کەژاڵ دێتەوە سوێ. جارێکی تر هەرەسی نائومێدی بەرەو سنگی گڵکۆی دڵدارەکەی پێشووی ڕاپێچی دەداتەوەو بۆ هەمیشە لەجەغزی لێکدانەوەکانی واتایی جەلالدا دەمێنێتەوە.

«ئەم مرۆڤە لەچوار هەفتە زیاتر نەیتوانی بەرەنگاری دەردی مێردەکەی بێو ...»

ئەم ڕستەیە وەک بەرزترین ڕاگەیەنی پەیامی چیرۆکەکە بەشێوەیەکی تەنزاوی کۆتایی بەئەم چیرۆکە دێنێ، ڕەمزەکان دەڵێن ئەمە تێگەیشتنێکە لەخوێندنەوەیەکی سەر سەرەکیو ڕەشاییانەدا هاتۆتە بەرهەم، کەسێک گوڵە وردەکانی پانتای کراسەکەی کەژاڵی نەخوێندبێتەوە دەڵێ: کەژاڵ نەیتوانی بەرەنگاری دەردی لەدەستچوونی مێردەکەی بێ».

خوێندنەوەیەکی تەک ڕەهەندی نیشانەکانیش دەڵێن کەژاڵ لەمەراقی مەرگی ئازیزەکەیدا نەمرد، بەڵکو نائومێدیەک کە لەئەنجامی ژنهێنانی کاکی ئەسمەردا هەرەسی هێنابوو کەژاڵی بەرەو ئەم مەرگەساتە بردبوو، ئەم خوێندنەوەیە دەڵێ کەژاڵ ئازایەتی هەڵوێستێکی گونجاوی نەبوو تابتوانێ ڕکەی نەریتە داسەپاوەکان ببەزێنێو خۆی دەرباز بکات.

جەلال- چیرۆکێکە پاش کۆتاییپێهاتنی، جارێکی تر کەژاڵ دەیخوێنێتەوە، کەژاڵ بەردەوامی زایینەوەی واتاو «بەسەرهات»ە، خوێنەرێکیتر دەیخوێنێتەوە، بەڵام کەژاڵ ئەگەر لەچوارچێوەی واتاکانی جەلال دەرباز بوایە، وەک دەقێکی ناشیاو بۆ خوێندنەوە دووبارە نەدەمردەوە، بەڵکو دیسان لەبەستێنێکی تردا واتای تازەتری بەدی دەهێناوە.

دەستوور

**خاوەنی ئیمتیاز:** کۆمپانیای سولی تێلیگراف

**سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن:** ئیدریس عومەر
info@destur.net - 0533187811

**جێگری سەرنووسەر:** وریا حەمەتاهیر
**سکرتێری نووسین:** شۆڕش خالید
**بەڕێوەبەری هونەریی:** شێرکۆ خانزادی

یاری

رۆژانە گەرماوگەرم هەواڵو رووداوە سەرنجڕاکێشەکانی مۆندیالتان بۆ دەگوازێتەوە

www.yary.destur.net

# لەبیرنەچوونەوەی سەردەشت عوسمان


فۆتۆگراف: دەشتی ئەنوەر

**زانیار محەمەد**

مانگێک بەسەر تیرۆرکردنی سەردەشت عوسماندا تێپەڕیو پارتیو دەزگا ئەمنییەکانی، جگە لەڕوونکردنەوەی سەرەتایی، شتێکی دیکەیان ئەنجامنەدا. لەبری لێپرسینەوەی جدی لەبەرپرسە ئەمنییەکانی هەولێری بن دەستی پارتی، لەبری بەدواداچوون بۆ ئەو گومانانەی ئاراستەی پارتی دەکرێن، بەڵام سەرۆکی هەرێم سەرقاڵی گەشتەکانیەتی بۆ تورکیاو ئەڵمانیاو فەرەنسا، پەرلەمانی کوردستانیش سەرگەرمی کڕینی ئۆتۆمبێلە بۆ پەرلەمانتاران.

چەندێک رفاندنو تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان ترسناک بوو، هێندەش بێباکیی پارتی بەرانبەر بەتیرۆرکردنی سەردەشت عوسمانو هێرشەکانی راگەیاندنی ئەو حیزبە سامناکن. چەندە کوشتنی مرۆڤێک تاوانێکی گەورەیە، ئەوەندەش خەمساردیی بەرانبەر تاوانێک، شاردنەوەو شێواندنی حەقیقەت تاوانە. چاوەڕێدەکرا، هەر هیچ نەبێت پارتیو سەرۆکەکەی، داوای لێبوردن لەخەڵکو بنەماڵەی سەردەشت عوسمان بکەن، چونکە لەژێر دەسەڵاتو رکێفی ئەواندا، کوڕە لاوێکی خوێن شیرین رفێنراو دواتر تیرۆرکرا. چاوەڕێدەکرا لێپرسینەوە لەبەرپرسە ئەمنییەکانی هەولێرو بازگەکانی نێوان هەولێرو موسڵ بکرایە، بەڵام بەداخەوە جگە لەپێکهێنانی لیژنەیەکی نهێنی، تائێستا هیچی دیکە نەکراوە. جگە لەبڵاوکردنەوەی ئەنجامی سەرەتایی، شتێکی جدی ئەنجامنەدراوە.

دوای تاوانی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان تەنیا لیژنەیەک پیکهێنراوە، بەڵام تەنیا بەپێکهێنانی لیژنە کێشەکە چارەسەرناکرێت. چونکە لەم هەرێمەدا چەندان لیژنە بۆ چەندان بابەت پێکهێنران، بەڵام جگە لەشێواندنو شاردنەوەی راستییەکان، شتیکی گرنگیان بەرهەمنەهێنا. بابەتی رێگریکردن لەئازادیی بۆچوونو تیرۆرکردنی رۆژنامەنووسانو قەبووڵنەکردنی دیدی جیاواز، لەوە گرنگترو سامناکترە، بەڕاگەیاندنی ئەنجامی سەرەتایی، بەپێکهێنانی لیژنەی نهێنی چارەسەربکرێن. دەردەکە لەوە قووڵترە.

ئێستا کاتی ئەوەیە گومانو پرسیار بەرانبەر بەخەمساردیو سستیی دەسەڵاتدارانی هەولێر بکەین لەمەڕ تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان. ئێستا ساتەوەختی لێپرسینەوەیە لەو حیزبو دەسەڵاتەی، کە لەسایەیدا، رۆژنامەنووسێک دەڕفێنرێتو تیرۆردەکرێت، بەڵام قەبووڵی ناکات، پرسیاری ئاراستە بکرێت. ئێستا دەرفەتە وەک شاهیدێک، چیرۆکی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان بگێڕینەوەو گومان لەهەموو ئەو درۆیانە بکەین، بەناوی ڕاستییەوە پیشاندەدرێن. چلەی سەردەشت عوسمان کەبڕیاروایە لەناوەڕاستی ئەم مانگەدا ئەنجامبدرێت، هەلیکە بۆئەوەی بەڵێن بدەین کەسەردەشت عوسمان لەبیرناکەین.

## دەلاقە

**نەجمەدین حەمەعەلی**

# لەپەراوێزی سەردانەکەی سەرۆکی هەرێم بۆ تورکیا

چەند رۆژێک لەمەوپێش لەسەر بانگهێشتی تورکیا مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەسەردانێک گەیشتە ئەنقەرەو لەگەڵ هەریەک لەرەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆک وەزیرو ئەحمەد داود ئۆغلۆی وەزیری دەرەوەدا کۆبووەوە. ئەم بانگهێشتکردنو سەردانەی بارزانی لەکاتێکدایە، کەپارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) پاش پێنج جار راگەیاندنی ئاگربڕ لەگەڵ دەوڵەتی تورکدا کەچی ئەم دەوڵەتە هیچ دەسپێشخەریەکی پۆزەتیڤی نەخستەڕوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەتورکیاداو ئامادەنەبوو کەمترین داخوازییە نەتەوەییەکانی پەکەکە لەبەرچاوبگرێتو گفتوگۆیان لەبارەوە بکات، سەرەڕای ئەمەش تورکیا بەردەوام بنکەو بارەگاکانی پەکەکەی لەناوچەکانی قەندیل بۆردومان کردووەو بەهیچ شێوەیەک بەتەنگ ئەو ئاگربڕانەوە نەبوو کە لەلایەن پەکەکەوە چەند جار راگەیەندران.

راستە لەئێستادا حیزبەکەی ئەردۆغان دەستی داوەتە هەندێک چاکسازی سەرەتایی، بەڵام هەموو ئەوانەی کە تائێستا کراونو لە داهاتووشدا دەکرێن تینویەتی نەتەوەیەک ناشکێنێت کەهەموو مافێکی نەتەوەییبوونی لێ قەدەغەکرابێت، ئەمانە تەنها بریتین لەکۆمەڵێک مافی سەرەتایی هەر تاکێکی جیاواز لەتاکی تورک لەتورکیادا. پێویستە ئەوەش بڵێین گەر پەکەکەو فشارەکانی نەبوایە، ئەوا شتێک بەناوی کوردو کێشەی کوردەوە لەتورکیادا بوونی نەدەبوو، نەک ئەوەی کەداخوازییەکانی کورد بخرێنە سەر مێزو گفتوگۆیان لەبارەوە بکرێت، پاش ئەوەی کەتورکیا چەندین جارو بەچەندین شێوەو بەهەموو هێزییەوە سنوورەکانی هەرێمی کوردستانی بەزاندو هەڵیکوتایە سەر پەکەکە، تەنانەت بەهاوکاری سیخوڕی ئەمریکاو ئیسرائیلیش نەیتوانی تۆزقاڵێک لەئیرادەو هێزی سەربازی پەکەکە کەمکاتەوەو لەهەموو ئەو کردەوە سەربازیانەدا بۆ سەر گەریلاکانی پەکەکە شکستیخوارد، لەئێستادا دەستەوسان ماوەتەوەو بەشوێن رێگەچارەیەکی تردا دەگەڕێ تابتوانێ بەسەر پەکەکەدا زاڵبێو کۆتایی بەو مەترسیە بێنێت کەپەکەکە بۆ دەوڵەتی تورکی دروستکردووە، بۆ ئەم مەبەستە لەئێستادا دەوڵەتی تورک بیری لەوە کردووەتەوە کە بیەوێ بەدەستی خودی کوردەکانی هەرێمی کوردستان کۆتایی بەقەندیل بهێنێت، ئەم بانگهێشتەی سەرۆکی هەرێمیش سەرەتایەکە بۆ جێبەجێکردنی ئەو پلانە گڵاوەی کە لەبیرکردنەوەی دەوڵەتی تورکدایە، بیرکردنەوەی دەوڵەتی تورک بۆ کۆتاییهێنان بەپەکەکە بە بەشداری کوردەکان خۆی لەدوو روانگەوە سەرچاوەی گرتووە، یەکەمیان ئەوەیە کە ئەم حیزبانەی باشووری کوردستان بەتایبەتی پارتیو یەکێتی لەسەردەمی شەڕی ناوخۆدا قەرزداری دەوڵەتو سوپای تورکیان، چونکە هەر ئەم سوپایە بوو کە لەشەڕی ناوخۆدا بەفڕۆکەو هێزی ئاسمانی پشتگیریو یارمەتی ئەم حیزبانەی دا دژی یەکتر، لە ئێستاشدا سەرۆکی یەکێک لەم دوو حیزبە سەرۆکی هەرێمی کوردستانە، بۆیە تورکیا بیری لەوە کردووەتەوە کەئیتر رۆژی ئەوە هاتووە کە پارتیو یەکێتی پاداشتی ئەو هاوکاریو پشتگیریانە بدەنەوە کە تورکیا لەشەڕی ناوخۆدا پێشکەشیکردوون، بانگهێشتکردنی بارزانیش لەسەر ئەم بنەمایەیەو بۆ دانەوەی هەموو ئەو قەرزانەیە کە لەسەر بنەمای موساوەمەکردنی نەتەوەیینو پێچەوانەی هەموو پرەنسیپو بنەمایەکی نەتەوەیيو نیشتمانین ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی ترەوە دەوڵەتی تورک چاک دەزانێت کەتەنها کوردەکانی باشوور دەتوانن بەسەر پەکەکەدا زاڵبن، چونکە ئاشنایە بەئەزموونی خۆخۆری ئەم نەتەوەیەو خۆشی دەستێکی باڵای هەبووە لەدرووستکردنی ئاژاوەو بەشەڕدانی کوردەکان لەباشووری کوردستاندا، ئەزموونی شەڕی ناوخۆی پارتیو یەکێتی نزیکترینو بەرچاوترین نمونەیەکی ئەم مەیدانەیە.

ئەم بانگهێشتکردنەی سەرۆکی هەرێمیش لەراستیدا تەنها بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم بابەتەیەو بەس، کەچی بەداخەوە دەبینین لەراگەیاندنەکاندا بەتایبەتی لەراگەیاندنەکانی پارتیو یەکێتیدا زۆر بەشانازیو سەرکەوتنەوە باسی ئەم سەردانەی بارزانی دەکەن وەک ئەوەی کە تورکیا خەڵاتێکی گەورەی کردبن، لەراستیدا ئەم سەردانەی بارزانی لەگەڵ ئەوەی کە بانگهێشت بووە، بەڵام لەناوەڕۆکدا سەردانێکی ئیختیاری نەبووە؟ گەر یەکێتیو پارتی لەرابردوودا تەسلیمی ئیرادەی دەوڵەتانی دراوسێو داگیرکەرانی کوردستان نەبوونایە ئەوا ئەمڕۆ نەئێران بەکەیفی خۆی ئەیتوانی تۆپبارانی هەرێم بکاتو خوێنمان برێژێت، نەتورکیاش داوای سەرکوتکردنی پەکەکەی لەسەرکردەکانمان دەکرد؟ گەر وانەبوونایە، ئەوا بەئیرادەیەکی کوردانەوە دەیانتوانی رووبەڕووی هەموو پێشێلکاریو داواکاریەکی لەو جۆرە ببنەوە، ئایا دەکرێ سەردانێکی لەم جۆرە شانازی پێوەبکرێت؟ هەرچەندە راگەیاندنەکانی پارتیو یەکێتی وا باسیاندەکرد کەتورکیا بارزانی بەفەرمی وەک سەرۆکی هەرێم بانگهێشتکردووە.. درێژە بۆ ل١٧

www.arsivakurdi.org